دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

دووشەممە ٢٩ی رەشەمە ١٣٩٠ ـ١٩ی مارس ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٧٩ | نرخ: ١٥٠ تمەن

### ئەمریکا پاپۆڕی دژە مین دەنێرێتە کەنداوی فارس

دەریادار «جاناتان گرینریت» لە وتەکانی خۆی لە کۆمیتەی خزمەتگوزاریی نیزامیی سەنای ئامریکادا رایگەیاند کە ئامریکا دەیهەوێ توانای هێزە شەڕکەرەکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی مینە دەریاییەکان لە کەنداوی فارسدا بەهێزتر بکا بۆ ئەوەی بتوانێ وڵامی هەڕەشەکانی ئێران لە بابەت داخستنی تەنگەی هورموز بداتەوە.

ئەم کاربەدەستەی ئامریکا گوتی کە چوار پاپۆڕی دۆزینەوەی مین بەرەو ئەم ناوچەیە دەنێردرێن تا بتوانن لە پەنا فڕۆکە دژەمینەکان کە لە ئاسمانەوە ناوچەکە دادەپۆشن، چالاکییان هەبێ.

### نەورۆزتان پیرۆز



# کوردستان بە پێشوازی نەورۆزی ژیانەوە و رابوون و ئازادییەوە دەچێ



خۆ ئامادە کردن بۆ پێشوازی لە نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵی کوردی، هەموو بەشەکانی کوردستانی داگرتوە. خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان، لە هەموو شارو گوندەکان، ئێوارەی سێشەمەی رابردوو(٢٣ی رەشەمە) بە بۆنەی چوارشەمەسوورییەوە ئاگریان کردەوە و شادییان نواند. کەرنەڤالی شادیکردنی لاوان بە تایبەتی و خەلک بە گشتی بە بۆنەی چوارشەمەسووری، جا ڕێکی دیکە سیمای شارەکانی گۆڕی و زایەڵەی دروشمی نیشتمانی و سروود و گۆرانیی کوردی و دیمەنی هەڵپەڕکێی کوردەواری، کەشوهەوایەکی خەباتگێڕانەی بە سەر رۆژهەلاتی کوردستان دا زاڵ کردەوە و هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی خستەوە خۆئامادەکردن و دۆخی تایبەت.

بە گویرەی ئەو زانیارییانەی بە «کوردستان» گەیشتوون ئەمساڵیش لاوان، لە زۆر لە شار و ناوچەکان بە نیازن وەک ساڵی رابردوو و تەنانەت بە شکۆتر لە سالان یادی نەورۆز بکەنەوە و لە یەکەم رۆژی بەهار دا ریورەسمی گەورەی هونەری و نەتەوەیی پێک بینن. ئەوان، لە پێشوازی نەورۆز و لە چوارچیوەی رێزگرتن لەم جێژنە نەتەوەیی و گشتییە دا، ئاڵای رابوون و ژیانەوە هەڵ دەکەن و پەیامی خۆیان کە داوای دنیایەکی بە دوور لە بندەستیی نەتەوەیی یە، بە گویی دوژمنانی ماف و ئازادییەکانیان دەگەیەنن.

لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، بە تایبەتی لە رۆژئاوا و باکووری کوردستان کە وەک رۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا بندەستن، رۆلەکانی نەتەوەکەمان خۆیان ئامادە کردوە تا ریورەسمەکانی نەورۆز، بکەنەوە بە دەرفەتێک بۆ نیشاندانەوەی یەکگرتوویی ریزەکانیان و بێزاری دەربڕین لە ستەم وزۆرداریی داگیرکەران و لیبڕاوییان بۆ خەبات تا گەیشتن بە رزگاری.

هەر لە پێشوازی نەورۆزی ٢٧١٢ی کوردیدا، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئێوارەی سێشەمەی رابردوو، ریورەسمێک بە بەشداریی تێکۆشەرانی دیموکرات و بنەماڵەکانیان پێک هات. بڕیاریش وایە لە کاتی نوێبوونەوەی ساڵدا، ریورەسمێکی تایبەت بە بۆنەی دەسپیکی ساڵی نوێ بەڕیوە بچێ.

مافی مرۆڤ



**راپۆرتی نوێی ئەحمەد شەهید و ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە کەمەنەتەوەکان هەیە**

٥

سیاسی



**ساڵی ١٣٩٠ بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵی قەیرانەکان بوو**

٦

کۆمەڵایەتی



**هاوسەرگیریی کاتی ڕێگە چارە نییە**

٦

بیروڕای ئازاد



**تاوانی کیمیابارانی هەڵبجە و ژینۆسایدکردنی پرسی کورد**

٨

پەیام

## پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز خالید عەزیزی



**هاونیشتمانە خۆشەویستەکان!**

**سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان!**

**بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدان! وە هەروەها بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی!**

بەبۆنەی نەورۆز جەژنی کۆنی کوردەواری پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم. هیوادارم ساڵی تازە ساڵێک بێ بۆ هەموو لایەکمان خێر و خۆشی تێدا بێ. لە ساڵی رابردوودا ئێمە بەگشتی هەموو لایەکمان لە مەیدانی جۆراوجۆر هەوڵمان داوە چ لە ئاستی ژیانی رۆژانە چ لە ئاستی جێبەجێ کردنی ئەرکە سیاسییەکانمان دا بچینە پێشێ. دڵنیام لە ساڵی تازەدا هەموو لایەکی ئێمە بە هیوا و ئومێدێکی زۆرەوە ساڵی تازە دەست پێدەکەین. هیوادارم بە لەبەر چاو گرتنی ئەزموونەکانی ساڵی رابردوو بتوانین ساڵی تازە و داهاتووی خۆمان بۆ خۆمان بەگشتی و بۆ نەتەوەکەمان بەتایبەتی دەوڵەمەندتر بکەین. لە ساڵی رابردوودا کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکەدا هاتە پێشێ. کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی جۆراوجۆر دژی ئیستبداد و دیکتاتۆری راپەڕین. هەروەها لە ساڵی رابردوودا مەسەلەی کورد بەگشتی چ لە عێراق، چ لە سووریە، چ لە تورکیە و تا رادەیەکی بەرچاویش لە ئێران بۆتە مەوزووعێک کە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی نەتەنیا ئینکار ناکرێ بەڵکوو وەک فاکتۆرێک هاتۆتە نێو مەوزووعەکان و کێشەکان.

لە ساڵی رابردوودا ئێمە شاهیدی خەبات و چالاکیی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بەگشتی دژی کۆماری ئیسلامی بووین و لەو پێوەندییەدا فەعالییەت و چالاکی و جموجۆڵی کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر چۆتە پێشێ و بەخۆشییەوە ئێستا پێ دەنێینە ساڵێک کە لەو ساڵەدا کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پتر تەریک کەوتۆتەوە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەرا و کێشەیەی کە لە رابیتە لەگەڵ پرۆژە ئەتۆمییەکەی دا دروستی کردوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی متمانەی پێ ناکا، فشار لەسەر ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ دا رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێ. هەروەها لە نێوخۆی وڵات کۆمەڵانی خەڵک رۆژ بە رۆژ پتر لەو حکوومەتە ناڕازی دەبن. بۆ تەواوی ئەوانەی کە فکر لە داهاتووی ئێران و چەند و چۆنی ئیدارەی ئێران دەکەنەوە، مەسەلەی ئەوەی کە یەکگرتوویەکی ئێرانی لە دژی کۆماری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا زیاتر دەبێ بە مەوزووع. هەروەها لەو پەیوەندییەدا حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش بە خۆشییەوە بە بەراورد لەگەڵ رابردوو هەنگاو دەنێنەوە بۆ وەی کە زبانی لێک حاڵیبوون پەرە بستێنێ و وردە وردە لە وەحدەتێکی نەتەوەیی بەهێز نزیک بینەوە.

ل ٤

## هیند: پێوەندیی نێوان تەقینەوەکانی هیند و تایلەند روونە

پۆلیسی هیند دوای بڕیاری دەسبەسەرکردنی سێ ئێرانیی لە پێوەندی لەگەڵ تەقینەوەکانی دەهلی نوێدا رایگەیاند پێوەندیی نێوان تەقینەوەکانی هیند و تایلەند روونە.

حوکمی گیرانی «هوشەنگ افشاری ئێرانی»، «سەید عەلی سەدری مەهدیان» و «محەمەدرەزا ئەبولقاسمی» سێ ئێرانیی بە تۆمەتی تەقینەوەکانی هیند لە کاتێکدا دەرچووە کە رەنگە ئێستا ئەو کەسانە گەڕابنەوە ئێران. لەم پێوەندییەدا پۆلیسی هند رایگەیاند «هوشەنگ ئەفشار» و یەکێک لەو کەسانەی کە لە سەر تەقینەوەکانی بانکۆک گیراوە پێوەندییان هەبووە.



٢٤ی ڕێبەندان تەقینەوەی ماشینێک لە پێتەختی هیندوستان بوو بە هۆی بریندار بوونی خێزانی دیپلۆماتکارێکی ئیسرائیلی و دوو کەسی هاوڕێی. هاوکات تەقینەوەیەکی دیکەش لە نزیک بالوێزخانەی ئیسرائیل لە گورجستان رووی دا.

رۆژێک بە دوای ئەمانەدا (٢٥ی ڕێبەندان) چەند تەقینەوەیەک لە بانکۆکی پێتەختی تایلەند رووی دا کە بەدوای تەقینەوەکان سێ ئێرانی گیران و تەنانەت یەکێک لەوانەی کە ئەنجامدەری تەقینەوەکان بوو هەرتک لاقی لە دەست دا. پۆلیس تایلەند دوای دەسبەسەر کردنی ئەو ئێرانیانە رایگەیاند ئامانجی ئەم تەقینەوانە تیرۆری دیپلۆماتکارانی ئیسرائیلی لە تایلەند بووە.رۆژی ١٧ ی رەشەممە هیندییەک بە ناوی محەمەد کەزمی کە بۆ یەکێک لە ئاژانسە هەواڵدەرییەکانی ئێران کار دەکا لە پێوەندی دەگەڵ تەقینەوەی ماشێنەکەی باڵوێزخانەی ئیسرائیل دەسبەسەر کرا.

## سویفت خزمەتە بانکییەکانی بە ئێران، پچڕاند

«ئەنجومەنی پێوەندییەکانی نێوان بانکەکانی جیهان» کە ناوە کورتەکەی «سویفت»ە، رۆژی پێنج شەممە ١٥ مارس لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاند، سەرجەم خزمەتە بانکییەکانی خۆی بۆ ئەو بەشە لە بانکەکان و ناوەندە داراییەکانی ئێران کە دەکەونە ژێر گەمارۆکانی ئوروپا و ئەمریکا، لە رۆژی ٢٧ی رەشەممەوە دەپچڕێنێ.

لازارۆ کەمپۆس، بەڕیوەبەری جێبەجێکردنی سویفت، لەم بارەیەوە گوتی بڕیاری یەکیەتیی ئوروپا سویفتی مەجبوور کرد ئەوانیش پێوەندییەکانی خۆیان دەگەڵ بانکەکانی ئێران بپچڕێنن.

ناوبراو گوتیشی پچڕانی پێوەندیی بانکەکان، هەنگاویکێ زۆر باش و بێ وێنە بۆ سویفتە. ئەو کارە لە ئاکامی راستەوخۆی کردەوە نێونەتەوەیی و چەند لایەنەکان بە مەبەستی چڕتر کردنەوەی گەمارۆ داراییەکان لەدژی ئێران ئەنجام دراوە.

ئەو کردەوەیەی سویفت بۆ پچڕاندنی پێوەندی لەگەڵ بانک و دامەزراوە داراییەکانی ئێران دوای بڕیاری ئەم دواییانەی شۆڕای یەکیەتیی ئوروپا دێتە ئاراوە کە پەرەی بە دەست بە سەر داگرتنی سامانەکانی ژمارەیەک لە کەس و بنیاتەکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی ناوکیی ئێران داوە.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کەڵک لەو سیستەمە وەردەگرێ و پچڕاندنی پێوەندی لەگەڵ سویفت دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێران یەکێک لە رێگە سەرەکییەکانی بازرگانی لە جیهاندا لە کیس خۆی بدا. بانکە ئێرانییەکان بەشێکی گەورە لە مامەڵە بازرگانییەکانی خۆیان لە رێگەی ئەو سیستەمەوە ئەنجام دەدەن.

بە پێی ئەو راپۆرتە لە ساڵی ٢٠١٠ دا، لانیکەم ١٩ بانک و ٢٥ دامەزراوەی سەر بە ئێران، ٢ ملیۆن دۆلار مامەڵەی پووڵی و دارایی دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیان لە رێگای ئەو سیستەمەوە ئەنجام دابوو.

بانکەکانی سادرات، پۆست، میللەت و سپا کە لە لایەن ئەمریکاوە بە هۆی پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکەی ئێران و پشتیوانی لە تیرۆریزم گەمارۆیان خرابووە سەر، چی دیکە ناتوانن پێوەندییان لە گەڵ سویفت هەبێ.

## رۆژژمێری «کوردستان»

**ئەمساڵیش رۆژنامەی «کوردستان» لە پێشوازی نەورۆز دا رۆژژمیری ساڵی تازەی وەک دیارییەک بۆ ئۆگران بلاو کردەوە.**

**ئەم رۆژژمێرە لە قەوارەیەکی بچووکتردا بۆ ئۆگرانی میدیای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئامادە و بڵاو بۆتەوە.**



## بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ تاوتوێی پرسی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب




**کومیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی تاوتوکردنی پرسی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و خەسارناسیی بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا سمینارێکی پێک هێنا.**

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ ی ڕەشەممە و بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتبوو، سمایل شەڕەفی و حەسەن شێخانی، ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕات و خالید محەممەدزادە لە سێ گۆشە نیگای جیاوازەوە ئەو بابەتەیان تاوتوی کرد.

سمایل شەڕەفی، یەکەم گۆڕگێری ئەو سمینارە لە سەرەتای باسەکەیدا بە ئاماژە بە سیاسەت و هەڵوێستی تەحریمی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەتی تەحریمی بە هەڵوێستیکی بەجێ و شیاوی سناریۆی هەڵبژاردنەکان لە ئێران ناو برد و ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تێڕوانینی سیاسییەوە بە نیسبەت هەڵبژاردنەکان هەڵویستی گرت و خەڵکی کوردستانیش چ بە بەشداری کردنیان و چ بە خۆبواردنیان لە بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا بەرهەڵستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بوونەتەوە.

شەرەفی لە باسەکەیدا بە ئاماژە بە هۆکارە پاڵنەرە و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کەشی هەڵبژاردن لە شار و ناوچە جیاکانی کوردستان ئەنگیزە و مەبەستی خەڵکی ئەو ناوچانەی بۆ بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکان یان بایکۆتی هەڵبژاردنەکان شی کردەوە.

خالید محەممەدزادە، کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو سمینارە بە ئاماژە بە ئازاد نەبوون، نادیمۆکڕاتیک بوون و شەففاف نەبوونی پرسی هەڵبژاردنەکان لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە ڕاستە خەڵک لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەدا بەشدارییان پێ دەکرێ، بەڵام هەڵبژاردن لە ئێران وەک چەمکێک تەنیا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا کەلکی لێ وەرگیراوە.

محەممەدزادە بە ئاماژە بە بەشداریی بەرچاوی هیندێک لە شارەکانی کوردستان لەو هەڵبژاردنانەدا ڕایگەیاند کە بەشداریی خەڵکی کوردستان لەو شارانە لە هەڵبژاردنەکان نە بە مەبەستی شەرعییەتدان بە کۆماری ئیسلامی بەڵکوو بە مانای دەنگی دژ بە سیاسەتی هەڵاواردن و ڕەدکردنەوەی سیاسەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بووە.

حەسەن شێخانی، سێهەم کۆڕگێڕی ئەو سمینارەش لە باسەکەی خۆیدا تیشکی خستە سەر ململانێی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا و ئاماژەو بەوە کرد کە ئەو هەڵبژاردنانە لەبەریەک وەستانی ڕێژیم و دەسەڵاتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی و دژبەرانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بوو.

شێخانی لە شیکردنەوەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کەبەشداری لە هەڵبژاردنەکان ناتوانێ بە مانای شەرعییەتدان بەو دەسەڵاتە سیاسییە بێ کە هەڵبژاردنی لە مانا و نێوڕۆکی خۆی بەتاڵ کردۆتەوە.

لە دوایین بەشی سیمینارەکەدا کۆمەڵێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕاو و بۆچوون و سەرنجی خۆیان لە پیوەندی لە گەڵ باسەکانی سمینارەکە و هەروەها پرسی هەڵبژاردنەکان لە ئێران و کوردستان خستە ڕوو.

## سەردانی هەیئەتێکی حدک لە مەڵبەندی سێی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان



**هەولێر: هەیئەتێکی حدک لە شاری هەولێر سەردانی مەڵبەندی سێی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی کرد.**

ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی ڕەشەمە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان ئیقباڵ سەفەری، برایم زێوەیی، حەسەن حاتەمی و حەمە ڕەسووڵ کەریمی بە بۆنەی دەست بەکار بوونی لێپرسراوی مەڵبەندی سێی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، سەردانی ئەو مەڵبەندەیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی مەڵبەندەوە پێشوازیان لێ کرا. هەیئەتی حیزب پیرۆزبایی لە دەست بەکار بوونی بەرپرسی ئەو مەڵبەندە کردو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی. لەم دیدارەدا دوو لایەن باسێکیان لە پێوەندییەکانی نێوان حدک و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کرد و خوازیاری پێوەندیی گەرموگوڕی هەر دوو لا بوون. کاک سەعدی ئەحمەد پیرە وێڕای خۆشحاڵی و بەخێرهاتنی هەیئەتی حیزب ئامادەیی خۆی دەربڕی کە لە داهاتوودا پێوەندییەکانی نێوان دوو لایەن پتەوتر بێتەوە.

شایانی باسە کە هەیئەتی هەر دوو حیزب باسێکیان لە سەر گرێدراوی چارەنووسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و گیرانی بەم زووانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بۆ گوتاری هاوبەش بە بەشداری هێزە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان کرد.

## سەردانی نوێنەری B.D.P لە دەفتەری پێوەندییەکانی حدک لە هەولێر



**نوێنەری پارتی ئاشتی و دێموکراسی، B.D.P سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حدک لە هەولێری کرد.**

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٤ ی ڕەشەممە کاک محمد علی، نوێنەری پارتی ئاشتی و دێموکراسی، B.D.P لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن برایم زێوەیی، ئەندامی ڕێبەریی و نوێنەری حیزب لە هەولێر پێشوازی لێ کرا.

لە دیدارێکی نوێنەری حیزبی دێموکڕات و نوێنەری B.D.P دا پرسی بەهێز کردنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان حیزبی دیموکرات و B.D.P و هەروەها پرسەکانی پێوەندیدار بە باکوور و ڕۆژهەڵآتی کوردستان خرانە بەر باس و لە سەر پرسی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و گرینگی ئەو کۆنگرەیە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا، کە قەرارە بەبەشداریی هەموو حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان پێک بێ.

## لە بنکەی دەفتەری سیاسیی ح د ک سمینارێک بە بۆنەی ٨ ی مارس بەڕێوەچوو





**کوردستان: یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان سمینارێکی بەڕێوە برد.**

لەو سمینارەدا کە بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ ی ڕەشەممە بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو، لە لایەن حەلیمە ڕەسووڵی و ڕۆژە عەزیزی، ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان و عەلی بداغی، ئەندامی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە لە سێ باسی جیاوازدا تیشک خرایە سەر بارودۆخ و بزووتنەوەی ژنانی ئێران و کوردستان لە ئێستادا.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس لە لایەن گەلاوێژ پەیرەوان، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانەوە خوێندرایەوە. دواتر هەر کام لە کۆڕگێڕانی سمینارەکە باسەکانی خۆیان پێشکیش کرد.

حەلیمە ڕەسووڵی لە باسەکەی خۆیدا ئاماژەی بە سێ شەپۆلی فیمینیسم و تایبەتمەندی و کاریگەریی شەپۆلەکانی فیمینیسم لە سەر خەباتی ژنان و جۆری تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژنان و بارودۆخی ئەوان کرد.

ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لە بەردەوامیی پۆلێن کردنی جۆر و قۆناغەکانی فێمینیسمدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە فیمینیزم وەکو بزووتنەوەیەکی گرینگ و بەردەوام بۆ ماوەی زیاتر لەسەدەیەک بووە هۆی ئەوەی کە چەندین شێواز بێنێتە ئاراوەو هەر یەکەیان ئاراستەی جیاواز و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەبوو، وەک ڕادیکال، مارکسیستی، سوسیالیستی، لیبراڵ و ئانارشیستی و هتد... کە ئەمانەش هەریەکەیان هەڵگری بۆچون و گوتاری تایبەت بە خۆیانن.

کۆرگێڕیکی دیکەی ئەو سیمنارە عەلی بداغی، ئەندامی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات بوو کە لە باسەکەیدا خەسارناسیی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ژیان و واقعی ئەوڕۆی ژنانی ئێران و ڕۆڵ و بەرپرسیارەتیی ناوەندە حکومییەکانی لەو پێوەندییەدا کرد.

عەلی بداغی بە ئاماژە بە کۆمەڵە دیاردە و خەسارێکی کۆمەڵایەتیی ئێستای کۆمەڵگای ئێران، وەک هەژاری، بێکاری، ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان، تەڵاق، خۆکوژی و خۆ سووتاندن، ژنانی سەرپەرستی خێزان و قاچاغی ژنان لە ئێران کاریگەریی ئەو خەسار و زیانە کۆمەڵایەتییانەی لە سەر ژنانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان لێک دایەوە.

دوایین کۆڕگێڕی ئەو سمینارە ڕۆژە عەزیزی، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو کە باسەکەی بۆ تیشک خستنە سەر دیاردەی کاری ژنان و ژنان لە مەیدانی کاردا تەرخان کردبوو.

ڕۆژە عەزیزی لە باسەکەیدا بارودۆخی کۆمەڵگای ئێران بۆ کارکردنی ژنانی تێدا شی کردەوە و بە ئاماژە بە سیاسەتی هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی لە خولڤاندنی هەلی کار بە نیسبەت ژنان ڕایگەیاند کە بە سەرنجدان بەو هەلومەرجەی کە لەم سی ساڵەی دواییدا باڵی بە سەر ئێراندا کێشاوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین زەربەیان لە بواری کارکردن لێ دراوە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگادا کەمڕەنگ کراوەتەوە.

لە بەشی کۆتایی ئەو سمینارەدا چەند بەشداربوویەک ڕاو و سەرنجی خۆیان لەبارەی باسەکانەوە هێنایە بەر باس.

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێک لە یادی ٨ی مارس دا لە دەرەوەی وڵات

**سوئێد:**

**ڕۆژی شەممە، ٢٠ ی ڕەشەممە کۆنفڕانسێکی یەک ڕۆژە بە بۆنەی ٨ی مارس، لە لایەن کۆمیتەی دەرەوە ی وڵات و کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانەوە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو.**



لە سەرەتای ئەو بەرنامەیەدا کە بە سرودی یەکسانی دەستی پێ کرد، لەلایەن گوڵاڵە شەڕفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە مەبەستی کۆنفرانسەکە شی کرایەوە و دواتر شوعلە قادری بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ئامانجی سەرەکیی هەڵبژاردنی تەوەری بەشداریی ژنانی کورد لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگای تاراوگە وەک باسی ئەوساڵی ڕوون کردەوە. ناوبراو گرینگی ئەو باسە، دیتنەوەی گرفتەکان، هاندانی ژنانی کورد و ناساندنی هێما سەرکەوتووەکانی لەم بوارەدا خستە بەرباس.

لەو کۆبوونەوەیەدا خاتوو مارێلێن هاس، سکرتێری سوسیال ئەنتێرناسیۆناڵی ژنان لە باسەکەی خۆی دا لە سەر چۆنیەتی کاری ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنالی ژنان دوا و هەر وەها باسی پێوەندییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و ڕێکخراوەی سۆسیال نەنتێرناسیۆنالی لە ٢ ساڵی ڕابردوودا کرد. ناوبراو لە درێژەی لێدوانەکەی دا باسی ئەو بەرنامانەی کرد کە ڕێکخراوی سوسیال ئەنتێرناسیونال خەریکە بۆ باس لە سەر ژنانی کورد و یەکگرتوویی ئەوان بەڕێوەی بەرێ و هەروەها لە سەر مەسەلەی کوردەکانی باکوور و پشتگیریی ڕێکخراوەکەی لە خەباتەکەیان دوا.

شادیە حەیدەری، ئەندامی پارلمانی سوئێد لە سەر لیستی حیزبی سوسیال دێموکڕاتی سوئێد یەکێکی دیکە لە وتاردەرانی بەرنامەکە لە باسەکەی خۆیدا ئاوڕدانەوەیەکی هەبوو لە سەر چۆنیەتیی کار کردنی خۆی لە مەیدانی سیاسیی کۆمەڵگای سۆئێد و دواتر ئاماژەی بە چۆنیەتیی هاندانی ژنان یان هاوکاریی ژنان بۆ بەشداری لە کاری سیاسیدا کرد.

کۆڕگێڕی سێهەمی ئەو بەرنامەیە کوێستان گادانی، بەرپرسی پێوەندییە بیانییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتانی سکاندیناوی، باسێکی لە ژێر سەردێڕی ئەرک و ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە بەشداری و چالاکیی ژنی کورد لە مەیدانی سیاسەت لە تاروگە دا، پێشکەش کرد.

کوێستان گادانی سەرەتا باسی لە پێناسەی چەمکی هاووڵاتیی چالاک و مەیدانی چالاکی و شێوەی چالاکی شارۆمەند لە پەیوەندی لە گەڵ کۆمەڵگای دیموکراتیک و نادیمۆکڕاتیکدا کرد و پێکهاتەی ژنانی تاراوگە، تێکەڵاویان لە کۆمەڵگای تاراوگەدا، لاوازییەکان لە هەبوونی دەنگی ژنان، پاشکۆیی ڕێکخراوەکانی ژنان، چۆنیەتیی دامەزران یا پێوەست بوون بە ڕێکخراوی سەربەخۆ و پلەتفۆرمی کاری هاوبەش بەشەکانی دیکەی باسەکەی خاتوو گادانی بوون.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەحمد عەزیزی چاودێری سیاسی، باسێکی لە ژێر سەردێڕی دەسەڵات و یەکسانیی ڕەگەزی و گرفتەکانی لە تاراوگە و کۆمەڵگای سیاسی کورد دا، پێشکەش بە بەشداران کرد.

ئەحمەد عەزیزی لە باسەکەی خۆی دا ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە دابەشینی کۆمەڵگا بە ژن و پیاو هەڵەیە، بەڵکوو دەبێ کۆمەڵگا چاو لە هەموو ئیسانێک وەک مرۆڤ بکا و لە وەها چاو لێکردنێکدا چۆنییەتی کار کردن بۆ دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی و یەکسانی لە کۆمەڵگادا هێنایە بەرباس.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا و لە بەشی پرسیارو وڵام دا دەرگا بەسەر بەشداران دا کرایەوە کە ڕاو و بۆچوون و پرسیارەکانی خۆیان بێننە بەر باس و لە لایەن کۆڕگێڕانەوە بە گوێرەی پێویست وڵام و ڕوون کردنەوەی زیاتر وەربگرنەوە.

شایانی باسە کە نێو ئاخنی کۆنفرانسەکە بە تەکنەوازی مۆسیقی، گۆرانی، شێعر، فیلمی دێکۆمێنتی، نیشان دانی جلو بەرگی کوردی و هەڵپەرکێی گرووپێکی هەڵپەرکێی باکووری کوردستان (کۆما جوان) ڕازاندرابۆوە کە لە گەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەوروو بوون.

لە دوا بەشی بەرنامەکاندا حەسەن حاتمی، ئەندامی ڕێبەری و ئەندامی کۆمیتە دەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆبەندی باسەکانی کۆنفرانسی پێشکەش کرد و ئیوارەی ئەو ڕۆژە بە خوێندنەوەی سپاسنامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن خاتوو شلێر حەسەنپور، ئەندامی دەستەی بەڕیوەبەری کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنان کۆتایی بە بەرنامەکان هات.

# گیرانی چەند کەس لە چالاکانی کورد لە ڕۆژی ٨ ی مارس دا




**سنە:**

چەند کەس لە چالاکانی کـورد لـەلایـەن هـیـزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە شـاری سنە قۆڵبەست کران.

هـەواڵـدەری موکریان بـڵاوی کـردەوە کـە بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنی شاری سنە لە بانگەوازێک دا داوایان لە خەڵک کرد بۆ ڕێز گرتن لەو ڕۆژە ڕێپێوانێک بەرێوە بەرن. بەڵام هێزەکانی ڕێژیم لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ١٨ی ڕەشەممە کاتێک خەڵک دەیانهەویست ڕێپێوانەکە دەست پێ بکەن پێشی بەوان گرت و هێزە ئینتزامی و ئەمنیەتیەکانی ڕێژیم بڵاوەیان بە خەڵک کرد.

شایانی باسە کە ئەو هێزانە نزیکەی ١٠ کەسیان دەستبەسەر کردوە کە ٥ کەس لەوان ژنن.

# بەڕێوەچوونی ساڵیادی شیمیایی باران کرانی هەڵەبجە لە زانکۆی پەیام نووری مەریوان

بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی ڕەشەممە لەزانکۆی پەیام نووری مەریوان کۆڕێک بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی شیمیابارانی شاری هەڵەبجە بەڕێوە چوو.

خوێندکارانی ئەو زانکۆیە لە کاتێکدا زووتر لە وادەی ٢٥ ی ڕەشەممە، سـاڵـڕۆژی بۆمـبـاران کرانی حـەلـەبـجـە ئـەو کـۆڕەیـان بەڕێوە برد کە پێشتر داوای بەڕێوەچوونی ئـەو کۆڕەیان لە لایـەن سـەرۆکایەتیی زانکۆ و نـاوەنـدە ئەمنیەتییەکانی مەریوان ڕەد کرابۆوە و هەر بۆیە خوێندکاران بە ناچار و بە بێ مۆجەوزی قانوونی ئەو کۆڕیادەیان بەڕێوە برد.



ئەو کۆڕیادە سەرەتا بە یەک دەقە وەستان بە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هەموو شەهیدانی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی هەڵەبجە دەستی پێ کرد و دواتر بەیانییەی خوێندکارانی زانکۆی مەریوان بەو بۆنەیە خوێندرایەوە.

لەبەشێکی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە ژینۆسایدی هەڵەبجە ئەگەرچی دڵتەزێن بوو، بەڵام ئەوەی بە جیهان و ڕۆلەکانی ئەمڕۆی سەلماند کە هەرگیز نەتەوەی کورد لە بەرانبەر هیچ زەبر و زۆر و قەڵاچۆکردنێک ملکەچی دیکتاتۆرەکان نابێ و بە تەواوی لە مەیدان دایە و ئەم کارەساتە ئەوەی سەلماند کە کورد بەوپەڕی بێ دەسەڵاتییەوە بەدواداچووی مافی خۆیەتی و تا دەستەبەر بوونی مافەکانی خۆی دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵ ناگرێ.

گێڕانەوەی مێژوویی ئەم کارەساتە و شیکردنەوەی تراژێدیایی هەڵەبجە بۆ ئامادەبووان و خوێندنەوەی چەند پەخشان و بەرهەمی ئەدەبی چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

لە کۆتایی ئەو کۆڕیادەدا سرووودی «دنیا خەمە، ژیان ژانە بۆشارەکەی بەهاری سوور» بە بەشداریی سەرجەم ئامادەبووان خوێندرایەوە.

# دیداری هەیئەتێکی کومیتەی سوئیس لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی ئەو وڵاتە



هەیئەتێکی کومیتەی حـیـزبـی دێـمـۆکـراتـی کـوردسـتـان لـە سوئیس بـە سـەرپـەرستیی گوڵاڵە شـەرەفـکـەنـدی، ئـەندامی کومیتەی ناوەندیی حدک ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٥ ی ڕەشەممە لـە پارلمانی سـوئـیـس لـە بـێـرن لـە گـەل هـەیـئـەتـێـکی پارتی سۆسیالیستی ئـەو وڵاتـە پێکهاتوو لە پیتێر هـۆگ، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سۆسیالیستی سـوئـیـس و کـارلـۆ سـامـاراگـۆ هاوسەرۆکی گرووپی کاری پارلمانی سوئیس و کوردستان لە دوو دانیشتنی جیاوازدا، دیدار و گفتگۆیان کرد.

هـەیـئـەتـی حیزبی دێـمـوکـراتی کـوردسـتـان لـەو سـیـدارەدا لـە سـەر گرینگی پێوەندیی نـێـوان دوولایـەن پێداگری کرد و بە لە بەر چاو گرتنی ئـەوەی کە وڵاتـی سویس، خانەخوێی کۆبوونەوەکانی شووڕای مافی مرۆڤی نـەتـەوە یەکگرتووەکانە، داوا کرا کە حیزبی سۆسیالیستی سویس لەبابەت لە قاودانی پێشێل کردنی بەرچاوی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران دا دەور و ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و هەروەها ڕێگا نەدا کە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا فیدای وتووێژ لە سەر کێشەی ناوکیی ئەو وڵاتە بکرێ .

هـەر لـەو دیـدارانـەدا حیزبی سـۆسـیـالـیـسـت بـاسـی گـرتـنـی ٢ کۆنفرانسی بۆ باس لە سەر مەسەلەی ڕەوەندی کورد و دۆزینەوەی ئامرازێک بۆ هاندانی بەشداریی زۆرتر کوردەکان لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگای سوئیسدا هێنایە پێشێ و لـە بـەرنـامـەڕێژی بۆ یەکێک لەو کۆنفرانسانە داوای هاوکاری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا.

# کرانەوەی پێشانگایەک لە ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستاندا





یەکیەتیی ژنـانـی دیـمـوکـراتی کـوردسـتـان بـەبـۆنـەی سـاڵـڕۆژی دامەزرانی ئەو یەکیەتییە پێشانگایەکی وێنەیی بۆ دوو هونەرمەندی ریزەکانی حیزبی دێموکرات کردەوە.

پێشانگاکە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٤ ی ڕەشـەممە لە بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێـموکراتی کـوردسـتـان لە لایەن خاتوو عیسمەت نستانی، یەکێک لە ئەندامە دێرینەکانی یەکیەتیی ژنان کرایەوە کە بۆ دوو هونەرمەندی نێو ریزەکانی حیزبی دیمۆکرات پێک هاتبوو.

لـەو پێشانگایەدا هونەرمەندان خاتوو مەریوان عەبباسی و شەفیع محەممەدپوور چەند تابلۆیەک لە بـەرهـەمـەکـانی خـۆیـان خستە بەر چاوی بینەران.

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی هەشتەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی گەلی کوردی سووریە لە سلێمانی

لەشاری سلێمانی و بەئامادەبونی ژمارەیەک لە کوردانی سووریەی دانیشتووی شاری سلێمانی، هەشتەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی ١٢ ی ئاداری ڕۆژئاوای کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا چەند کەسایەتییەکی کوردی سووریە لە چەند بارودۆخی بزووتنەوەی کورد لە سووریەیان تاوتوێ کرد و پێیان لە سەر پێویستیی یەکدەنگی و یەکڕیزیی کوردانی سووریە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان داگرتەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ڕاپەڕینی ١٢ ئاداری ساڵی ٢٠٠٤ کوردانی سووریە پیشان درا.

# پێکهاتنی کۆڕێک لە شاری کۆیە بە بۆنەی ٨ی مارسەوە





پـێـشـنـیـوەڕۆی ٨ی مـارس، بـە دەسپێشخەریی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گـەلاوێـژ لـە هـۆڵـی نەجیبە خاتوونی شاری کۆیە، کۆڕێک بە بۆنەی ٨ی مارس ، ڕۆژی جیهانیی ژنان بەڕیوە چوو. لەم کۆڕە دا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خانمان و پیاوانی شاری کۆیە و چەندین ژن و پیاوی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بـەشـدار بـوون، باسێک لـە لایـەن کوێستان فـتـوحـی، چـالاکـی بـواری ژنـان و ئـەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشکەش کرا.

لـە سـەرەتـای کـۆڕەکـە دا، پەیامی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گـەلاوێژ لقی کۆیە بـەم بۆنەیە لە لایەن قارەمان لەشکری بەرپرسی بنکـەی گـەلاوێـژ پێشکەش کرا. دواتر کوێستان فتوحی بـاسـەکـەی خـۆی دەسـت پـێـکـرد. نـاوبـراو،وێـڕای ئـاوڕدانـەوە لـە کـورتـە مێژووی ٨ی مارس، باسەکەی لە سەر ناوەرۆکی دوو بەڵگەنامەی جیهانیی پیوەندیدار بە مافەکانی ژنان، چڕ کردەوە. ئەم دوو بەڵگەنامەیە بریتی بوون لە ١- کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان لە دژی ژنان ٢- بەیاننامەی پێشگیری لە توند و تیژی دژ بە ژنان. کۆڕگێر ڕوونی کردەوە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو نایەکسانی و بێمافییانەی ژنان خەباتیان لە دژی دەکەن، لەو دوو بەڵگەنامە جیهانییە دا هاتوون. هەر لە چوارچیوەی ئەو باسە دا جۆرەکانی جیاوازیدانان و جۆرەکانی توند و تیژی کە ژنان لە بنەماڵە و لە کۆمەڵگە دا لە گەڵیان بەرەوروون، شی کردەوە. هەر وەها بەراوەردێکی لە نێوان دوو وڵاتی ئێران و هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاسایی و کولتوورییەوە هێنایە گۆڕێ و ئاماژەی بەوە کرد کە لە وڵاتی ئێران، قانوونەکان سەرچاوە و ڕێخۆشکەری جیاوازیدانان بە زیانی ژنانن، بەڵام کولتووری پێشکەوتنخوازانە کە لە نیو زۆر چین و توێژی کۆمەڵدا هەیە، هاندەرە بۆ دژایەتیی ئەو قانوونانە و پشتگیریی خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان. بەڵام لە عێراق و بە تایبەتی لە هەریمی کوردستان، لە گەڵ ئەوەی قانوونەکان لە پیوەندی لە گەل ژنان دا لە قانوونەکانی ئێران پێشکەوتووانەترن، بەڵام کولتووری پیاوسالارانە و دواکەوتووانە، ڕێگرە لە بەرامبەر جێبەجێبوونی یاساکان و کوسپە لە سەر ڕیی خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان دا. کۆڕگێڕ، لە کۆتایی باسەکەی دا،خەبات بۆ نەهێشتنی نابەرابەریی و هەلاواردنی بە ئەرکی گشتی(ژن و پیاو)دانا و هیوای خواست بزووتنەوەی ژنان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە بەشداری و هاوکاریی پیاوانی دیموکرات و پێشکەوتنخواز، بەرەوپێش بچێت.

لە درێژەی ئەم کۆڕەدا، خاتوو سوهەیلا قادری، شاعیر و ئەندامی ڕیبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چەپکێک لە شێعرەکانی خۆی بۆ ئامادە بووان خوێندەوە، هەر لەم بۆنەیە دا،ڕێبەر سەید برایم نووسەر و تێکۆشەری دێرین، دەقیکی ئەدەبیی خۆی کە تەرخان کرابوو بۆ هەلوێستی نیشتمانپەروەرانەی خاتوونێکی شاری کۆیە، بۆ ئامادەبووان خویندەوە.

# خۆپیشاندانی کوردەکانی ڕۆژئاوا لە هەولێر

سـەدان کەس لە کوردەکانی ڕۆژئـاوای کوردستان لە ساڵیادی یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانی قامیشلۆ، خۆپیشاندانێکیان لە شاری هەولێر بۆ بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سازکرد و داوای ڕووخانی ڕژیمی بەشار ئەسەدیان کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکانی باشووری کوردستان بەسەدان کەس و کەسایەتیی ئەدەبی و ڕووناکبیری و سیاسیی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، لەرو خۆپیشاندانەدا دژایەتیی خۆیان بۆ سەرکوتی خوێناوی و توند و تیژی خۆپیشاندەران و خەڵکی ڕاپەڕیوی کورد لە سووریە لەلایەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە دەربڕیوە.

شایانی باسە کە لـەو خۆپیشاندانەی کووردەکانی ڕۆژئـاوای کـوردسـتـان کـە ١٥ پـارتو لایـەنـی سیاسی تێیدا بـەشـدار بـوون، بڕیارنامەیەکی ٦ خاڵی ڕادەستی نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لـە هەولێر کـراوە و پۆلێک لـە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کردستانیش بە بەشدارییان لەو خۆپیشاندانەدا پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە خەبات و تێکۆشانی کوردەکانی سووریە ڕاگەیاندوە.

# دوو چالاکیی کومیتەی حدک لە بریتانیا بە بۆنەی ٨ ی مارس

بەهاوکاریی پارتی دێموکراتی کوردستان، یـەکـیـەتـی نیشتیمانیی کـوردسـتـان، حیزبی دێـمـوکـراتـی کـوردسـتـان، پـارتـی یـەکـیـەتـیی کوردستان سوریە و مەلبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە بەشداری کـۆمـەڵـێـکی زۆر لـە کوردستانیانی دانـیـشـتـووی شـاری لـەنـدەن و دەوروبـەری بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی ٨ی مـارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان بەڕێوە چوو.



لـەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای پـەیـامـی هـێـز و لایەنەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیە، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن فەریدون مەعروفی، بەرپرسی پیوەندیە کوردستانییەکان لە بریتانیا خوێندرایەوە.

کومیتەی حدک لە بریتانیا لە چالاکییەکی دیکـە بـە هـاوکـاریـی دەنـگـی سـەوز ڕۆژی پێنجشەممە، ٨ ی مارس لە مەیدانی ترافالگار سکوێر و لەبەر دەمی موزەخانەی ناشنال گالری لە لەندەن خۆپیشاندانێکیان بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان بەڕێوە برد.

لەو خۆپیشاندانەدا بە دانی دروشم پشتیوانی لە مافی ژنان کرا و هەروەها خۆپیشاندەران بە هەڵگرتنی وێنەی ژنانی ئیعدامی و زیندانیانی ژن سەرنجی دەوروبەریان بۆ لای کێشەی ژنان لە ئێران ڕاکێشا.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە نۆروێژ



ئـێـوارەی ڕۆژی شـەمـمـە،١٣ی ڕەشەممەی ١٣٩٠ی هەتاوی،بەرامبەر بە ٣ی مارسی ٢٠١٢ی زایینی لەلایەن یە کیە تی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆروێژ ئاهەنگێک بۆ ڕێز گرتن لە خەباتو فیداکاریی ژنان بەرێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب، لەلایەن کۆرسی سرودی یەکیەتیی لاوانـی دێمۆکراتی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان دەستی پێکرد، ئینجا بـۆ ڕێـز گـرتـن لـە شـەهـیدانی کوردستان بەگشتیو ئەو ژنە قارەمانو چاونەترسانەی بە فیدا کردنی گیانیان لە پێناو ئامانجەکانیان دا سڵیان نەکردوە ساتێک بێدەنگی ڕاگەیەندرا.

بەرێز خوشکە حەلیمە ئیسماعیلی ژنە تێکۆشەری دێرینی یەکیەتیی ژنان مۆمی ٨ی مارسی داگیرساند.

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کـوردسـتـان لـە نـۆرویـێـژ لـە لایـەن خـاتـوو مـەحـبـوب ڕەحیمی بەرپرسی ئـەو یەکیەتییەوە پێشکـەش کـرا، لە پەیامەکەدا کورتەیەک لە خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیانو هەروەها مێژووی ناسینی ٨ی مارس وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان تیشکی خرابووەسەر.

پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لـە نـۆرویـێـژ لـە لایـە حوسـێـن حاجی ئەحمەدی جێگری بەرپرسی کۆمیتە لەو وڵاتەوە خوێندرایەوە،

سـەیران مەعروفی بەرپرسی یەکیە تی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پـەیـامـی ئـەو یـەکـیـەتـییـە پێشکـەش بە بەشداربوانی جەژنی ٨ی مارس کرد.

ئـیـنـجـا خـاتـوو بـەیـان عـەبـاسـی پەیامی خوشکانی ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێڕی کوردستانی خوێندەوە.

دواتر لە لایەن بەڕێز هاشم ڕۆستەمی باسێک لە سەر ڕۆڵی ژن و نەقشی ژن لە کۆمەڵگادا پێشکەش بەشدار بوان کرا.

پاشان چەند پارچە شێعر بە بۆنەی ڕۆژی ژن لە لایـەن بـەرێـزان مامۆستا سامان خانەقینی و خالید عەبدوڵڵازادەوە خوێندرایەوە، هونەرمەندی دەنگ خۆش پەیمان عومەر کە میوانی یەکیەتیی ژنان بوو، بە چەند گۆرانی خۆش جەژنەکەی ڕازاندەوە.

پێویستە ئـامـاژە بـەوە بکـەین کە بـەشـداربـوانـی ڕێوڕهسمی ٨ی مـارس بە دەنگی هونەرمەند پیران قـادر زادە تا کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو بە شایی و هەڵپەرکێی کوردەواری شەوێکی خۆشیان بەسەر برد، هونەرمەند نەجمان سیندی بە چەند گۆرانێکی بادینی بەشداری ٨ی مارسی کرد.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**ژنانی مافخواز!**

٨ی مارس رۆژی هاوپێوەندیی جیهانی لەگەل ژنان، رۆژی لە قاودانی زولم وزۆری وچەوساندنەوەی داسەپاو بەسەر ژناندا ورۆژی دەربرینی پشتیوانی لە مافەکانی ژن و هەوڵدان بۆ ناساندن وپێداگریی هەرچی زیاتر بۆ دابینکردنی مافە ئینسانی یەکانی ژنانە. لەم رۆژەدا لەگەڵ یادکردنەوە وپیرۆزبایی ٨ی مارس لە هەموو ژنانی سەراسەری جیهان وبەتایبەت ژنانی کوردستان، لەسەر پشتگیریی خۆمان لە تێکۆشانی ژنان وهەموو ئەو مرۆڤانەی کە بۆ ئازادی ویەکسانیی ژنان خەبات دەکەن، پێدادەگرینەوە.

**خەباتکارانی رێگەی یەکسانی!**

ئێوە باش دەزانن کاتێک باس لە ژنان دەکرێ، باس لە لەشکرێکی بێ ئەژماری ئەو مرۆڤانەیە کە رۆژانە لە کارکردن بۆ دابین کردنی بژێوی ئەویش زۆر جاڕ لە شوێنی نەشیاو ، لە بەخێو کردن و پەروەردەکردنی منداڵەکان وەک نەسلی داهاتوو، لە ئیدارە و هەلسووراندنی کاری کۆمەڵگاکەیان و بە تایبەت لەخۆماندوو کردن بۆ راگرتنی هاوسەنگیی رەوانی وکۆمەلایەتیی نێو مرۆڤەکان لەسەر گۆی زەوی و بەم جۆرە لە یارمەتیدان بە درێژ بوونەوەی ژیانی کۆمەلگەی مرۆڤایەتی لە هیچ فیداکارییەک دریغیان نەکردوە.

بەو حالەش، سەرەرای هەوڵی کۆمەلگای نێودەولەتی بۆ بە رەسمی ناسینی مافەکانی ژنان لە رێگەی بە یاسایی کردنی ماف وریۆشوێنی دابینکردن وپاراستنیان وخۆشکردنی رێگەی چارەسەری ئەم پەتا کۆمەلایەتی یەی کۆمەلگەی مرۆڤایەتی، بەداخەوە هەتا ئێستاش، ئەم زولم وزۆرە لەسەر ژنان لە رێگەی جیاوازیدانانی جۆراوجۆرەوە، هەر بەردەوامە.

لەئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دا بە هۆی کەڵکوەرگرتنی خراپ ولە رادەبەدەری ئایین وسوننەتە کۆمەلایەتییەکان، هەتا ئێستاش ژن رێگەی پێنەدراوە کەسایەتیی خۆی ببینێتەوە. لەگەل ئەوەشدا ژنان ئازایانە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، تواناکانی خۆیان دەرخستوە وسەرەرای هەموو کێشە وگرفتێک کە لەسەر رێیانە وبۆیان دروست دەکرێ، بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەل دەسەلات ویاسا ژنکوژەکانیان سڵیان لە هیچ کۆسپێک نەکردوەتەوە. ئەوان لە هەردەرفەتێک کە بۆیان هەڵکەوتبێ شانبەشانی پیاوانی ئازادیخواز لە مەیداندا ئامادە بوون

**لەئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دا بە هۆی کەڵکوەرگرتنی خراپ ولە رادەبەدەری ئایین وسوننەتە کۆمەلایەتییەکان، هەتا ئێستاش ژن رێگەی پێنەدراوە کەسایەتیی خۆی ببینێتەوە**

وتەنانەت سینگیان کردوەتە قەلغانی گوللە وشەهید بوون. هەر لە دوو ساڵی رابردوودا لە دەربرینی تازەترین نارەزایەتییەکانی سەرشەقام لە تاران وشارەکانی دیکەی ئێران، ژنان بە جۆش وخرۆشێکی ئەوتۆوە هاتنە مەیدان کە دەرکەوتنی سیمای زەجردیتوویان وهاواری ئازادیخوازانەیان بووە مانێشتیی زۆربەی راگەیەنەکانی جیهان وسەرنجی خەلکی دنیایان بۆ لای خۆیان راکێشا ،بە جۆرێک کە کۆمەلگەی نێودەولەتی نەیتوانی لە ئاستی دا بێ هەلوێست بمێنێتەوە. لەگەل ئەوەشدا ژنان لە ئێران هەتا ئێشتاش لە ژێر جە نجەڕی جیاوازیدانانەکاندا کە بەشێکیان کراون بە یاسایی، ماونەتەوە و وەک مرۆڤی سووک وپلە دوو چاولێدەکرێن.

لە کوردستانیش ئەگەر سوننەتو کولتووری جیاواز لەگەل ناوچەکانی دیکە، ئازادیی زیاتری بۆ ژنی کورد دەستەبەر کردبوو، بەداخەوە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە پەرەپێدانی فەرهەنگی جیاوازیدانان و لەم رێگەیەوە دانانی کوت وبەندی زیاتر بۆ ژنان وبیبەش کردنیان لە گەیشتن بە مافە رەواکانیان بێ تەئسیرنەبووە

سەرەرای ئەوەش ژنانی کورد لە هاورەگەزەکانیان لە ئێراندا دوا نەکەوتوون ولە دوو سەنگەر دا هەم بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییە کانیان وێرای پیاوانی تێکۆشەری کورد خەباتیان کردوە وهەم بۆ دەرباز بوون لە ژیانی پڕ لەجیاوازی وچەوسانەوەیان وبەسووک چاولێکرانیان ئازایانە درێژەیان بە تێکۆشان داوە.

تێکۆشانی ژنانی خەباتکاری کورد لە ساڵانی سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی دا نە تەنیا بۆ پەرەگرتنی بیروخەباتی نەتەوەیی یارمەتیدەرێکی گەورە بووە، بەلکوو زۆر پیلان دژی ژنی کوردی لە گۆر نا و هەولی رێژیمی بۆ دەستەمۆ کردنی ژنان بۆ خزمەتکردنی ئەو نیزامە تێک شکاند.

**ژنانی مافخواز!**
**مرۆڤە ئازادیخوازەکان!**

کاروانی خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافە رەواو ئینسانی یەکانیان نەوەستاوە و لە چەند دەیەی رابردوودا زۆر قۆناغی ئەستەمی بڕیوە، ئەم خەباتە هەموو رۆژێک هیوای گەیشتن بە مافی وەک یەک و پێکهێنانی کۆمەلگەیەک بە مافی یەکسانەوە بۆ مرۆڤەکان گەشتر دەکا.

بۆ گەیشتن بەو رۆژەی کە ئاوات وئامانجی یە کسانیخوازانە ی مرۆڤەکان وەدی بێ، پێویستە هەموو بەیەکەوە لە لایەک هەوڵی زیندووکردنەوە وپاراستنی سوننەتە جوانە ئینسانییەکانمان بدەین کە لەودا سیمای ژن سیمای ئینسانێکی جوانتر ، ئازاتر وخاوەن دەسەلاتر بووە و لە لایەکی دیکە وەک ئەرکی سەرەکی لە دژی کۆماری ئیسلامی وەک دەسەلاتێک کە هەوڵدەدا ژنان بە کۆیلەیی بێلێتەوە، راپەرین و ئەم سەنگەرەی کۆنەپەرستی ودژ بە مافی ئینسانەکانو تێک برووخێنین.

سە رکە وێ خە باتی یەکسانیخوازانە ی ژنان

پیرۆز بێ ٨ی مارس رۆژی بە رزراگرتنی خە باتی ژنان

**دە فتە ری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٨ی مارسی ٢٠١٢**
**١٨ی رەشەمەی ١٣٩٠**

**دریژەی:**

## پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب

هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا تاک تاکی ئێمە وەک ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردستان بە ژن و بە پیاو، بە هەموو ئایینێک کە لە نێو خۆماندا هەمانە و بە هەموو زاراوەکان بە نیسبەت ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆمان هەنگاو بنێینەوە و تێبکۆشین ئەوە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە قوەت بکەین وە ساڵی تازە بکەین بە ساڵی دانانی ئەرک بۆخۆمان.

دڵنیام پرۆسەی رزگاریی ئێمە، پڕۆسەی گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان، پڕۆسەی سەقامگیر کردنی دێموکراسی، کار و تێکۆشانی هەموو لایەکی پێویستە. تەجروبە نیشانی داوە هەر کەس و لایەنێک کار بکا و هەوڵ بدا و تێبکۆشێ، حەتمەن سەرکەوتوو دەبێ. ئێمە لە دنیادا کە ئاوڕێک لە رابردوو و خەباتی میللەتان دەدەینەوە دەقیقەن ئەوەمان بینیوە و هەموو تەجروبەکانیش ئەوەیان نیشان داوە و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران و ئەوەندەی پێوەندیی بە قەزیەی کورد بەگشتییەوە هەیە هەمووی ئەوانە مایەی گەشبینین. بۆیە ئێمە هەموو دەلیلێکی ناوچەیی، نێوخۆیی، نێودەوڵەتی و هەروەها شعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران و بەتایبەت شعووری نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێرانمان هەیە کە بەرانبەر بە داهاتوو گەشبین بین و لەسەر ئەساسی باوەڕ بەو گەشبینییە کە ئەو میللەتە رزگار دەبێ و بە مافەکانی خۆی دەگا، ساڵی تازە دەست پێ بکەین.

هیوادارم لە ساڵی تازەدا هەموو لایەکمان بە یەکەوە بە رووحی وەحدەت و یەکگرتوویی لەگەڵ کێشەکان رووبەڕوو بینەوە و رێگا چارەی هاوبەشیان بۆ بیبینینەوە. ئەوەش ئەرک لەسەر هەموو لایەکمان دادەنێ. دڵنیام ئەگەر هەموو لایەکمان هەرکەس و هەر لایەنێک لە حەددی توانای خۆیدا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکا، لە کۆتایی ئەوساڵدا دڵنیام بەرهەم و دەستکەوتەکانی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوو زیاتر و زیاتر دەبێ.

بۆ جارێکی دیکەش نەورۆزی هەموو لایەکتان پیرۆز بێ و هیوادارم بەهار و هاوین و پاییز و زستانێکی خۆشمان لەپێش دابێ. هیوادارم ساڵی داهاتوو بکەین بە ساڵی لێک نزیکبوونەوە و وەحدەتی میللی، بە ساڵی پەرەپێدانی کار و تێکۆشانی هەموو لایەک.

دیسان بەهارێکی خۆش و پڕ رەنگتان هەبێ و هیوادارم نەورۆز و رۆژەکانی دوای نەورۆز بە خێر و خۆشی و شایی و هەڵپەڕین و هەروەها بە وەلانانی رق و کینەی رابردوو بە عومدە کردنەوەی رووح و ئیحساس ئاشتی و لێک نزیکبوونەوە لەگەڵ یەکتر ئیدامە بدەین و سەرەتای ساڵی تازە بەو رووحە دامەزرێنین. هەموو لایەکمان بە یەکەوە ساغ و سڵامەت و هەموو لایەکمان بە یەکەوە سەرکەوتوو بین.

**نەورۆزی هەموو لایەکتان پیرۆز.**

**نەورۆزی ١٣٩١ی هەتاوی**

## پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجە

لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨ لە کاتی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دا رێژیمی سەددام حوسێن چەکی شیمیایی لە دژی خەڵکی شاری هەڵەبجە بەکار هێنا و لە ماوەیەکی کورتدا هەزران کەس لە ژن و منداڵ و پیرو لاوی خەڵکی ئەم شارەی قڕ کرد. بەرینایی ئەم کارەساتە بەداخەوە هەر بەو رۆژە نابڕێتەوە، چونکە شوێنەوارە درێژخایەنەکانیشی کەمتر لە کارەساتەکە نین و ئێستاش برینەکانی ئەم رووداوە تاڵە بە تەوای سارێژ نەبوونەتەوە.



کوردستان زۆر جار بۆتە شەڕگەی دەوڵەتان و هێزەکانی دیکە، ئەگەر ئەم شەڕانە دەسکەوتێکیان بۆ لایەنێک هەبووبێ، بێگومان ئەو لایەنە کورد نەبووە و جگە لە کوشتارو ماڵوێرانی، دەسکەوتێکی دیکە بە نسیبی کورد نەبووە. شاری هەڵەبجە وەک شارێکی کوردستان قوربانیی شەڕێک بوو کە بۆخۆی لایەنێک نەبوو، بەڵام بوو بە بەناوبانگترین قوربانی لەم شەڕە دا.

زەرەر و زیانە ماددیەکانی ئەم رووداوە مێژووییە قەرەبوو دەبنەوە، بە تایبەتی ئێستا کە بە خۆشیەوە گەلی کورد لە باشووری کوردستان چارەنووسی خۆی بە دستەوەیە، بەڵام شوێنەوارە رووحییەکانی هەروا بە ئاسانی ناسڕێنەوە و زەرەروزیانە گیانی و ئینسانییەکانیشی هیچ کات قەرەبوو نابنەوە. کارەساتی هەڵەبجە تەنیا دەتوانێ ببێتە ئەزموونێکی تاڵ کە بە نرخێکی زۆر گران بۆ کورد تەواو بوو. ئەو ئەزموونە دەتوانێ ببێتە دەسمایەیەک بۆ کورد بە تایبەتی و بۆ جیهانیان بە گشتی کە میکانیزمێک دەستەبەر ببێ کە کارەساتی لەم چەشنە جارێکی دیکە نە بۆ کوردو نە بۆ هیچ نەتەیەکی دیکە دووپاتە نەبێتەوە و بۆ ئەمە پێویستە هەوڵ بدرێ ئەم رووداوە لە بڕیارنامە و پەسند کراوە نێو نەتەوەییەکان دا رەنگ بداتەوەو ببێتە رۆژێکی جیهانی.

کارەساتی هەڵەبجە وەبیر هێنەوەری رووداوی تاڵی دیکەی لەم چەشنەیە، کە لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕی دوو رێژیم دا چەندین شار و شاروچکەی رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتنە بەر هێرشی شیمایی رێژیمی بەعس و بە هەزاران کەس بوونە قوربانی. ئەم رووداوانە لەلایەک بە دەستی رێژیمی سەددام خوڵقا و لە لایەکیش رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردی لەسەر داناوە و بە تەواوی خستوویەتە پشت گوێ. جێی خۆیەتی لە یادی کارەستای هەڵەبجە دا یادێک لە قوربانیانی گشتی چەکی کۆ کۆژ لە هەموو بەشەکانی کوردستان بکەینەوە و ئەو رووداوە تاڵانەش لە ویژدانی مرڤایەتی دا تۆمار بکرێ.

**سڵاو لە گیانی پاکی قوربانیانی هەڵەبجە.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٦ی مارسی ٢٠١٢**

## لە رێوەرەسمێکدا یادی شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە بەرز راگیرا



بە بۆنەی بیست و چوارەمین ساڵرۆژی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەوە، دوێنی ٢٦ ی رەشەمە بە ئامادەبوونی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی شاری هەڵەبجە و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، باڵوێز و نوێنەرانی وڵاتانی جیهان و نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان رێوڕەسمێکی تایبەت لەو شارە بەرێوە چوو.

لەم رێوڕەسمە جەماوەرییەدا کە بە راگرتنی بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی هەڵەبجە دەستی پێ کرد، سەرەتا «گۆران ئەدهەم»، قایمقامی شاری هەڵەبجە، لە وتەیەکدا وێرای بەخێرهێنانی میوانەکان و بەشدارانی رێوڕەسمەکە ئاماژەی بە کار و چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڵەبجە کرد. لە درێژەی رێوەڕەسمەکەدا د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد.

د. بەرهەم ساڵح لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە گرنگی و قووڵایی کارەساتی هەڵەبجە کرد و لەم پێوەندییەدا وتی کە هەرچەندە کەموکوڕیمان زۆرە و زۆر شتی دیکەش دەبێ بۆ هەڵەبجە بکەین، بەڵام تا ئێستاش حکوومەتی هەرێم ئەوەی لە دەستی هاتبێ بۆ هەڵەبجە دریغی نەکردوە». سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم رێوەڕەسمەدا ئەوەشی راگەیاند کە بڕیاری کردنی هەڵەبجە بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئیمزا کراوەو بە زوویی لە لایەن حکوومەتەوە دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لە بەشێکی دیکەی رێوەڕەسمەکە «عەمار ئەلحەکیم»، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق، نوێنەری سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا و چەند کەسایەتی و لایەنی دیکە وتاریان پێشکەش کرد. پاش کۆتایی هاتنی ئەم بەشەی رێوڕەسمەکە، بەشداربووان سەردانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیان کرد و لەوێ پەتی لە سێدارەدانی «عەلی حەسەن ئەلمەجید» (ناسراو بە عەلی کیمیایی)، پێشکەش بە مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە کرا.

لە درێژەی ئەم رێوڕەسمەدا بەشداران سەردانی گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجەیان کرد. لەم بەشەشەدا تاجە گوڵینەی هەر یەک لە سەرکۆماری عێراق، نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نوێنەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، خانمی یەکەمی عێراق، عەمار ئەلحەکیم، نوێنەرانی وڵاتان و چەند حیزب و رێکخراوی سیاسی لەسەر مەزاری شەهیدان دانرا و لەو بڕگەیەی بەرنامەکانی ریورەسمەکەدا کەریم مەهدەوی، ئەندامی کومیتەی ناوندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاجە گوڵینەی لە سەر مۆنۆمێنتی شەهیدان دانا و پەیامی هاوسۆزیی دەفتەری سیاسیی حیزبی بەو بۆنەیەوە بە بەرێوەبەرانی ئەو کۆڕیادە گەیاند.

هەر لەو ریورەسمەدا هەیئەتێک لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە لایەن ئەنجوومەنی بەرگری لە مافی برینداران و پیکراوانی شیمیایی شاری سەردەشت بەشداری بۆنەکە بوون و لە پەیامێدا هاوخەمی و هاوپێوەندیی خەڵکی سەردەشتیان بە خەڵکی هەلەبجە راگەیاند.

هەر بە بۆنەی بیست و چوارەمین ساڵرۆژی کیمیا باران کردنی هەڵەبجەوە، رۆژی هەینی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان کاتژمێر ١٠:٥٥ خولەکی بەیانی بۆ رێزگرتن لە گیانی قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە ٥ خولەک ماتەمینی راگیرا و بە شێوازی جۆراوجۆر لە شارە و ناوچەکانی کوردستان یادی قوربانیانی ئەو کارەساتە بەرز راگیرا.

شایانی باسە کە هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کەریم مەهدەوی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب لەو رێوڕەسمەدا بەشدار بوو.

## ڕاپۆرتی نوێی ئەحمەد شەهید و

# ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە کەمە نەتەوەکان هەیە

مەحموود شەریفی

وەرگێڕان بۆ کوردی ئاڵەشین

ئەحمەد شەهید ڕیپۆرتێری تایبەتیی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دووەمین ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پێشێلی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاو کردەوە. ئەحمەد شەهید لەم ڕاپۆرتەی دا بە بەربڵاوی باسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران دەکا و لە هێندێک بابەت دا بۆ پێشێلکارییەکان شایەتی خودی قوربانییەکان دەهێنێتەوە. ناوبراو لە زمانی قوربانیانەوە بەمجۆرە باس لە بارودۆخی بەندکراوان و دەستبەسەرانی سیاسی و ئەوانەی لەسەر بیروڕای جیاواز گیراون دەکا کە «زیاتریان بەبێ حوکمی قانوونی دەگیرێن. کاتی ڕاگوازتن و لێپرسینەوە چاویان دەبەستن و زۆربەیان ناتوانن پێوەندیی بە ئەندامانی بنەماڵەکەیانەوە بکەن و لە بوونی پارێزەریش بێ بەشن».
هەروەها هەلومەرجی گرتووخانە و بەندیخانەکانی ئێران بە نزمتر لە «لانی کەمی ستانداردی ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوە نەتەوەکان» دەزانێ. ئەحمەد شەهید دەڵێ کۆماری ئیسلامی لە هەموو وڵاتێکی دیکەی جیهان زیاتر ڕۆژنامەنووسی لە بەندیخانەکان پەستاوتوە. ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەی دا دەنووسێ: «بە گوێرەی هەواڵەکان لانی کەم ١٥٠ ڕۆژنامەنووس لە دوای هەڵبژاردنی

**لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید دا ئاماژە بە هێندێک لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کەمە نەتەوەکان کراوە، بەڵام هەروەک ڕاپۆرتەکە نەپڕژاوەتە سەر هەموو بابەتەکانی پێشێلی مافی مرۆڤ لە ئێران، نەیتوانیوە بە شێوەیەکی تەواو پێشێلی مافی مرۆڤی کەمە نەتەوەو کەمە ئایینییەکان لە ئێران باس بکا. ئەحمەد شەهید خۆی دان بەمە دادەنێ و لە ڕاپۆرتەکەی دا دەڵێ: « ئەگەرچی ئەم ڕاپۆرتە هەموو پێشێلکارییەکان لە خۆ ناگرێ، بەڵام تەسویرێکی هەلومەرجی زاڵ لەم پێوەندییەمان بۆ دەردەخا.**

خولی دەیەمی سەرکۆماری ساڵی ١٣٨٨وە لە ترسی گیران و شکەنجە وڵاتیان جێ هێشتوە. ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور لە نامەیەکی دا بۆ ڕیپۆرتێری تایبەت دەنووسێ لە کاتی هەڵبژاردنەکانەوە نزیک بە ٥٠ بلاڤۆگ داخراون. «ئەحمەد شەهید لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا ڕەخنە لە سەرکوتی گرووپ و کۆمەڵە کرێکاری و گیرانی ئەندامانی سەندیکا کرێکارییەکان کە داوای مافە سنفییەکانی خۆیان دەکەن، گرتوە.
ئەحمەد شەهید لە ڕاپۆرتەکەی خۆی دا بۆ ئەنجومەنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە (٧ی مارسی ٢٠١٢) لە ژنێف بڵاو بۆوە، بە زوومکردنەوەی شەپۆلی ڕوو لە هەڵکشانی ئێعدامەکان سەرنجی ئەندامانی ئەنجومەن بۆلای ئاماری ڕاستەقینەی ئێعدامەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ٢٠١١ ڕادەکێشێ کە ٧بەرابەر بووە. ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەی دا بە پێی ئامارە دەرکراوەکان ژمارەی ئێعدامەکان بە ٦٧٠ کەس دەخەملێنێ. لەم ڕاپۆرتەدا باس لە هەلومەرجی ئێعدامەکان لەبەر چاوی گشتیی و ئێعدامە شاراوەکان پشت گوێ خراون.
ڕاپۆرتی نوێی ئەحمەد شەهید لە توێی ٣٦ لاپەڕەدا کە ٢٦ لاپەڕەی سەرەکی ١٥ لاپەڕەی پاشکۆ بڵاو کراوەتەوە، فایلی جۆراوجۆری سەرکوتەکان لە ئێران لە خۆ دەگرێ و ناوی دەیان قوربانی پێشێلبوونی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تایبەت قوربانییەکانی کەمە نەتەوەکان لە خۆ دەگرێ. ڕاپۆرتەکە ٧٤ پاراگرافە کە شرۆڤەیەک وەک پێشەکی مێتۆدۆلۆژی و بابەتە حقووقییەکان لە سەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دەخرێتە ڕوو.
لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید دا ئاماژە بە هێندێک لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کەمە نەتەوەکان کراوە، بەڵام هەروەک ڕاپۆرتەکە نەپڕژاوەتە سەر هەموو بابەتەکانی پێشێلی مافی مرۆڤ لە ئێران، نەیتوانیوە بە شێوەیەکی تەواو پێشێلی مافی مرۆڤی کەمە نەتەوەو کەمە ئایینییەکان لە ئێران باس بکا. ئەحمەد شەهید خۆی دان بەمە دادەنێ و لە ڕاپۆرتەکەی دا دەڵێ: « ئەگەرچی ئەم ڕاپۆرتە هەموو پێشێلکارییەکان لە خۆ ناگرێ، بەڵام تەسویرێکی هەلومەرجی زاڵ لەم پێوەندییەمان بۆ دەردەخا. وێدەچێ ئەم بابەتانەی لەم ڕاپۆرتەدا باسیان لێ نەکراوە لە ڕاپۆرتی داهاتوودا کە دەدرێ بە ئەنجومەن و کۆڕی گشتیی باس بکرێن».
لە پێوەندیی لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران، بەتایبەت بارودۆخی هاووڵاتیانی کورد، ئەحمەد شەهید بۆ یەکەم جار ئاماژە بە ڕەوشی نالەباری کۆڵبەران دەکا و لەسەر کوشتنی سیستماتیکی کۆڵبەران بە دەست کۆماری ئیسلامی دەدوێ. ناوبراو هەروەها باس لە مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و ١٥ زیندانیی سیاسی مەحکووم بە ئێعدام دەکا. بەڵام هێشتاش بابەتێکی زۆری دیکەی لەسەر پێشێلی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا هەن کە لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید دا باسیان لێ نەکراوە.
لە بەشی مەزهەبە نافەرمییەکانی ئێران دا هیچ باسێک لە سەرکوتی کەمینەی یارسان نەکراوە.
لەو بابەتە گرینگانەی دیکەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان کە لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید دا باسی لێوەنەکراوە دەتوانین دۆخی عەدنان حەسەنپوور، کۆنترین ڕۆژنامەنووسی بەندکراوی بەندیخانەکانی ئێران، سەرکوتی چالاکانی ڕێکخراوی ژینگەیی «چیا» و ئەو مینانەی کە ساڵانە دەیان قوربانیان لێ دەکەوێتەوە و نەبوونی بوار بۆ چالاکی پارتە سیاسییەکانی کورد باس بکەین.
دوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید لەسەر پێشێلی مافی مرۆڤ لە ئێران و پشت گوێ خستنی پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران، هێندێک پارت و کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی لە کوردستان هەوڵیان دا بۆ گەیاندنی زانیاریی پێویست پێوەندیی بە ئەحمەد شەهیدەوە بکەن کە کاریگەریی بەرچاوی لەم ڕاپۆرتەی ئێستای دا هەبووە. هیوادارین ئەم هەوڵانە تۆکمەتر بەردەوام بن. لە کۆی ٧٤ پاڕاگرافی ڕاپۆرتە تازەکەی، ٥ پاڕاگرافی باس لە بارودۆخی کەمە نەتەوەکانی ئێران دەکا کە ئەمەش دەقەکەیەتیی:
٦٢. ڕیپۆرتێری تایبەت کۆمەڵە ڕاپۆرتێکی پێ گەیشتووە کە کاریگەریی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە قانوون و کردەوەی کەمە نەتەوەکان هەیە.
پازدە کورد حوکمی ئێعدامیان هەیە (لیستەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتی ئۆکتۆبری ٢٠١١) کە بە بیانووی هەنگاونان دژی تەناهی نەتەوەیی، (مفسد فی الأرض) و سیخوڕی، حوکم دراون. کەمینەکان بەردەوام لە ژێر گوشار و هەڵاواردنی ئابووری_ کۆمەڵایەتیی دان، زەوت کردنی زەوی و دارایی، دانەمەزراندن، سنووڕداری کۆمەڵایەتیی، فەرهەنگی و حقووقی و زمانی کە پارادۆکسی دەگەڵ پەیماننامە نێونەتەوەییەکان هەیە و هەموو هەڵاواردنێکی نەژادی و حقووقی و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە.
٦٣_ فەرزاد کەمانگەر مامۆستای کورد لەگەڵ سێ کوردی دیکە مانگی مای ٢٠١٠ لە زیندانی ئێڤین ئێعدام کراون.
ئەندامانی نزیکی بنەماڵەکەی دەڵێن ڕەوتی لێپرسینەوەی کەمانگەر دادپەروەرانە نەبووە و بە نهێنی ئێعدام کراوە. فەرزاد کەمانگەر ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە گیراو و لەژێر ناوی هەڵگەڕانەوە لە خودا و ئەندامەتی و چالاکیی لە پارتی کرێکارانی کوردستان دا حوکمی بۆ دەرچوو.
لە دیمانەیەک دا ڕاگەیەنرا کە کەمانگەر سەرەتا لە خانەی تاکەکەسی (بە بێ هیچ پێوەندییەک) بەند کراوە و بە هەموو جۆرێک شکەنجە دراوە و تەنانەت هەڕەشەی دەسدرێژی و خستنە مەترسی ئەندامانی بنەماڵەکەشی لێ کراوە. بە پێی ڕاپۆرتەکان فەرزاد کەمانگەر لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ دا دوای دانیشتنێکی ٧ خولەکی لە دادگا، حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا. تەنانەت نەیانهێشت بنەماڵەکەی پارێزەریشی بۆ بگرن. بەرپرسانی ڕێژیم سەرەڕای چەندین جار داوای بنەماڵەکەی تەرمەکەیان پێ نەدانەوە و بە نهێنی لە شوێنێکی نادیار ناشتیان.
٦٤_ ڕیپۆرتێری تایبەت لە کوشتنی بەردەوامی (کوشتنی سیستماتیک) کۆڵبەران و هاووڵاتیانی کاسبی کورد ئاگادار کراوەتەوە. ئەو کۆڵبەرانەی کە بە شان و پیل لەم دیو بۆ ئەو دیوی سنوور کۆڵ کێشی دەکەن و شتی وەک چایی، تووتن و سوتەمەنی بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان ئاو دیو دەکەن بەردەوام سەرکوت دەکرێن. قانوونەکانی ئێران ئەو کەسپەیان قەدەغە کردوە، چەند مانگ زیندانی و یا جەریمەیەکی نەغدییان بە پێی ئەو کاڵایەی لێیان دەگیرێ وەک سزا بڕیوەتەوە.ڕیپۆرتێری تایبەت هێندێک ڕاپۆرتی پێ گەیشتوە کە پاسەوانانی سنووری ئێران بێ لەبەرچاو گرتن تەقە لە کۆڵبەران دەکەن کە کوشتن و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆری کۆڵبەران و ماڵاتەکانیانی لێ دەکەوێتەوە.
٦٥_ بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان بەلووچەکان، کە لەسەر مەزهەبی سوننی و کەمە نەتەوەن کەوتوونەتە بەر هەڵاواردنی چەند لایەنە و ئازار و ئەزیەت، هەڵسوکەوتی نالەبار، گرتن و ئێعدام کردن. بە پێی ڕاپۆرتەکان، ناوچە بەلووچ نشینەکان لەوپەڕی دواکەوتوویی ئابووریی دان کە ئەم دواکەوتووییانە بواری خانووبەرە، تەندروستی، پەروەردە و دامەزران دەگەرنەوە، بازنەی ئازادی ڕادەربڕین و مەزهەبیان لێ بەرتەسک بۆتەوە. بەشداری بەلووچەکان لە پلە و پێگەی دەوڵەتی و گشتییەکاندا زۆر کەم ڕاپۆرت کراوە و لە ڕاستیدا نیشاندەری کەمترین ڕۆڵی ئەوانە لە شوغڵە دەوڵەتییەکاندا. جگە لەوانەش سیستمی بژاردەیی (گزینشی) ئێران کە کەسانی وەفادار بە ڕێژیم و کۆماری ئیسلامی و مەزهەبی شیعە و هەڵداوێری زۆر بە جیدی لەسەر بەلوچەکان پراکتیک دەکرێ و بە تەواوی کاریگەری لەسەر دەرفەتە شوغڵی و بەشداریان لە سیاسەتدا بەرتەسک دەکاتەوە.
٦٦_ ڕیپۆرتێری تایبەت ئاگادار کراوەتەوە ٥٧ کەس کە لە نارەزایەتییەکانی «وشکبوونی گۆلی ورمێ»دا ساڵی ٢٠١١ گیراون و حوکمیان بۆ دەرچووە بەگشتی ٢٦ ساڵ زیندان و ١٣٩٠ قەمچی یان بۆ دەرچووە. بەگشتی ١١٢ کەس لەم پێوەندییەدا گیراون کە ٥٧یان بەمجۆرە حوکم دراون و ٥٥ کەسیشیان هەروا ماونەتەوە.
ئەوانەی حوکم دراون ٥ کەسیان ژنن و ٩ کەسیشیان تەمەنیان خوار هەژدەیە.
ئەو ڕاپۆرتانەی ڕیپۆرتێری تایبەت بە دەستی گەیشتوون باس لەوە دەکەن هێندێک لە گیراوان و مەحکوومان لە ڕەوتی لێپرسینەوەدا ناحەزیان لەگەڵ جووڵاونەتەوە. ڕاپۆرتەکان باس لە گیرانی ٥٦ کەسی عەرەب لە کۆتایی ٢٠١١ دا لە پارێزگای خوزستان دەکەن. ئەو کەسانە لە خوزستان بەهۆی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی مەجلیس و پڕوپاگەندەی بەشداری نەکردن گیراون.



**دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، کارناس و حقووقی نێونەتەوەیی سەبارەت بە بایەخی حقووقی و ڕێژەی کاریگەریی ڕاپۆرتەکەی ئەم دواییەی ئەحمەد شەهید لەسەر ئەم بڕوایەیە کە:**
سەبارەت بە ئەرزشی حقوقیی ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید :
ڕاپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید لەسەر ئێران وەک ڕاپۆرتی هەموو ئەو ڕاپۆرتۆرانەی شووڕای مافی مرۆڤ بۆ وڵاتێکی تایبەتی دیارییان دەکا، دەچنە خانەی مێکانیزمە سیاسییەکانی چاوەدێری بەسەر وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەییدا. هەربۆیە خاوەنی ئەو ئەرزشە حقووقییە نین کە دەکرێ بڕیاری دادگایەکی نێونەتەوەیی یان تەنانەت بۆچوونێک کە بۆ نموونە کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر شکایەتی کەسێک دەتوانێ دەری بکا. لە قانوونی نێودەوڵەتیدا بە قانوونی غەیرە ئیلزامی دەڵێن «سۆفت لاو» یان قانوونی نەرم کە ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی هێندێک لە ئۆرگانەکانی بواری مافی مرۆڤیش دەگرێتەوە. کاری ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤیش لەڕاستیدا بەجۆرێک دەچێتە خانەی بەرهەمهێنان و جێبەجێکردنی ئەو قانوونە نەرمە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی ئەمجارەی ئەحمەد شەهید دا باشتر بەدی دەکرێ، ئەو نێوەرۆکە لە مافەکانی مرۆڤ کە ڕاپۆرتۆرەکان جێبەجێکردنیان لەلایەن دەوڵەتانەوە دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە لە پەیمانەکانی مافی مرۆڤ و عورفی نێودەوڵەتی لەو بوارەدا هەڵێنجێنراون کە بێگومان ئەوان ئەرزشی حقووقیی ئیلزامییان هەیە. لەلایەکی دیکەوە، زۆر جار دیتراوە کە بەرهەمی کاری ڕاپۆرتۆرێک ببێتە هەوێن و پاڵنەری بڕیار و هەنگاوی ئەوتۆی ئۆرگانە سیاسی و قەزاییە نێودەوڵەتییەکان کە ئەرزشی حقووقیی ئیلزامییان هەیە.
سەبارەت بە کەڵک و کاریگەریی ئەم ڕاپۆرتە و ڕاپۆرتەکانی داهاتووی ئەحمەد شەهید :
هەروەک ئەحمەد شەهید ئەمجارەش باسی کردووە، بەربەستی یەکەم لەسەر جێبەجێبوونی ئامانجی مەئموورییەتەکەی ئیجازە نەدرانی ناوبراو بۆ سەردانی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە و ئامادەنەبوونی ئەو ڕێژیمە بۆ هەر چەشنە هاوکارییەک لەگەڵ ڕاپۆرتۆرە. کاری ڕاپۆرتۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان موحاکمەکردنی دەوڵەتەکە نیە، بەڵام لەو لایەنەوە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید زۆر وەک دادگایەک دەچێ کە لەودا قوربانییەکان حازرن بەڵام جینایەتکارەکە حازر نیە.

**لە پێوەندیی لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران، بەتایبەت بارودۆخی هاووڵاتیانی کورد، ئەحمەد شەهید بۆ یەکەم جار ئاماژە بە ڕەوشی نالەباری کۆڵبەران دەکا و لەسەر کوشتنی سیستماتیکی کۆڵبەران بە دەست کۆماری ئیسلامی دەدوێ. ناوبراو هەروەها باس لە مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و ١٥ زیندانیی سیاسی مەحکووم بە ئێعدام دەکا. بەڵام هێشتاش بابەتێکی زۆری دیکەی لەسەر پێشێلی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا هەن کە لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید دا باسیان لێ نەکراوە**

بەلەبەرچاوگرتنی ڕەفتاری تا ئێستای کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕاپۆرتۆرەکانی تایبەت بە ئێران و هەروەها ئەوە کە ڕێژیم لەو باوەڕەدایە کە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و یەک لەوان ڕێگەدان بە جیابیران بۆ ڕەخنە گرتن لە ڕێژیم (وەک ئەحمەد شەهید داوای دەکا) ئاکامەکەی دارمانی ئەو ڕێژیمە دەبێ، کەمترین شانس نابینم بۆ ئەوەی لە داهاتووشدا کۆماری ئیسلامی ڕێگای هاوکاریی جیددی لەگەڵ ئەحمەد شەهید بگرێتە بەر. هەربۆیە بەپێچەوانەی هێندێک مەوریدی زۆر شپرزەی وەک میانمار کە لەودا ڕاپۆرت و ڕاپۆرتکاری لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ وردە وردە بوونە هۆی بەدیهاتنی هێندێک باشبوونی وەزعەکە، بەداخەوە کاریگەرییەکی لەو بابەتە بۆ مەئموورییەتەکەی ئەحمەد شەهید پێشبینی ناکرێ. هەربۆیە کارەکەی ناوبراو لەمەولاش ناتوانێ بچێتە خانەی شوێندانانی ڕاستەوخۆ و بەربڵاو لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و تەنیا لە خانەی ئیفشاگەری و حەساس کردنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەبارەت بە وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەمێنێتەوە کە دیارە ئەوەش بۆخۆی بەنرخە و دەسکەوتی خۆی دەبێ.

# ساڵی ١٣٩٠ بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵی قەیرانەکان بوو

ڕەحمان سەلیمی
وەرگێڕان بۆ کوردی ڕێبوار مەعروف زادە

ساڵی نەوەد بۆ ئێرانییەکان هەڵگری ڕووداوی گرینگ بوو کە بە ناوزەدکردنی ئەو ساڵە بە «جیهادی ئابووری» لە لایەن ڕێبەری نیزامەوە دەستی پێکرد و بە نۆمایشی گاڵتەجاڕانەی لێ پێچینەوەی سەرۆک کۆمار لە لایەن نوێنەرانی شووڕای ئیسلامی کۆتایی پێهات. دەکرێ ساڵی نەوەد بە یەکێک لە قەیراناویترین ساڵەکانی تەمەنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم بدەین. ساڵێک کە ئەو ڕێژیمە لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆر ڕووبەڕوو بووە وەک قەیرانی سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتیی و ...

لەو وتارەدا هەوڵ دەدرێ جەخت لە سەر گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی نەوەد بکرێ و بە بێ چوونە نێو وردەکارییەکان، چاوێک لە هەلومەرج و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بکرێ.

قەیرانی سیاسی

پاشهاتەکانی هەڵبژاردنیی پڕدەنگۆی سەرکۆماری ساڵی١٣٨٨ بۆ ساڵی نەوەدیش درێژەی کێشا و سنووربەندی سیاسی تازە و کەلێنی تازەی لە نێو بەرەکانی دەسەڵات دا پێکهێنا. لە حاڵێکدا کە ڕێبەرانی ناڕازی بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەروا لە نێو ماڵدا دەستبەسەر کراون زیاتر لەوەی لە بیری داهاتووی بزووتنەوەی نارەزایەتیی و هێنانەئارای ڕێگەچارەی نوێ بۆ دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی خەڵکدا بن، تووشی گۆشەگیری و پاسیڤی بوون کە ئەو بابەتە بووە هۆی هاتنەئارای گرفت و دووبەرەکی لە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی سەوزدا و لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانی بزووتنەوەی نائومێد کرد و هەروەها بەستێنی سەرکۆتی بەربڵاوی ناڕازییان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕەخساند. ساڵی نەود دەکرێ ساڵی نوشستی سیاسی ڕیفۆرمخوازەکانیش ناوزەد بکەین. ڕیفۆرمخوازەکان بەرەبەرە لە دەسەڵات دوور کراونەوە و مەیدانیان بۆ کۆنەپارێزەکان چۆڵ کرد. ئەحزابی سەرەکی ڕیفۆرمخواز نا قانوونی ڕاگەیەندران و چالاکە ناسراوکانیان کەوتنە راونان و دەستبەسەرکردن و گوشاری جۆراوجۆر. هەروەها بڵاوکراوەکانی سەر بە ئەوان یەک لە دوای یەک داخران و کەوتنە بەرهێرشێکی بەربلاوی ڕاگەیاندنەکانی سەر بە حکوومەت. دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی دەزگا نیزامی و ئەمنییەتییەکان بەتایبەتی سوپا زۆر زیاتر لە پێشوو بوو.

بە لە پەراوێزخستنی ڕیفورمخوازەکان لە گۆڕەپانی سیاسی، بەرەی کۆنەپارێزەکان کەلێنی کەوتێ و دوو ڕەوتی جیاواز لە نێویاندا دەرکەوت. ڕەوتێک کە زۆرتر خۆی بە لایەنگری خامنەیی لە قەڵەم دەدا و لە پشتگیری بەیتی ڕێبەری و فەرماندە پایە بەرزەکانی سوپا بەهرەمەند بوو و لەو لاوە ڕەوتێک بوو کە بە بازنەی لایەنگرانی ئەحمەدی نیژاد ناسراو و ئیسفەندیاری ڕەحیم مەشایی بەرپرسی دیوی کاری ئەحمەدی نێژاد و هاوڕێی ئەشکەوتی ئەو وەک تیۆریداریژی ئەو ڕەوتە لە قەڵەم دەدرا. مەشایی کە لە پشتگیری بێ ئەملاوئەولای ئەحمەدی نیژاد بەهرەمەند بوو هەوڵی دا بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆنی ئێران، جەخت لە سەر لایەنی ئێرانی بوون و شانازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکا و بەو جۆرە هەستی نەتەوایەتی ئێرانییەکان زەق بکا و ڕایانبکێشێ. شیمانەی ئەوە دەکرێ کە مەشایی لە هەڵبژاردنی خولی داهاتووی سەرکۆماری بە پاڵپشتی ئەحمەدی نیژاد بیهەوێ خۆی بەربژێر بکا کە ئەو بابەتە دەتوانێ هەڵسوکەوتەکانی ئەو روون بکاتەوە. گرینگتر لە هەمووی ئەمانە ئەوەیە کە ساڵی ٩٠، ساڵی تێکشکانی قورسایی، پێگە و بە واتایەکی دیکە ساڵی تێکشکانی پیرۆزی ولایەتیی فەقیە بوو. خامنەیی کە زۆرتر خۆی تێکەڵ بە کێشە سیاسییەکانی بەرەکانی دەسەڵات نەدەکرد و لانیکەم لە ڕەواڵەتدا وای دەنواند کە لە دەرەوەی باندەکانی نێو دەسەڵات، ڕێبەری خەڵکی ئێرانە و ڕۆڵێکی باوکانە و پاشایانەی هەیە و لە هیچ باندێک بە دژی باندێکی دیکە پشتگیری ناکا، بە کردەوە کەوتە نێو هاوکێشەی باندەکانی دەسەڵات. بە تایبەتی کاتێک کە فەرمانی دا وەزیری ئیتلاعاتی لە سەر کار لابراو لە لایەن ئەحمەدینیژادەوە بۆ سەر کاری خۆی بگێڕێتەوە کە ئەو هەڵوێستە، بایکۆتی ١١ ڕۆژەی ئەحمەدینیژادی لێکەوتەوە و کۆشکی سەرکۆماری بە هۆی نارەزایەتی بە نیسبەت دەستێوەردانی وەلی فەقیە بۆ ماوەی ١١ ڕۆژ سەرکۆماری لێ نەبوو کە ڕووداوێکی بێ وینە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێ. ئەو ڕووداوە کەلێنی نێو کۆنەپارێزەکانی گەورە کردەوە و دژکردەوەی توندی هێندێک لە نوێنەرانی پارڵمان، فەرماندەرانی سوپا و کەسایەتییە سیاسییەکانی لێکەوتەوە و بە نزیکبوونەوە بۆ کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، فەزای سیاسی ئێران ئاڵۆزتر بوو. هەروەها بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنەکانی پارڵمان لە ئامادەنەبوونی ڕیفۆرمخوازەکاندا دوو جەمسەری بوو. کۆنەپارێزەکانی لایەنگری خامنەیی و کۆنەپارێزەکانی لایەنگری ئەحمەدینژاد لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستان. هەوڵەکانی مەراجعی تەقلیدی نزیک لە خامنەییش نەیتوانی ڕێکەوتنێک لە نێو کۆنەپارێزەکان لە سەر پێشکەشکردنی لیستێکی یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنەکان کە گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆنەپارێزەکانی تێدا بێ پێکبێنێ و دواجار چەند لیستی هەڵبژاردن لە نێو کۆنەپارێزەکان هاتەدەرێ و کەوتنە ململانێ.

ساڵی ٩٠ بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیش ساڵێکی خراپ بوو، گۆڕانکاری گرینگ بە پێچەوانەی ویستی ڕێبەرانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕوویدا. شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی و ڕاپەرینی خەڵک بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لە وڵاتانی عەرەبی و بەهێزبوونی گوتاری دیمۆکراسیخوازی و دژایەتی لەگەڵ سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری ترسێکی گەورەی خستە دڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ترس لە بڵاوبوونەوەی شەپۆلی ئازادیخوازانە و هاتنی ئەو شەپۆلە بۆ ئێران. ڕاپەرینی خەڵکی سووریە و لەق بوونی کۆڵەکەکانی حکوومەتی بەشار ئەسەد وەک هاوپەیمانی ستراتژیکی کۆماری ئیسلامی، وتوویژ و دواجار ڕێککەوتنی حەماسی فەڵەستین لەگەڵ فەتح و هاتنەئارای ناکۆکی نێوان تورکیە و ئێران لە سەر پرسی سووریە و ... ئەو کۆمەڵە ڕووداوە ناخۆشەی ساڵی نەوەد بۆ کۆماری ئیسلامین.

قەیرانی ئابووری

ساڵی نەوەد ساڵێکی دژوار بۆ گوزەرانی خەڵک دێتە ئەژمار. هەڵاوسان، بێکاری، هاتنە خوارەوەی بەهای دراو و ناسەقامگیری بێ وێنەی بازار لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئابووری ساڵی رابردوو بوو. ساڵێک کە بڕیار بوو بە پێی وتەکانی ڕێبەری ئێران بە «جیهادی ئابووری» خەڵک و بەرپرسان ببێتە هۆی باشتر بوونی گوزەرانی خەڵک. بەڕێوەبردنی ناپسپۆرانەی قانوونی ئامانجدار کردنی یارانەکان و چوونەسەری بەهای سەرچاوەکانی وزە و بەخشینی یارانەی نەغدی بە خەڵک و زیادبوونی (نقدینگی) بۆتە هۆی چوونەسەری بەهاکان و لە لایەکی دیکە ئاسەوارێکی خراپی زۆری بۆ یەکەکانی بەرهەمهێنان، پیشەیی و وەرزێری داناوە و لە لایەکی دیکە توانایی کڕینی توێژی کەم داهاتی هێناوەتە خوارێ و گوزەرانی ئەوانی دژوار کردوە.

لە درێژەی زیادکردنی گوشار بۆ سەر بەرنامەی ناوکی و پێشلکردنی مافی مرۆڤ، بایکۆتی زیاتری ئابووری لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانی، وڵاتانی ئەمریکا، یەکیەتی ئوروپا، کانادا، ئوسترالیا، ژاپۆن، کۆریای باشوور و... دانراوە. بە هۆی ئەو گەمارۆیانەوە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە داراییەکانی، کۆمپانیاکانی وەبەرهێنەر و هەروەها کەسایەتییەکانی بەستراوە بە سوپای پاسداران کەوتنە لیستی گەمارۆکان. نەکڕینی نەوتی ئێران لە لایەن یەکیەتیی ئوروپا و بایکۆتی بانکی ناوەندی لە لایەن ئەمریکا و یەکیەتی ئوروپا، گرینگترین و کاریگەرترین بایکۆتەکان بوون کە لە ساڵی ٩٠ دا بە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو و کاریگەریی ئەوان بە سەر ژیانی ئێرانییەکان هەست پێکراو بووە. بە دوای ئەو گەمارۆیانە بازاری (ارزی) ئێران بە جیددی تووشی گرفت بوو، تا ئەو جێگەیە کە بەهای هێندێک لەو (ارزە) سەرەکییە بیانییانە وەک دولار، پۆند و یۆرۆ لە ماوەی دوو مانگدا تا سەد لە سەد زیادی کرد و دەوڵەتی ناچار بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی تەک ژمارەیی کردنی (ارز)، گوشار خستنە سەر سەرافەکان بۆ فرۆشتنی ئەرز بە بەهای دەوڵەتی و دواجار ناچار بە بردنەسەری سوودی بانکی کرد، بۆ ئەوەی بتوانێ قەیرانی ئەرز ی چارەسەر بکا. بەڵام بە گرتنەبەری هەمووی ئەو ڕێوشوێنانەش لە ڕۆژانی کۆتایی ساڵی ٩٠ شاهیدی ئەوەین کە بەهای دەلار دوو قاتی بەهاکەی لە سەرەتای ساڵ دایە. ڕووداوی گرینگی دیکەش لە ساڵی٩٠ ڕوویداوە کە هەموویان بوونەتە هۆی گوشاری زیاتر بۆ سەر توێژی کەم داهاتی کۆمەڵگە، بە پێی پێوەرە نێونەتەوەییەکان زۆرینەی خەڵک لە ژێر هێڵی هەژاری دان و لەگەڵ دژواری گوزەران ڕووبەڕوون و لە دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان بێبەش ماون. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆمپانی گەورە ئابوورییەکان کە لە چنگ کەسانێکی تایبەت وەک دەزگا نیزامی و ئەمنییەتییەکان و سوپای پاسداران دان، زۆربەی سەرمایەی ئێرانیان پاوان کردوە و بە تامەزرۆییەکی بێ وێنە لە هەوڵی زاڵبوون بە سەر ناوەندە ماڵی و ئابوورییەکان دان. گەندەڵی ماڵی و ئیداری و خراپ کەڵکوەرگرتنی بەربڵاو لە سەرمایەی خەڵک لە ساڵی ٩٠ دا یەکێک لە پڕدەنگۆترین ڕووداوەکانی ساڵ بوو. هەواڵی دزی ٣ میلیارد دۆلاری کە وەک گەورەترین دزی مێژووی کۆماری ئیسلامی ناوزەد کرا و زۆرێک لە بەرپرسانی پایەبەرزی حکوومەتی دەستیان تێیدا هەبوو، بەشێکی بەرچاو لە فەزای ڕاگەیاندنی چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی تایبەت بە خۆی کرد.

قەیرانی ئەمنییەتی

گرتنەبەری سیاسەتێکی چەوت و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچە و جیهان لە تەنیشت سیاسەتە نێوخۆییەکان، ئێرانی زیاتر لە جاران بۆ کۆمەڵگەی جیهانی کردە هەڕەشە و مەترسی. لەو مەیدانەشدا قوربانیانی سەرەکی هەر نەتەوەکانی ئێران بوون. لە ساڵی ٩٠دا چەندین جار شاهیدی هەڵوێستی توندی بەرپرسانی ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیل لە هەمبەر ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران بووین. ئەو هەڕەشانە ئاکامی سیاسەتیی دەستێوەردان و دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و ناوچە و بە تایبەتی ئیسرائیل بوو. هەڕەشەی ئیسرائیل بە سڕینەوەی لە سەر گوێ زەوی، پاڵپشتی ماددی و ڕۆحی لە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک حەماس و حیزبوڵلا، هەوڵ بۆ ڕاگرتنی بەشار ئەسەد لە سەر دەسەڵات و بەشداری لە سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی ئەو وڵاتە، هەوڵ بۆ تیرۆری باڵوێزی عەرەبستانی سعوودی لە ئامریکا و بە گشتی گرتنەبەری سیاسەتێکی کێشەخوڵقێن، ئێرانی ڕووبەڕووی هەڕەشەی نیزامی جیددی کردۆتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕێبەرانی ڕێژیم لەو هەڕەشانە لە پێناو دوورخستنەوەی کێشە و گرفتە نێوخۆییەکان و داپۆشینی سیاسەتی سەرکوت و دواجار پاراستنی نیزام کەڵکیان وەرگرتووە. ئەوان نارازیانی نێوخۆییان بە بیانووی پێوەندی لەگەڵ دوژمنان، لایەنگری لە ئیستکبار، هەڵخەڵەتێنراوانی شەیتانی گەورە و تاوانی لەم جۆرە تاوانبار و بەرەو بەندیخانەکان بەڕێ دەکەن. لە حاڵێکدا بەرەوپیری ساڵی نوێ دەچین کە سێبەری گەمارۆکان، هەڕەشە نیزامییەکان، کێشەکانی نێو دەسەڵات و ... گەیشتۆتە دۆخێکی قەیراناوی و ڕەنگە ساڵی ٩١ وەک ساڵی قووڵبوونەوەی قەیرانەکان و تەریککەوتنەوەی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامی و ڕووبەڕوو بوونەوەی زیاتر لە گەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و دواجار ساڵی لاوازبوونی ڕێژیم لە هاوکێشەکانی ناوچە بێ.

# هاوسەرگیریی کاتی ڕێگاچارە نیە

سمایل سۆهرابی

کۆماری ئیسلامیی ئێران ، هەر لەیەکەم ڕۆژی بەدەسەڵات گەیشتنیەوە، دەگەڵ ئەوەی ئەوکات و ئێستاش دوای سی و سێ ساڵ سیستمێکی داخراو و بێ تیئۆرییەکی زانستی بوو ، لە بواری فەرهەنگی ، ئابووری، زانستی، سیاسی و تەنانەت ئایینی ڕاستەقینەش، بەڵام هاوکات دەگەڵ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵێک باسی کێشەخوڵقێنی بۆ وڵاتەکەمان بەدیاری هێنان و کردنی بە پرسی ئایینی، وەک ویلایەتی موتلەقەی فەقیه، تەقیە، ئیمام پەرستی و هاوسەرگیریی کاتی و ...... لە پێناوی پتەو کردنی دەسەڵاتی ئاخوندی و تیئۆکراسیی دینیدا، هەر چەند بە خۆشییەوە لە لایەن بەشێکی بەر چاوی خەڵکی ئێران بە گشتی و نەتەوە ستەم لێکراوەکان بە تایبەتی، لەگەڵ بەر بەرەکانی ڕووبەڕوو بۆتەوە،تەنانەت ئێستا بەشێک لە خەڵکی شیعە مەزهەب و کەسایەتییە ئایینییەکان ڕەخنەی توندی لێ دەگرن و بە لادان لە ڕێبازی شیعەی دەزانن بە تایبەت شیعە عەلەوییەکان. هاوسەرگیریی کاتی (ازدواج موقت) یەکێک لەم باسانەیە ، کە میکانیزمی بەڕێوە بردنی،گەیشتۆتە پەرلمان و بە جێگای دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی مەنتیقی بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە سەر شێوەی بەڕێوەبردنی، ناکۆکی کەوتۆتە نێوان پەرلمانتاران. بە پێویستی دەزانم بەر لەوەی بچمە سەر نێوەرۆکی بابەتەکە واتە هاوسەرگیریی کاتی ، بە کورتی ئاماژەیەک بە جۆرەکانی هاوسەرگیری لە وڵاتانی جۆراو جۆردا بکەم.

١- هاوسەرگیریی دایم و یەک ژن: ئەمە بە لای هەموو مەزهەبەکانەوە ڕەوایە.

٢- فرە ژنی : ئەگەر بەڵگەی شەرعی هەبێت، وەک نەبوونی منداڵ یان نەخۆشیی ژنی یەکەم کە چاوەڕوانیی چاک بوونەوەی نەکرێ و... هتد بە مەرجی دادپەروەری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەمەش لەڕوانگەی ئایینەوە ڕەوایە و لە هێندێک وڵاتان پێویستی بە ئیجازەی دادگایە. تێبینی لەم حاڵەتانەش دا مافی خولع (خۆتەڵاقدان) بە ژنیش دراوە، کەوابوو ژنیش دەتوانێ ئەگەر مێردەکەشی ڕازی بە تەڵاقدانی نەبێ ،لە لای نەمێنێ و مێردێکی دیکە بکا.

٣- هاوسەرگیریی ژن بەژن «شغار»: بێ لەبەر چاو گرتنی ڕەزایەتی ژنەکان یان کچەکان ئەمەش ناڕەوایە.

٤- هاوسەر گیریی لە بری خوێن: ژن یان کچ بکرێتە قوربانی بۆ نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان دوو بنە ماڵە یان تایفە و.....ئەمەش ناڕەوایە.

٥- هاوسەرگیریی کاتی: ئەمە لە سەر جەم مەزهەبەکانی ئیسلامدا ناڕەوایە ، بەڵام لەلایەن جەعفەرییەکانەوە ڕەوایە، ئەم جۆرە نیکاحە زۆرتر لە باشووری عێراق وئێران دەکرێت بە تایبەتی لەشاری قوم .

٦-هاوسەرگیریی جووت بوون «نیکاح المیسار» : ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەزۆری لە وڵاتانی عەرەبی هەیە .ئەمەش ڕەوایە کە پاشان زیاتر لە سەری دەدوێم .

٧- هاوسەرگیریی عورفی: کە زیاتر لە هاوسەرگیریی کاتی دەچێ تا داییمی، بۆیە بەشی هەرە زۆری زانایان بە دروستی نازانن . ئەو جۆرە هاوسەر گیرییە زۆرتر لە وڵاتی میسر لە ناو گەنجەکاندا باوە .

٨- هاوسەر گیریی هاوڕێیەتی: ئەمە لە هاوسەرگیریی کاتییش زیاتر لە فەلسەفەی هاوسەرگیری بەدوورە، کە لە ئورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی باوە.

٩- هاوسەرگیریی ناوخۆیی: ئەمەش لەناو زۆربەی عەرەبە دواکەوتووەکان باوە کە پێیان عەیبە کچی خۆیان بدەن بە کوڕی خەڵک بۆیە دەیدەن بە ئامۆزا یان خاڵۆزا یان خزمە پلە یەکەکان. ئەگەر کچەکەش شووی بەکوڕەکە نەکرد ئەوا کوڕەکە ناهێڵێ شوو بەهیچ کەس بکات و هەتا هەتایە دەمێنێتەوە یان تا ئەوکاتەی کوڕەکە لەژیاندایە. ئەم جۆرە هاوسەر گیرییە ناڕەوایە.

١٠- هاوسەرگیری کۆیلە: ئەمە پێش ئیسلام و سەرەتای ئیسلام هەبووە و ئێستاش لە ئەفریقا هەیە کە هۆزێک هێرش دەکاتە سەر هۆزێکی دیکە کچە بەدیلگیراوەکان وەک کۆیلە دەکاتە خزمەتکار و هاوسەری ئەو پیاوەی کە گرتوویەتی. ئەم جۆرەش لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ناڕەوایە.

١١- هاوسەر گیریی فرە پیاوی : ئەمەش پێش ئیسلام هەبوو ، ژنێک چەند مێردی دەکرد و منداڵەکەی وێنەی کێی دابا دایکەکەی دەیدا بەو، یان ژنەکە کامیانی زۆر خۆش ویستبا دەیدا بەو . ئێستاش لە هێندێک وڵات بەڕێوە دەچێت بەم جیاوازییە کە منداڵەکان بە نۆرە دابەش دەکرێن.

١٢- مارەیی «تەحلیلی « لە کوردەواری دا دەگوترێ ( بە جاش): ئەمە لە وڵاتی ئێمەش تا چەند ساڵ پێش ئێستا باو بوو .ئەمە زیاتر حیلەشەرعێک بوو کە لە ڕوانگەی شارەزایانی ئایینەوە ناڕەوایە .

١٣- هاوسەرگیریی مردوو: هەندی هۆز لە ئوستڕالیا و هندستان و تەبەت هەن کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەنجام دەدەن. ئەمەش کاتێک دەبێت کە کوڕێکی سەڵت، یان بێ منداڵ دەمرێ ئەوا براکەی بەناوی ئەوەوە ژن دێنێ و ئەگەر منداڵیش بوو بەناو مردووەکەوە ناوی دەنێت و دەبێتە کوڕی ئەو. دواتر براکەی ژنێک بۆ خۆی دێنێ.

١٤- هاوسەرگیریی بەمنداڵی: هەر بەمندالی ژنی بۆ دێنن یان گەورە بە بچووک دەکەن یان دەیان گۆڕنەوە. ناڕەوایە.

١٥- هاوسەرگیریی قەدەغەکراو: ئەمە کەسانێکی خاوەن دەسەلات و پارە کچی خۆیان نادەن بە کەسی ئاسایی و دەیدەن بە دەسەڵاتدار یان سەرۆک هۆز یان کوڕەئاغا و پێیان عەیبە تێکەڵ بە خەڵکی دیکە بن . ئەگەر بەڕەزایەتی کچەکە نەبێ ناڕەوایە.

هاوسەر گیریی کاتی لە ئێران(متعە) :

هێنانە بەرباسی هاوسەرگیریی کاتی، بۆ بەقانوونیکردنی بەشێوەی فەرمی، لە ساڵی ١٣٧٠وە لە لایەن سەرکۆماری ئەوکات واتە هاشمیی ڕەفسەنجانییەوە هاتە بەر باس ، بەڵام موخالیفان زۆر بەتوندی هەڵوێستیان گرتو ڕەتیان کردەوە کە موشکیلاتی جینسیی گەنجەکان لەم ڕێگایەوە بتوانێ چارەسەر بکرێ، بۆیە بۆماوەی دەساڵان ئەم مەسەلەیە کەوتە پەراوێز ،لە ساڵی ٨١ی هەتاویدا جارێکی دیکە هاتەوە بەر باس، بەڵام ئەوجارەش سەرکەوتوو نەبوون و تەنانەت داڕێژەرەکەی بە تۆمەتی ڕەفتاری قێزەون کەوتە زیندان. ساڵی ٨٦ لەلایەن وەزیری کیشوەر موستەفا پورمحەمەدییەوە دیسان هاتەوە بەر باس. هەرچەند لە لایەن وتە بێژی دەولەتی ئەو کاتەوە بایەخی پێ نەدرا و وەک فتوای مەلایەکی شیعە سەیری کرا، بەڵام پشتیوانییەکی باش بوو بۆ پەرە پێدانی.ڕێبەندانی ٩٠ زۆر بەگەرمتر هاتەوە بەر باس.

من لە سەر ئەو باوەڕەم چونکە هاوسەرگیریی کاتی لۆژیکی ئایینی ، عورفی و مەنتیقیی لەگەڵ دانیە ناتوانێ ڕێگاچارە بێ و لەنێو کۆمەڵیشدا وەربگیرێ.

هاوسەرگیریی کاتی لە لایەن تەواوی زانایانی سوننە مەزهەب و بەشێکی بەرچاو لە شیعەی غەیری جەعفەرییەوە بە پێی چەند بەڵگەی شەرعی بەناڕەوا دانراوە:

١- دوای فەتحی مەککە هەر وەک زۆر لە قەدەغەکراوەکان کە لە ناو موسولمانانەدا باو بوون و قۆناخ بە قۆناخ قەدەغە کراون، هاوسەرگیریی کاتی و مەشرووباتی ئەلکۆلییش ڕاستەوخۆ لەلایەن پێغەمبەری ئیسلامەوە (دخ) قەدەغە کراون .

٢- ئەو ئایەتانەی باسی تەڵاق ، بەشە ماڵ ، عیددەی دوای تەڵاق ، لیعان ، ظیهار و نەفەقەی ژن دەکەن، حوکمی هاوسەر گیریی کاتی وموتعە نەسخ دەکەنەوە، چونکە هەمووی ئەم مەسەلانەی کە باس کران ، قورئان ئاماژە یان پێ‌دەکا وتایبەتمەندیی پرۆسەی هاوسەرگیرین، بەڵام لە هاوسەرگیریی کاتیدا لە بەرچاو ناگیرێن.

٣- لە هاوسەرگیریی دایم دا هاوسەرگیری سنوور دار کراوە بە کۆمەڵێک مەرج ، بەپێچەوانە لە هاوسەرگیریی کاتی دا هیچ سنوورێک نیە، بۆیە لە لای سوونیەکان وەک داوێنپیسی»زنا» و لە لای بە شێک لە شیعەکانی دژبەر وەک لەشفرۆشی «روسپی گری» سەیری دەکرێ.

٤- لێکۆلەرەوانی ئایینی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەستنەوەی پرۆسەی هاوسەر گیری بە کات ، دەبێتە هۆکاری بێ متمانەیی و نەبوونی ئۆقرەیی ، بە پێچەوانە لە ڕوانگەی قورئان یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی هاوسەر گیری، ئۆقرەیی و سۆزی تایبەتە لە بەینی هەردووکیاندا کە دەبێتە هەوێنی پێکەوە ژیان.

پێویستە ئاماژە بە ڕێگاچارەیەک بکەم ، کە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئیسلامی پەیرەو دەکرێ ، ئەویش نیکاحی میسیارە، ئەم نیکاحە لە ڕوانگەی ئایینیەوە ڕەوایەو هێندێک هاسانگیریی تێدا ڕەچاو کراوە، وەک ئەوەی نەفەقە،»خەرجی ژیان» و دابینکردنی جێگای ژیان ئەرکی پیاو نەبێ هەرکەس بە جودا ژیان بەرنە سەر ، واتە پیاوە کە بۆ کاری سیکسی سەردانی ژنە کە بکات ، بە لاّم پێویستە هەموو مەرجە کانی هاوسەرگیریی تێدا ڕەچاو بکرێ ، وەک تەڵاق ، عیددە ، میرات، کات دیاری نەکردن، هەبوونی دوو شاهیدو مارەیی و هێندێک مەسایلی دیکەی شەرعی .

کارئاسانیی ئەم هاوسەرگیرییە زیاتر بۆ کچانی بە تەمەن ، بێوە ژن یان ژنان و کچانی لە حاڵی خوێندندایە ، هەر وەها بۆ پیاوانی هاو مەرج .

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێم دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ٩٠٪ی جیهانی ئیسلام زیاتر بە مەبەستی سیاسییە ، وەک ئەوەی خۆی بە سیستمی بنچینەیی جیهانی شیعە نیشان بدات نەک دیتنەوەی ڕێگاچارەی ئایینی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییە کان.

# ڕووسیە دوای هەڵبژاردن چۆن دەتوانێ ببێتە ئەکتەرێکی چالاکتر؟

مستەفا مەعروفی

ڕۆژی ٤ی مارس لە ڕووسیە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەڕێوە چوو. جگە لە ڤیلادیمیر پووتین، سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتە چوار کاندیدای دیکەش لە پێشبڕکێی هەڵبژاردندا بەشدار بوون. لە حاڵێکدا کە ڕۆژی دواتر پووتین و لایەنگرانی جێژنی سەرکەوتنیان دەگرت، دەیان هەزاران کەس لە شارەکانی ڕووسیە بە تایبەتی لە مۆسکۆ و سێن پیترزبۆرگ بە ئیعتراز لە فرت و فێڵ لە هەڵبژاردن دا بە قازانجی پووتین خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. بە پێی ئاماری دەوڵەتی، پووتین ٦٣,٧٥٪ی دەنگەکانی هێناوەتەوە، بەڵام گالووس یەکێک لە نیهادە سەربەخۆیەکانی چاوەدێر بەسەر هەڵبژاردندا ئەم ڕێژیە بە کەمتر دەزانێ و پێی وایە کە هێندێک زیاتر لە ٥٠٪ی دەنگەکانی هێناوەتەوە. بە پێی قانوونەکانی ڕووسیە کاندیدای سەرکەوتوو دەبێ لانی کەم ٥٠٪ی دەنگەکان بێنێتەوە ئەگینا لەگەڵ کەسی دوای خۆی کە زۆرترین ڕێژەی دەنگەکانی هێناوەتەوە، دەکەوێتە دەوری دووەم.

ئەوەی لەم ئامارانەوە دیارە، وا دەردەکەوێ ڤیلادیمێر پووتین بەزەحمەت توانیویەتی لەم هەڵبژاردنە دا بیباتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە پووتین هەرچەند لە پۆستی سەرۆک وەزیران دابوو ـ کە ئەمە بۆخۆی دووەمین پۆستی بە دەسەڵاتە لە ڕووسیەدا ـ بەڵام لەڕاستی دا دەسەڵاتی سەرەکیی بە دەست بوو. پێشتر لە ٢٠٠٠ ڕا تاکوو ٢٠٠٨ بۆ ماوەی دوو دەورە سەرۆک کۆمار بوو. بە پی قانوونی ئەساسیی ڕووسیە وەک زۆربەی وڵاتان سەرۆک کۆمار بۆ کەسێک تەنیا دوو دەورە بە دوای یەک دایە، ئەو کارێکی وای کرد کە دیمیتری میدویدۆف لە دەورەی پێشوو دا وەک سەرۆک کۆمار هەڵ ببژێردرێ کە دەسەڵاتی بەسەر دا دەشکا و پێشتر پووتین بۆخۆی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی دانابوو. دەکرێ وای لێک بدەینەوە کە ڕۆڵی میدویدۆف لەم چوار ساڵەی ڕابردوودا ڕۆڵی پردێکی قانوونی بووە تاکوو پووتین بتوانێ لە دوو دەورە سەرکۆماریی پێشووییەوە پێی دا بپەڕێتەوە بۆ دوو دەورە سەرکۆماری داهاتووی. جگە لەمانەش پووتین ئیمکاناتی تەبلیغاتیی بەرینی دەسەڵاتی لەپشت بوو کە ڕقەبەرەکانی بە هیچ جۆر ئەو ئیمکاناتەیان نەبوو، هەر ئەو ئیمکاناتەش دەرفەتی ئەو فرت و فێڵانەی بە لایەنگرانی دابوو کە موخالیفان و چاوەدێرانی بێلایەن باسی لێ دەکەن کە بە شێوەیەکی بەرین لە هەڵبژاردن دا کراوە.

ئێستا پووتین وەک سەرۆک کۆمار هەڵ بژێردراوە، سەرەڕای ئەو مەوقعییەت و دەسەڵاتەش کە لە حکوومەت دا هەیبوو زۆرایەتییەکی لاوازی بەدەست هێناوە، ئەگەر هەڵبژاردنێکی بێ فرت و فێڵ بەڕێوە چووبایە ڕەنگ بوو لە دەوری دووەم دا هەڵبژێردرێ. ئەوەی لەو هەڵبژاردنە و ئاکامەکانیدا جێی تێبینییە، ئەویە کە هەم پووتین لە چاو دەورەکانی پێشوو خاوەنی ئەو نفووزو خۆشەویستییە نییە کە جاران لە نێو خەڵکی ڕووسیەدا هەیبوو و، هەم خەڵکی ڕووسیەش لە چاو پێشوو زیاتر خوازیاری دێموکراسین و زیاتر بە چاوی ڕەخنەگرانەوە دەڕواننە حکوومەت. بێگومان ئەو بارودۆخە وای کردوە کە پووتین چ لە نێوخۆی ڕووسیە و چ لە پێوەندی لەگەڵ دیپلۆماسیی دەرەوە دا قورسایی جارانی نەبێ، کەوابوو ناتوانێ هەر بە سیاسەتەکانی پێشوویەوە لە نێوخۆ دا حکوومەتەکەی بەڕێوەبەرێ و لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیشدا وەک ئەکتەرێکی چالاک دەرکەوێ.

پووتین لە ڕابردوو دا لە ڕووسیە وەک قارەمانێکی نەتەوەیی سەیری دەکرا، دەسەڵاتدارێکی بێ ڕکەبەر بوو، موخالیفانی کەم و ناڕێکخراو بوون. بەرینایی خاک ـ وەک گەورەترین وڵاتی جیهان لە ڕووی ڕووبەری جوغرافیاییەوە ـ چەکی ئەتۆمی و نەفت و گازێکی زۆری ڕووسیە توانا و دەسەڵاتێکی زیاتریشیان پێ بەخشیبوو، هەربۆیە وەک ئاڵاهەڵگری ڕقەبەرایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەجووڵایەوە. ڕووسیە تا ئێستا پشتیوانیی لە ڕێژیمە ناوچەییەکانی وەک ئێران و سووریە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڤینزۆئێلا و کووبا لە ئەمریکای لاتین کردوە کە هەموویان لە دیکتاتۆرترین ڕێژیمەکانی ئەم سەردەمەن و دژی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانی ڕووسیە بوون. پێشتریش ئەو پشتیوانیەی لە ڕێژیمی لیبی دەکرد.

داخوا ئێستا کە موخالیفانی پووتین لە ڕووسیە زۆرترو



ڕێکخراوترن ـ کە بێگومان لە داهاتوو دا بەهێزتر و ڕێکخراوتریش دەبن ـ بە ڕێژەیەکی لاوازی دەنگەوە بۆتە سەرکۆمارو هێندێک لە هاوپەیمانەکانی وەک لیبی لە دەست داوە و خەریکەسووریە ـ ڕەنگە دواتر نموونەی دیکەشیان هەبێ ـ لەدەست دەدا، ناو براو دەتوانێ هەر بە سیاسەتەکانی پێشوویەوە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا؟ وەک باس کرا هەل و مەرج بۆ پووتین گۆڕاوە، کەوابوو بە پێی مەنتیق دەبێ چ لەنێوخۆ دا چ لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەدا گۆڕان بەسەر سیاسەتەکانی دابێنێ. سیاسەتی پاوانخوازانەی پووتین لە ڕووسیە، مەجال نەدان بە موخالیفان و بەکارهێنانی دەسەڵات بە قازانجی پتەوکردنی پێگەی خۆی، نفووزی خۆی و حکوومەتەکەیانی لە ڕووسیەدا لاواز کردوە. سیاسەتی پشتیوانیی پووتین لە دواکەوتوو ترین و دیکتاتۆرترین ڕێژیمەکان لە هەموو ناوچەکانی جیهان، وێنایەکی دزێویان لە ڕووسیە لەلای بیر و ڕای گشتیی جیهانی کێشاوەتەوە. لەم بارەیەوە وڵاتێکی خاوەن ئیعتیباری وەک ڕووسیە لە ڕووی سیاسییەوە بە ڕادەیەک بەرەو توتالیتاریزم ڕۆیشتوە کە لەگەڵ ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی بەراورد دەکرێ، چونکە هەڵبژرادنەکانی ڕووسیە ـ چ هەڵبژاردنی پارلمان لە دیسامبری ڕابردوو داو چ ئەمەی ئێستا ـ وێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ بەسەرهاتی هەڵبژاردنەکان لە ئێران دا هەیە. هەر بۆیەش ئەحمەدی نەژاد بە گەرم و گوڕیەکی زۆر و بەر لە هەموو لایەک پیرۆزبایی لە پووتین کرد.

ڕووسیە هەرچەند نەک وەک زلهێز، بەڵام ئێستاش یەکێک لە هێزە گەورەکانی جیهانە و گرنگییەکی ژێئۆپۆلیتیکیی لە جیهان دا هەیە و میراتگری هێز و توانای زلهێزێکی وەک یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوویە. ئەگەر دەسەڵات لەم وڵاتە دا ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی خۆی و پێوانە و پرەنسیپەکانی دیموکراسی بگرێ و هەروەها لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیدا ڕێز لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میلەتانی دیکتاتۆر لێدراو بگرێ و پشتی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان نەگرێ، دەتوانێ لەنێوخۆدا بەهێزتر بێ و لە دەرەوەش دەوری زیاتری هەبێ و کاریگەریی زیاتری لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دا هەبێ.

# نەورۆز، جەژنی کۆنی کوردەواری هاتەوە

تەها ڕەحیمی

ململانێی مرۆڤ و سروشت بە درێژایی هەزاران ساڵ و تەنانەت زیاتر بوو بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە داڕشتنی کەسایەتی و بوون و مانی خۆیدا بۆنە و بابەتی جۆراوجۆر بخولقێنێ کە زۆربەیان ئێستاشی لەگەڵ بێ تانوپۆی ژیانی مرۆڤیان لەخۆ گرتوە. سەرما و گەرما تووڕەیی و هێوری، بریسکەو باو باران و .......... هەر هەموو دیاردەکان بۆ مرۆڤێک کە شەڕی مان و نەمانی دەگەڵ هێزێکی بانئاسایی و نەناسراو و بێ بەزە دەکرد کاریان کردە سەر ڕەوتی ژیانی و نەمامی بیروباوەڕیان قۆناخ بە قۆناخ هەڵچنی و هەر کام بە جۆرێک کاریگەریان هەبووە لەسەر ڕەوتی ژیانی پڕ لە مەینەتیی تا بۆ درێژەی ژینی لە سەر ئەم گۆ گڵینە هزرو بیری خۆی پشت بە پشت بۆ نەوەکانی دوای خۆی بە جێ بێڵێ. لەم پێناوەدا لە چوار قورنەی دنیادا هەر خێڵ و عەشیرەو کۆمەڵەو نەتەوەو ئایین و ڕێچکە هزرییەکان بە پێی کات و ساتی داهاتن و پێکهاتن بۆنە و ڕێوشوێنی تایبەتیان دامەزراندوە کە ئەم بۆنانە بەرەبەرە لە گەردەلوولی مێژوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە شتیان لێ زیاد کراوە، پاژێکیان لێ قرتاوەو بە پێی پێویستیی خاوەنەکانیان هەڵشێلدراونەتەوەو تەنانەت زەوت کراون، چەواشە بوون و بەلاڕێدا براون و بە هەزاران چیرۆکی دیکە. کە لەم نێوەدا ئەوانەی کە زیاتر بندەست بوون زیاتر پێخوستی گێژەڵووکەی دەسەڵاتی تیژپەڕی ئاژاوەگێڕان و سەربە گوڵمەزان هاڕیونی. ئەو نەتەوانەی بە ڕێکەوت و بە ئانقەست ملکەچ کراون دەگەڵ شێواندنی کەسایەتی و مێژووو شانازی و کەلەپوورو فەرهەنگەکەیان، دەسکەوتەکانی زووشیان بە تاڵان براوەو لە بیروڕای گشتی دا بێ هیچ شانازی و سەروەرییەک ماونەتەوە. گەلی کورد کە بە سەدان ساڵە وڵاتەکەی داگیر کراوەو جار دوا جار پارچە پارچە کراوە، دەسکەوتەکانیشی بە تاڵان براوەو لە لایەن داگیرکەرانەوە بۆنە و شانازییەکانیشی وەک خاکەکەی کەوتۆتە بەر ڕاووڕووتی زۆردارانەوە. نەورۆز یەکێک لەم بۆنانەی وڵاتی کوردەوارییە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی داگیرکەران بۆ داماڵین لە مۆرکی کوردەواری هێشتا هەر ڕەنگ و بۆنی کوردی و ئایین و دەنگی کوردی لێوە دەبینرێ و دەبیسترێ. داگیرکەران ئەگەرچی ئەم بۆنەیەیان بۆ نەدزراو نەیانتوانی مۆرکی کوردی لێ بتەکێنن و کوردیش لەنەورۆز داماڵن هەنووکە بووەتە بۆنەیەکی ئازادیخوازی و (اعلانی موجودیت) لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشاندا بۆ کوردو، کورد لەهیچ بۆنەیەک دا بە قەدەر نەورۆز یەکگرتووانە دەر ناکەوێ.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاخێزگەی چەند ژیاری کۆن و ئایینی گەورەی جیهانی و لە بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی چەند نەتەوەدا بە شکۆو مەزنایەتییەکی زۆرەوە باس لە نەورۆز دەکەن و لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا بە ڕێوڕەسم و خۆئامادە کردنێکی زۆرەوە بە پێشوازییەوە دەچن. ئەگەرچی ڕوانگەو بیروبۆچوونێکی زۆر لەسەر ئەم بۆنەیە هەیە بەڵام ڕوانگەگەلێکی یەکدەست و یەک ئاراستە بەدی ناکەین. تەنیا ئەوە نەبێ کە زۆربەیان هۆکاری وەک گۆڕانی کەشوهەواو وەرزی ساڵ لە سەردەمانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بە ئاخێزگەی ئەم بۆنەیە دەزانن کە لەم پێوەندییەشدا زیاتر ناوی بابێل بەرچاوە. پاشان هێندێک لەسەر ئەم بڕوایەن کە نەورۆز ملکی ئیلام، کاسی، گوتی، ئۆرارتوری و گەلانی بەر لە هاتنی ئارییەکانە چونکی مرۆڤی دانیشتووی نێوان دوو زێ و کوێستانەکان و دەوروبەری ئەم ناوچەیە بە ئاژەڵداری و وەرزێری دەژیان و دەگەڵ کۆچی ساردو سۆڵی و شکانی تەزوو و هاتنی شیناوەرد و تفاق و خواردن کە دیارە پتری مرۆڤیش هەر بە گیاوگژ ژیاوەو توانیویە لە کونەکانی خۆی بێتە دەرو قۆناخێکی نوێی تێکۆشان دەست پێ بکا، وەک شتێکی پیرۆز چاوی لەم گۆڕانە کردووەو ڕێزی لێ گرتوە. هەروەها کەسانێکی دیکەش هەن کە بە داب و داهێنراوی خودی ئارییەکانی دەزانن. بە هەر حاڵ زیاتر لەوەی لەسەر ناڕۆین چونکی ڕوانگەو تیۆری و گریمانەی زۆر لەمبارەوە هەیەو لە لایەکی دیکەشەوە هەر پادشاو دەسەڵاتدارو نەتەوەیەک بە قازانجی خۆی گریمانەو تیۆری بۆ نەورۆز داتاشیوەو دادەتاشێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی پێوە هەڵداوەسن و چیرۆک و ئەفسانەی بۆ دەهۆننەوە. خاڵێکی جێگەی ڕامان هەر ئەوەیە زیاتر ئەم بۆنەیە لە زۆربەی ڕوانگەکاندا نیشانی نوێبوونەوەو ژیانەوەو ژیاندنەوەیە. لەم سەردەمەدا کوردی هەموو پارچەکان، لە ئێران، تورکیە، ئەفغانستان، تاجیکستان و ئەرمەنستان بەگەرمی بە پێشوازی نەورۆزەوە دەچن.

بیروبۆچونەکان و گریمانەکان لە لایەکەوە هێند زۆر و لە لایەکیشەوە هێند لێک دوورن کە زۆر هەڵدەگرێ



و هەروەها هەر نەتەوەو تەنانەت پاشاو بنەماڵەیەکی دەسڕۆیشتوو و دەسەڵاتدارێک لە ڕێگەی جۆراوجۆرو تئۆریی جیاوازەوە ڕیشەو ڕەچەڵەکی خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبەنەوە سەر نەورۆز و خۆی پێوە هەڵداوەسن تا کۆن بوون و ماکەکانی هەژمۆنی خۆیانی زیاتر پێ داکوتن.

بەڵام هەر چییەک بێ دەتوانین بڵێین نەورۆز یەکەم ڕۆژی ساڵ و ڕۆژێکی نوێ لە وەرزێکی نوێ و سەرەتای دەسپێکی قۆناخێکی دوروودرێژە لە تێکۆشان و ژیان، هەروەها ئاورکردنەوەکەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاور ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەبووەو دۆزینەوەی ئاور خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرانبەرە بە داهاتنی چاپ لە سەردەمانی دواتر. یا ئەوەی وەک دەڵێین پێوەندیی بە ئایینی زەدەشتییەوە هەبێ، ئەگەرچی بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە کتێبە پیرۆزەکەی ئاوێستادا باس لە نەورۆز کراوە بەڵام سەرچاوەو بابەتی داهاتنی ئەم بۆنەیە باسی لێ نەکراوە. کە ئەمەش بەبڕوای هێندێک لە خاوەن ڕایان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی بەشەکانی ئاوێستا فەوتاون و دواتر لە سەردەمی ساسانییەکاندا نووسراونەتەوە.

بابەتێکی حاشاهەڵنەگری کورد ڕیشەی هزرو بیروباوەڕی ئەم نەتەوەیە لە ئایینی زەردەشتی کە هەتا ئیسقان بە فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی ئێستاکەی ئەم نەتەوەیەشەوە هەر دیارە. هاتنی ئایینی ئیسلام نەبووە هۆی ئەوە کوردەکان وەک زۆربەی وڵاتانی (سوریە، عێراق، میسر، لوبنان و ......) بە عەرەب ببن (مستعرب) هێشتا پشتێنی سێ گرێ باس لە ئاکاری باش، کرداری باش، گوتاری باشی زەردەشت دەکا و زۆربەی خوو و عاداتی کوردان دەگەڕێتەوە سەر ئەم ئایینە مەزنە کە سەرچاوەو ئاخێزگەکەی و تەنانەت هەروەک دەوترێ پێغەمبەرەکەشی لە باب و باپیرانی کوردەو کتێبە پیرۆزەکەشی بە زمانی مادی نووسراوە. بە هەر حاڵ زۆر وتن لە سەر هێندێک بابەت کە گرووپ و کۆمەڵێکی زۆر خۆی بە خاوەنی دەزانن و بۆ بەدبەختی کوردیش لە بەر ئەوەی کە بندەست بووەو نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست کاری بۆ بکا و بەڵگەو دیکۆمێنتی بۆ بدۆزێتەوەو تەنانەت ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی هەشی بووە گۆڕیوەو لێیان دزیوەو بە ناوی نەتەوە باڵادەستەکانەوە لە جیهان دا ناسراون وتۆمار کراون ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە. ئەوەی بەرسەرنجی ئەم نووسینەیە گرنگیی بۆنەی نەورۆز لە کاتی ئێستا دایە کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە گوڕو تینێکی زۆرەوە بەڕێوە دەچی و جگە لە باشووری کوردستان کە هێندێک لە مافەکانی دەستەبەر بووەو حکوومەتێکی کوردی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لە پارچەکانی دیکە نەورۆز وەک بۆنەیەکی جیاکەرەوەی کورد چاو لێ دەکرێ و بووەتە دەرفەتێک بۆ خۆ پێناسە کردنەوەو دەگەڵ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بەشکۆ و تایبەتەوە ڕۆژێکە بۆ دەربڕینی بێزاری لە داگیرکەران و هێنانە ئارای داواو داخوازییە نەتەوەییەکان. کە ئەم ڕێوڕەسم و بۆنە خۆشییانە لە باکووری کوردستان بە لوتکەی خۆی دەگاو ساڵانە جەژنێکی بە شکۆ لە دیاربەکر ناوەندی ئەم پارچەیە بەڕێوە دەچێ. لە ڕێوڕەسمەکانی شاری دیاربەکردا کە هەموو ساڵێ دەیان هەزار کەس ئامادەی دەبن ناسنامە و پێگەی سیاسی و داخوازییەکانی دیکە بەرز دەکرێنەوەو تەنانەت چەند ڕۆژ پێش نەورۆز ئامادەکارییەکانی ڕۆژی نوێ دەست پێ دەکرێن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە شارو گوندەکان زۆر بە شکۆوە بەرەو پیلی ئەم بۆنەیەوە دەچن و کوردستان یەکدەست ڕێز لەم بۆنەیە دەگرن. هەروەها سەرەڕای نەورۆز سێزەبەدەریش هەروەک چوارشەمە سووری لە ڕۆژهەڵات بە شکۆیەکی مەزنەوە بەڕێوە دەچێ.

# تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و بە ژینۆسایدکردنی پرسی کورد

ڕێبوار مەعروف زادە

لە کاتژمێر ١١ و ٢٠ دەقیقەی بەیانیی ١٦ مارسی ساڵی ١٩٨٨، ٥٠ فرۆکەی حیزبی بەعسی عێراق کە هەر یەکەیان چوار بۆمبی (٥٠٠ کیلۆیی) پێبوو پەلاماری شاری هەڵەبجەیان دا. دووکەڵێکی سپی بڵاو بۆوە و دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە خەڵک هەستیان بە بۆنی سێو کرد و لە کیمیابارانی هەڵەبجە ئاگادار بوون. لەو پەلامارەدا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی سڤیلی ئەو شارە شەهید و زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس بریندار بوون. دیارە سەرەڕای تێپەڕینی ٢٤ ساڵ بە سەر تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەتاکوو ئێستاکەش خەڵک و خاکی ئەو شارە بە دەست ئاسەوارەکانی چەکی کیمیایی دەناڵێنن.

بێ گومان پێویستە لە بەستێنە مێژوویی و سیاسی یەکانی ئەو کاتی جیهان، کە ئەو تاوانەی تێدا ئەنجام درا، تێبگەین بەڵام نەک بۆ ئاسایی نیشاندان و پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکە، بەڵکوو لە پێناو خستنە ژێر پرسیاری سیاسەت و ئەخلاقی ئەو کات و ئێستای مرۆڤایەتی و جیهان. ئاخۆ ئەو مرۆڤانەی ئەو کردەوەیەیان ئەنجام دا چ کەسانێک بوون؟ ئەو مرۆڤانەی بە چاوی خۆیان ڕەشەکوژی خەڵکیان دەدی چیان کرد؟ ئایا کۆمەڵکوژیی خەڵکی هەڵەبجە بۆتە سەرمایەیەکی گشتی مرۆڤایەتی؟

١- کیمیابارانی هەڵەبجە و کوردستان: شەڕی کۆماری ئیسلامی و سەددام لە ٢٢ی سپتامبەری ١٩٨٠ دەستی پێکرد و تا ١٧ی جووڵای ١٩٨٨ درێژەی کێشا. بەو پێیە کیمیابارانی هەڵەبجە لە دۆخی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا ڕوویدا. هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی و کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری یەکتر لە هەوڵی پاشەکشە بە هێزەکانی ئەرتەشی عێراق لە شاری هەڵەبجە بوون. ڕۆژی ١٥ی مارس ١٩٨٨ لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە هەواڵی ئازادکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کۆمەلانی خەڵک خوێندرایەوە. سەیر ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو سەرکەوتنەی بە ناوی عەمەلیاتی وەلفەجری ١٠ دەخوێندەوە و هەرا وهورییایەکی گەورەی نایەوە کە پاسدارەکانی ئەوان گەیشتوونەتە لێواری سەدی دەربەندیخان و تا ٨٠٠ کیلومتر لە نێو خاکی عێراقدا پێشرەوییان کردوە. دیارە زاڵبوونی کۆماری ئیسلامی بە سەر سەدی دەربەندیخان، کە نزیکەی چوار ملیارد میتری سێجا ئاوی تێدا بوو و ئەو ئاوە بەشی نوقمکردنی پارێزگای دیالە و بەغدا و پارێزگاکانی باشووریشی دەکرد، ترس و قینێکی گەورەی لە لای ڕژێمی بەعس دروست کرد. لە بەیانی ١٦ مارس هێزی ئاسمانیی بەعس بە بومبارانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی تراژیدییەکی مرۆییان خوڵقاند. دیارە کیمیابارانی هەڵەبجە بەشێک بوو لە هەڵمەتەکانی ئەنفالی ڕژێمی بەعس لە دژی کورد کە لە سەرەتای ١٩٨٧ دەستی پێکرد و تا سێپتەمبەری ١٩٨٨ درێژەی کێشا. لە کاتی ڕوودانی تراژیدییەکەدا هێزەکانی کوماری ئیسلامی لە نزیک ڕووداوەکە بوون، هەر بویە بەشێکی زۆر لە نەخۆشەکان بۆ چارەسەری بەرەو تاران بەڕێ کران. هەروەها ئەو کات وەفدی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی سنوورەکانی ئێران سەردانی شاری هەڵەبجەیان کرد. دیارە هەڵوێستی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستێکی سیاسی و بە دژایەتی لە گەڵ حیزبی بەعس بووە، بەڵام هەڵوێستی مرۆڤانەی خەڵکی مەدەنیی ئێران(ڕۆژنامەنووسان، وێنەگران، تیمەکانی فریاکەوتن و دوکتۆرەکان) هەتاهەتایە شایانی ڕێزگرتنە. لێرەدا سەرنج بدەنە وتەکانی یەکێک لەو دوکتۆرە ئێرانییانە: «ئاغای کازمی دەڵێ سەدان بریندارمان گواستەوە بۆ ناوەندەکانی چارەسەری پزیشکی، لە کاتی کارەکانمدا دیمەنێکی مەرگ هەژێنم بینی. ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵان کە دووهەم ساڵی شووکردنی بوو، بە دژواری بریندار کرابوو، ژنەکە دووگیان و لە حاڵەتی منداڵبووندا بوو. دوکتورەکان هەوڵیاندا منداڵەکە لە زگی دەربهێنن، بەڵام ژنەکە ڕێگەی نەدا. ژنەکە وتی : « من دەمرم بۆیە ڕێگە نادەم منداڵەکەم بێبەش بێ لە سۆزی دایکایەتی» پاش کەمێک وتی: « من دەمرم بۆیە نەشتەرگەریم بۆ بکەن ، بەڵکوو کوڕێکم ببێ ببێتە پێشمەرگە بۆ گیانی جاشەکان» ، من ئەو کات نەمدەزانی (جاش) چییە، منداڵەکەیان لە زگی دەرهێنا، منداڵەکەی کوڕێک بوو. هەر لەوێدا ناوی نا (تۆڵە)، ژنەکە کاتێک منداڵەکەی بینی خەندەیەک کەوتە سەر لێوەکانی، دیار بوو ئەوە دوا بزەی ژیانی دەبێ چۆنکە بە دژواری پێکرابوو. ڕەنگە ئێزرائیل هەر بۆ لە دایکبوونی منداڵەکە گیانی ژنەکەی نەستاندبێ، ئەگینا ڕادەی بەرکەوتنی ژنەکە یەکجار مەترسیدار بوو. بەداخەوە دوای خەندەی سەر لێوەکانی بۆ هەتاهەتایە دڵی لە لێدان کەوت، ئێستا نازانم تۆڵەی کوڕی لە کوێیە، هەموو هیوام بینینی تۆڵەیە و هیوادارم هەر لە ژیاندا بێ.»(هاوکار محەممەد، شایەتحاڵانی ئێرانی چیرۆکی هەڵەبجە دەگێڕنەوە)

دیارە شوێنپەنجەی هەڵەبجە لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەی هەفتای هەتاوی دەردەکەوێ. خوێندکارە کوردەکان بۆ ڕەخساندنی مەجاڵی چالاکی و بەخشینی شۆناسی نەتەوەیی بە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی هەوڵ دەدەن لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە کەڵک وەربگرن. لە ڕاستیدا تاوانی هەڵەبجە توانی هاوبەشییەکی گەورە لە نێو خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاران، تەورێز، هەمەدان، ورمێ، کرماشان و ... دروست بکا. هەر بۆیە لە ئێستادا نزیک بە دوو مانگ پێش لە ١٦ی مارس خوێندکارە کوردەکان هەوڵی وەرگرتنی ئێزنی بەڕێوەچوونی ساڵیادی هەڵەبجە دەدەن. بەو پێیە هەڵوێستی نەتەوەیی ئەو خوێندکارانە لە هەمبەر کیمیابارانی هەڵەبجە، دەرفەتێکی هاوبەشی نەتەوەیی لە نێو زانکۆکان و بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری ڕەخساندوە. هەروەها هاوبەشییەکی مرۆڤی و نەتەوەیی گەورە لە نێوان بەرکەوتووانی کیمیابارانی شاڕی هەڵەبجە و سەردەشت هەیە، هەموو ساڵێک خەڵکی ئەو دوو شارە لە ڕێورەسمەکانی یەکتردا بەشداردەبن و هاوکاریی یەکتر دەکەن. دیارە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی پێویستی بە هەبوونی بۆنە، هێما و مەجاڵی هاوبەش هەیە. بوونی ئەو بۆنە، هێما و مەجاڵە هاوبەشانە یارمەتیی ئەوە دەدەن کە گۆتاری نەتەوایەتی، سایکۆلۆژی و ئیرادەی مرۆڤی کورد، بەهێزتر و یەکگرتووتر بێ. پێویستە سەرنج بدەینە ئەوەی کە کیمیابارانی هەڵەبجە کارەساتێکی مرۆڤی گەورەیە، بەڵام دەرفەتێکی گەورەشە. ئەو دەرفەتە بەمجۆرە دەخوڵقێ کە ئەحزابی کوردی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ ئاستێکی سیاسی باڵا بەرز بکەن و بیکەنە دەروازەیەک بۆ قسە کردن لە سەر مافی نەتەوەیی کورد و پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان.

٢- کیمیابارانی هەڵەبجە و جیهان: دیارە شکستی حکوومەتی بەعسی عێراق لە ڕەوتی شەڕدا، لە بەرامبەر هێزە کوردییەکان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاڕی هەڵەبجە، ترس و قینێکی گەورەی دروستکرد، بەڵام ئەوەی کە ئەو ترس و قینە بە چەکی شیمیایی پشتئەستوور کرابوو بابەت و دەروازەیەکە بۆ ئاگادار بوون لە هەڵوێستی ئەو کاتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دواجار خستنە ژێر پرسیاری سیاسەت و ئەخلاقی ئەو کات و ئێستای جیهان. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە وڵامی ئەو سێ پرسیارە بدەینەوە: ئەڵف) ئایا مێژووی بە کارهێنای چەکی شیمیایی بۆ پەلاماری حکوومەتی بەعس بۆ شاڕی هەڵەبجە دەگەڕێتەوە؟ ب) ئایا تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ژینۆساید لە جیهانی ئەمرۆدا هێزی نەماوە؟ ج) چ بکەین هەتاکوو تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ژینۆسایدی کورد، ببێتە سەرمایەیەکی نەتەوەیی و سەرمایەیەکی مرۆڤایەتی؟

ئەڵف) چەکی شیمیایی بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی ٢٢ ئاوریڵی ١٩١٥ لە ڕەوتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەکار هات. لەو ڕۆژەدا سەربازەکانی ئاڵمانی لە ناوچەیەک هەڵکەوتوو لە سنووری بەلژیک بە کەڵک وەرگرتن لە ٦ هەزار سیلەندری هەڵگری گازی کۆلۆر، گازی ژەهراویان بە دژی سەربازەکانی هاوپەیمانان بە کار هێنا. ئەو ڕووداوە بووە هۆی گیان لە دەست دانی زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار و بریندار بوونی زیاتر لە ١٥٠٠٠ کەس. دە ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ ڕێککەوتننامەی ژێنێڤ یان، قەدەغە کردنی کەڵک وەرگرتن لە چەکی شیمیایی و خنکێنەر لە شەڕدا، واژۆ کرد. ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە بووە سەرمایەیەکی مرۆڤایەتی و بەربەستێک بۆ پێشگرتن لە کەڵک وەرگرتن لە چەکی شیمیایی لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا. دیارە عێراق و ئێرانیش ئەو ڕێککەوتننامەیان واژۆ کردبوو، بەڵام عێراق لە ڕەوتی شەڕدا ئەو ڕێککەوتنەی پێشێل کرد. سپای عێراق بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٢ چەکی شیمیایی لە دژی هێزەکانی ئێران بە کار هێنا. سپای عێراق بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کاتژمێر چوار و نیوی پاش نیوەڕۆی ٢٨ ژوئەنی ساڵی ١٩٨٧ ، واتە هەشت مانگ بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە، چەکی شیمیایی بە دژی شاڕی سەردەشت بە کار هێنا. لەو هێرشەدا ١١٠ کەس لە خەڵکی مەدەنی سەردەشت کوژران و نزیک ٨٠٠٠ کەس بریندار و ژەهراوی بوون. دیارە لە ڕەوتی شەڕی ئێران و عێراقدا هەر چوار زلهێزی جیهان واتە ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە و یەکیەتیی سۆڤییەت پشتیوانی سەددام بوون، هەر بۆیە پێشێل کردنی یاساکانی نێودەوڵەتی و بە کارهێنانی چەکی شیمیایی لە لایەن سپای عێراق پەردەپۆش دەکرا. ئەو بێ هەڵوێستی و کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر کیمیابارانی سەردەشت بەستێنی دروستکرد تا تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژیی کورد دیسان ئەنجام بدرێ. هەروەها پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە دیکتاتۆریی سەددام بە بێ یارمەتی تەکنۆلۆژی ڕۆژئاوا نەیدەتوانی تاکە نارنجۆکێکی ژەهراوی دروست بکا، چ بگا بە ئەوەی بۆمبی شیمیایی بەرهەم بێنێ. بەو پێیە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ژینۆسایدی گەلی کورد بەرهەمی هاوپێوەنیەدی نێوان قین، دواکەوتوویی و فاشیزمی بەعس بوو لە گەڵ تەکنۆلۆژی، زانست و مۆدێرنەی ڕۆژئاوا. دیارە لەو هاوپێوەندی نامرۆڤانەیە دەوڵەتی ئاڵمانی ڕۆژئاوا پشکی شێری بەر دەکەوێ. کارگە و کۆمپانیاکانی ئاڵمان لە فرۆشتن، دامەزراندنی بنیاتەکانی چەکی شیمیایی و ڕاهێنانی موهەندیسەکاندا هاوکاری دەوڵەتی عێراق بوون. کەڵک وەرگرتنی سۆپای عێراق لە چەکی کیمیایی بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٤/١٢ لە نێو پارلمانی ئاڵمانیشدا مشتومڕ بێتە گۆڕێ. ئەندام پارلمانی سەر بە پارتی سۆسیال دێموکرات(ڤینسل) کە ئەو کاتە لە ئۆپۆزسیۆن دا بوون لە دوکتور مێرتس وەزیری پارتی دێموکرات مەسیحییەکان(پارتی دەسەڵاتدار) پرسیار دەکا: « ئایا بە کاردانەوەیەکی گونجاوی نازانی کە لە بەر بەرژەوەندی و ئابرووی ئاڵمان لە بەردەم ڕای گشتی و هەروەها لە پێناو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی، حکوومەتی ئاڵمان مۆڵەتی ئیقامە لە کارگە ئاڵمانی و بیانییەکانی دروستکەری فرۆکەی سەربازیی بۆ عێراق و فرۆکەوانە عێراقییەکان کە ماوەیەکە بۆ فێربوونی پیشەکەیان لە کارگەیەکی گەورەی ئالمان دان بستێندرێتەوە، هەتاکوو دڵنیا بین کە عێراق دیسان پەنا ناباتە بەر بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو؟ دوکتور مێرتس وڵام دەداتەوە: «ئەمەی تۆ دەیڵێی بە واتای سزادان دێ. من ئەوەی بە باش و گونجاو نازانم.» پارلمانی ئاڵمان لە مارسی ٢٠٠٣ ش ئامادە نەبوو یادداشت نامەیەک سەبارەت بەو کارگە و کۆمپانیایەی کە کەرەسە و پێداویستیی دروستکردنی چەکی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتوە وەربگری. هەروەها داوای قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی کیمیاباران، لە لایەن حکوومەتی ئاڵمان، ڕەتکرایەوە. هەر بۆیە پێویستە هەر تاکێکی کورد هەموو ساڵێک لە ١٦ مارسدا، بە ئەنجامدانی خۆپێشاندان، هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا و فاشیزمی بەعس وەبیر جیهان بێننەوە.

ب) لێرەدا بۆ ئەوەی نیشان بدەین کە ژینۆساید لە پێوەندی نێودەوڵەتی ئێستادا هەر پڕبایەخە دوو نموونە دێنینەوە:

١- ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان: ئەرمەنییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە دەستی ئیمپراتۆری عوسمانی و تورکە لاوەکان ژینۆساید کران. بە هۆی قبوولنەکردنی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە لایەن دەوڵەتی تورکیە زیاتر لە ١٩ ساڵە(لە ساڵی ١٩٩٣ وە) کە سنوورەکانی ئەرمەنستان-تورکیە بە داخراوی ماوەتەوە. نزیک بە ١٠٠ ساڵ لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان تێدەپەڕی، بەڵام هەوڵی ئەوان بۆ بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدەکەیان هەروا بەردەوامە. لە ژێر کاریگەریی ئەرمەنییەکان و بە تایبەتی دیاسپۆرای ئەرمەنی پارلمانی فەرانسە لە ڕۆژی ٢٢ دێسامبەری ٢٠١٢، لە پێوەندی لە گەڵ ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان، یاسایەکی پەسند کرد کە بە پێی ئەو یاسایە هەر کەسێک نکۆلی لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان بکا ڕووبەڕوی یەکساڵ زیندان و دانی غەرامەی ٤٥ هەزار یۆرۆیی دەکرێ.

٢- هۆلۆکاست: ژینۆسایدی یەهوودییەکان لە شەڕی دووهەمی جیهانی بە دەستی نازییەکانی ئاڵمان ئەنجام درا. ئەو ژینۆسایدە لە سەر دروستکردنی هەوڵێکی نێودەوڵەتی لە پێناو بوونی وڵاتێک بۆ سەقامگیری و ئاسایشی یەهوودییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا. ژینۆسایدی یەهوودییەکان نەک لە ڕابردوودا کاریگەر بووە، بەڵکوو ئێستاکەش هەر پڕبایەخە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٥، لە دژکردەوە بە قسەکانی ئەحمەدی نیژاد لە پێوەندی لە گەڵ نکۆڵی کردنی هۆلۆکاست، کۆڕی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک هۆلۆکاستی وەک ڕووداوێکی مێژوویی پەسند کرد و ١٩٢ وڵاتی جیهان، ٢٧ ژانوییەیان وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی هۆلۆکاست دەستنیشان کرد.

ج) دەبینین کە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان و هۆلۆکاست سەرمایەیەکی نەتەوەیی ئەوان و سەرمایەیەکی گشتی مرۆڤایەتییە. نەتەوەی کورد بە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژیی دەرسیم، کۆشتاری قارنێ و قەڵاتان و کیمیابارانی سەردەشت، کۆشتاری شاری ئامووداو... بۆ ئەوەی ئەو تراژدییە نەتەوەییانە بکاتە سەرمایەیەکی نەتەوەیی و سەرمایەیەکی گشتیی مرۆڤایەتی.

١- هەموو ئەحزابی کوردی ئاستی سیاسی ئەنفاڵ و تاوانی کیمیابارنی هەڵەبجە بەرز بکەنەوە و ڕۆژی ١٦ مارس وەک ڕۆژێکی فەرمی و نەتەوەیی دەستنیشان بکەن. هەروەها هەوڵ بدەن هەتا ١٦ مارس وەک ڕۆژی جیهانیی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی دیاری بکرێ.

٢- هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد هەوڵی بە فەرمی ناسینی هۆلۆکاست، ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان، بۆسنییەکان و ... بە گشتی هەوڵی بەفەرمی ناسینی کۆمەڵکوژی هەموو گەلانی ژینۆسایدکراو بدەن.

٣- سەرجەم ئەحزاب و چالاکانی مەدەنیی کورد و هەر مرۆڤێکی کورد هەوڵی پێکهێنانی ڕێکخراوی گەلانی ژینۆسایدکراو بدەن. سەردەمی ئێستا واتە سەردەمی بەجیهانیبوون، پێویستی بە خێرابوون و هاوکارییەکی بەرفراوان هەیە کە ئەو تایبەتمەندییانە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی جیهانی دابین دەکرێ. زلهێزەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیهانییەکان پەرە بە بیر و کولتوورە لیبراڵەکەیان دەدەن و دەرفەتی مودیرییەتی جیهان پەیدا دەکەن. جێگەی سەرنج ئەوەیە کە کوردەکان بەردەوام پەنا و هانایان بۆ کۆمەڵگەی جیهانی بردوە و هەموو هەوڵەکەیان لە پێناو ئەوەدا بووە کە لە دامەزراوە، چەمک و پێناسەکانی ڕۆژئاوایی، لە بەرژەوەندی خۆیاندا کەڵک وەربگرن. بە واتایەکی دیکە دەرکەوتن و ڕۆڵی کورد لە جیهاندا لە نێوان " لیقەوماوەکانی جیهان" یان "سەربارەکانی جیهان"دا بووە. لە ڕاستیدا پەنابەریی کوردەکان تەنیا بەو هەزاران کۆچبەرە کوردەی کە بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە کۆتایی پێنایەت، بەڵکوو پەنابەریی گەورەتری کوردەکان پەنابەرییەکی یاسایی و کولتوورییە لە ئاستی جیهاندا. بەم پێیە شۆناس و کەسایەتیی جیهانیی کوردەکان شۆناسێکی ناسەقامگیر، بچووک و شیاوی بەزەیی یە. دیارە ئەم دۆخە شتێکی خوازیار و جێگەی پەسند نییە. بەم هۆیە کوردەکان پێویستیان بە ڕولێکی چالاک، زیندوو و داهێنەرانە لە ئاستی جیهاندا هەیە کە لە لایەک بتوانن بابەتی گفتوگۆ بۆ جیهان دروست بکەن و لە لایەکی دیکە مێژوو، کولتوور، شۆناس و خواستەکانی خۆیان لە نێو دامەزراوە، چەمک و بەهاکانی زاڵی جیهاندا جێ بکەنەوە. لەو پێوەندییەدا کوردەکان پێویستە هەوڵی دامەزراندنی " ڕێکخراوی گەلانی ژینۆسایدکراو " بدەن. بەو پێیە ئەرکی هەر تاکێکی کوردە کە لە هەر گۆشەیەک لە جیهاندا کە دەژێ بابەتی پێکهێنانی ڕێکخراوی گەلانی ژینۆسایدکراو لە گەڵ گەلانی ئە ر مە نی ، بۆ سنی ، یە هو و د یی ە کا ن و... بێنێتە بەر باس، هەروەها بابەتی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە ڕووبەڕووی نەتەوەیەکگرتووەکان، پارلمانی ئوروپا، یونسکۆ و ... بە تایبەتی ڕووبەڕووی هەموو ئەو وڵاتانەی کە حەشیمەتێکی بەرچاو لە دیاسپۆرای گەلانی ژینۆسایدکراو لە خۆدەگرن، بکەنەوە. دیارە گەلانی ژینۆسایدکراو دەتوانن لە هەنگاوەکانی دواتردا سەبارەت بە پێکهاتە، ئەرک و ئامانجەکانی "ڕێکخراوی گەلانی ژینۆسایدکراو" دانیشتن و ڕێککەوتن بکەن.




**سەرچاوەکان:**

١- دوکتور ساڵار حەمەسور باسیرە، تراژدیای هەڵەبجە لە سەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتی

٢- یوسف دزەیی، ئەنفاڵ(کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی)

٣- خەلیل سەرکانی، ئەنفال(لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا)

٤- www.kurdocide.com

٥- www.dengekan.info

# ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ساڵی ۹۰ ی هەتاوی دا

## ( کوژران و برینداربوون و گیرانی لانیکەم ۶۵۵ کەس بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی)

ئامادە کردنی: عەلی بداغی

کوردستان و کورد نیوز: هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ۱۳۹۰ دا لانیکەم ۹۰ کەس لە دانیشتووانی کوردستانیان کوشتوە و ۱۰٦ کەسیان بریندار کردوە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کوژراو و بریندارانە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

هەر لە ماوەی ئەو ساڵدا ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لانیکەم ٤٥٨ کەسیان لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر و لانیکەم ۱۱۹ کەس لەو گیراوانەیان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نیشتمانی دادگایی کردوە و حوکمی ٦ مانگ تا ۳۰ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپاندوون.

لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ۱۳۹۰ دا لانیکەم ۲۰ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ۱۸ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون. هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان کە بە هۆ بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نان و بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ۲٤ کەس بریندار بوون. هەر لەو ماوەیەشدا بە هۆی تەقینەوەی مین ۵ کەس بریندار بوون کە لە نێویاندا ساسان ئەمجەدی، مێردمنداڵێکی خەڵکی ناوچەی جوانڕۆ دەبینرێ کە بەو هۆیەوە لاقی پەڕیوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی سەرەتای ساڵدا لانیکەم ۸۳ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ۳۱ کەس لە گیراوانی کورد لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا موحاکەمە کراون و سزای لە ۵ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ۲۵ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

لە ماوەی سێ مانگی هاوینی ساڵی ۱۳۹۰یش دا لانیکەم ۳۱ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ۲۲ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

لەو ماوەیەدا لانیکەم دوو کەس بە ناوەکانی سەدیق نەعمانی و مێهدی کۆهەن بە تۆمەتی قاچاغچیتیی مادە هۆشبەرەکان لە ورمێ ئێعدام کران کە چالاکانی مافی مرۆڤ گومانیان لە قاچاغچی بوونی ئەو دووکەسە. لەو ماوەیەدا ۵ کەسیش لە زیندانەکانی سنە و ورمێ بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لە دەست داوە و ۲ کەس لە کوژراوەکانیش خەڵکی باشووری کوردستان بوون کە بە هۆی تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر خاڵە سنوورییەکان وەبەر هاتوون و گیانیان لە دەست داوە.

هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵکێش ناوچە سنوورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆڵەباری نان و بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ۲۵ کەس بریندار بوون کە دوو کەسیان خەڵکی باشووری کوردستان بوون و دوو کەسیش بە هۆی تەقینەوەی مینە چێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەردەشت و پیرانشار بە توندی بریندار بوون و هەر کامیان لاقێکیان پەڕیوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی هاوینی ئەو ساڵدا لانیکەم ۱٤۱ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ۲۳ کەس لە گیراوانی کورد لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا موحاکەمە کراون و سزای لە ٦ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ٦ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

هەر لەو ماوەیەدا شەش گیراوی کورد کە لە سەر بیروباوەڕی ئایینی گیراون، بە تۆمەتی چالاکیی ئایینی دژی کۆماری ئیسلامی حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە و ئاشکرا بووە کە چوار زیندانیی سیاسیی کورد کە بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبێکی دێموکڕات گیراون و دوو کەسیان حوکمی تا هەتایی و دوو کەسیان حوکمی ۲۵ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپاوە، ماوەی ۱۵ ساڵە لە مافی مەرەخەسی بێبەشن.

هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ساڵی ۱۳۹۰دا لانیکەم ۲۹ کەسیان کوشتوە کە ۲٦ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ۱۲ ی ڕەزبەر زیندانیی سیاسیی کورد، عەزیز خاکزادی لە سێدارە دا و ڕۆژی ۱۱ ی سەرماوەز تەرمی بێ گیانی هاشم نەزەری، لاوی گیراوی خەڵکی «جوانڕۆ» یان ڕادەستی بنەماڵەکەی کردەوە، ئەوەش لە کاتێک دابوو کە هێزە ئینتیزامییەکان پێنج ڕۆژ پێشتر و لە ڕۆژی ٦ ی سەرماەزدا ناوبراویان قۆڵبەست و لە زیندان پەستاوتبوو.

هەر لەو ماوەیەدا هێزە کوردکوژەکانی کۆماری ئیسلامی « لۆنت تونج ئادام» و «ئەردال یەڵماز» دوو کاسبکاری کوردی باکووری کوردستانیان لە سەر سنوور داوەتە بەر ئاوری چەکەکانیان و کوشتوویانن و ئیسماعیل حەمەد، تازەلاوێکی خەڵکی باشووری کوردستانیش بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم بریندار بووە.

هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆڵکێش نان و بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ۱٦ کەس لەوانیان بریندار کردوە کە بەشێکی زۆری ئەو بریندارانە لە ترسی بەداداچوونی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە نەخۆشخانەکانی باشووری کوردستان وەدوای چارەسەریی برینەکانیان کەوتوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ۱۳۹۰دا لانیکەم ۱۲۱ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ٤۰ کەس لە گیراوانی کورد لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا موحاکەمە کراون و سزای لە ٦ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ۱۳ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە و سەرجەم بۆ ئەو ٤۰ کەسە ۱۰۳ ساڵ زیندان بڕاوەتەوە.

دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لەدرێژەی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی زستانیشدا ۱۱۳ کەسیان بە تاوانی جیابیری و بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر کردوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکان زۆربەی ئەو کەسانە لە ڕۆژان و حەوتووەکانی یەکەمی دوای گیران و دەسبەسەرکرانیاندا بە توندی خراونەتە ژێر فشار و ئەشکەنجە و، دوای پەروەندە دروست کردن بۆیان ۲۵ کەس لەوانیان تەحویلی دەزگای قەزایی داوە و ئەوانی دیکەیان یان بە دانانی بارمتە تا کاتی دادگایی کردنیان ئازاد کردوە، یان هەروا لە گرتووخانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا هێشتۆتەوە. ئەو ۲۵ کەسەش کە ڕادەستی دەزگای قەزایی کراون، لە ڕەوتی دادگایی کردنیاندا بێ ئەوەی کەمترین و بنەڕەتیترین مافی تۆمەتبارێک و گیراوێکی سیاسییان بۆ لەبەرچاو گیرابێ، دادگایی و سەرجەم بە ۹۲۲ مانگ زیندان مەحکووم کراون.

هێزە ئینتیزامی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە درێژەی سیاسەتی کوشتاری کاسبکاران و کۆلبەرانی کورد دا ژمارەیەک کوردی دیکەیان کردۆتە قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەیان.

بەپێی ڕاپۆرتەکان لە ماوەی سێ مانگی زستاندا ۷ کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و سێ کاسبکاری کوردیش کە لە ترسی کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوێستانەکان مابوونەوە، کەوتوونەتە ژێر ڕنوو و بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە. هەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ۱٤ کاسبکاری کوردستانیان بە تەقەی ڕاستەوخۆ بریندار کردوە و بە دەیان سەر ئەسپ و وڵاغی کاسبکارانیان بە بەرچاوی خۆیان کوشتوە و جیا لەو جینایەتە و ئەو زەرەر و زیانە ماڵییە قورسە، دەستیان بە سەر بایی دەیان میلیارد تمەن باری کاسبکاران داگرتوە.

هەر لە درێژەی سیاسەتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و پشتگوێ خرانی هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن دەزگا قەزایی و ئەمنیەتییەکانەوە سێ کەس لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە و هەروها سێ زیندانیی سیاسییش بە هۆی ئەشکەنجە و پێڕانەگەیشتنی پزیشکی لە زیندان بە شێوەی گوماناوی گیانیان لە دەست داوە.



تێبینی:
لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی بەهاری ۹۰ ی هەتاویدا
http://www.kurdistanukurd.com/DiriyjeyBabetekan.aspx?Babet=Mafymrov&Jimare=53

لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی هاوینی ۹۰ ی هەتاویدا
http://www.kurdistanukurd.com/DiriyjeyBabetekan.aspx?Jimare=60&Babet=Mafymrov

لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی پاییزی ۹۰ ی هەتاویدا
http://www.kurdistanukurd.com/DiriyjeyBabetekan.aspx?Jimare=67&Babet=Mafymrov

لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی زستانی ۹۰ ی هەتاویدا
http://www.kurdistanukurd.com/DiriyjeyBabetekan.aspx?Babet=Mafymrov&Jimare=82

# دەقی تەواوی ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان

وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

بەشی دووهەم و کۆتایی

٣. ئەو قانوونانەی بە لایەنگریو پشتیوانی لە ژنان لەو ماوەیەدا ئاماژەیان پێکرا، نیوە نیوەو هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زانستو تێکنۆلۆژیدا، دەبێ سەرلەنوێ چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو ئەگەر پێویست بوو ئاڵوگۆڕیان تێدا پێکبێ، هەڵبوەشێندرێنەوە یان ماوەکەیان نوێ بکرێتەوە.

**ماددەی ١٢:**

١. دەوڵەتانی ئەندام بۆ لەنێوبردنی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان لە بواری چاوەدێرییە پزیشکییەکاندا، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا دەستیان بە خزمەتە لەشساغییەکان، یەک لەوان خزمەتەکانی پێوەندیدار بە کۆنترۆڵی زاوزێ لە سەر بناغەی ڕەچاوکردنی بەرانبەریی نێوان ژنانو پیاوان، ڕابگا.

٢. دەوڵەتانی ئەندام جگە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لە بەندی ١ی ئەو ماددەیەدا هاتوون، ئەو خزمەتانەش کە ژنان لە کاتی دووگیانی، منداڵبوونو زەیستانیدا پێویستیان دەبێ، دەستەبەر دەکەنو لەکاتی پێویستدا پێڕاگەیشتنو خزمەتی خۆڕاییو هەروەها خواردەمەنیی پێویست لە قۆناغی دووگیانیو شیردان بە منداڵدا، بۆ ژنان دابین دەکەن.

ماددەی ١٣:

دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان لە بوارەکانی دیکەی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا هەڵدەگرن بۆ ئەوەی لەسەر بناغەی بەرانبەریی ژنانو پیاوان، مافی وەک یەک بە تایبەتی لەم بوارانەی خوارەوەدا، دەستەبەر بکەن:

ئەلف- مافی کەڵکوەرگرتن لە ئیمتیازە بنەماڵەییەکان،

ب- مافی کەڵکوەرگرتن لە قەرزە بانکییەکان، «ڕهن»(گرەودانان)و ئیعتیبارە داراییەکان،

پ- مافی بەشداری لە چالاکییە سەرگەرمکەرەکان، تێکۆشانە وەرزشییەکانو هەموو بوارەکانی ژیانی کولتووریدا.

**ماددەی ١٤:**

١. دەوڵەتانی ئەندام گیروگرفتە تایبەتییەکانی ژنانی لادێ دەبینەو سەرنجێکی تایبەتی دەدەن بەو نەخشە گرنگە کە ئەم ژنانە لە ژیانی ئابووریی بنەماڵەکانیاندا، بە تایبەتی لە کاری بەشە غەیرە ماڵییەکانی ئابووریدا هەیانەو، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا نێوەرۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە بارەی ژنانی ناوچە گوندنشینەکان بەڕێوەبچێ.

٢. دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی لابردنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان لە ناوچە گوندنشینەکاندا، هەڵدەگرن تا ئەو ژنانە لە سەر بناغەی بەرانبەریی ژنانو پیاوان، لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو تایبەت بە لادێدا بەشدار بنو کەڵکیان لێوەرگرنو، بە تایبەتی ئەم مافانەیان دابین بکرێ:

ئەلف- بەشداری لە دانانو بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو ئاستێکدا،

ب- دەستڕاگەیشتن بە پێویستییەکانی لەشساغیی تەواو بۆ وێنە زانیاری، ڕاوێژکردنو خزمەتەکانی کۆنترۆڵی زاوزێ لە بنەماڵەدا،

پ- کەڵکوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لەبەرنامەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی،

ت- کەڵکوەرگرتن لە دەورەو بەرنامە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن چ ڕەسمیو چ نارەسمی وەک فێربوونی خوێندەواریو کەڵکوەرگرتن لە خزمەتە خۆجێییو تایبەتییەکان بە مەبەستی بەرەوژوور بردنی توانای ئەوان لە باری کاری فەننییەوە،

ج- پێکهێنانی گرووپەکانو شیرکەتە هەرەوەزییەکان بە مەبەستی دابینکردنی شانسی دەستڕاگەیشتنی وەک یەک بە دەرەتانە ئابوورییەکان لە ڕێگای وەدەستهێنانی کارو کارکردنەوە،

چ- بەشداری لە هەموو تێکۆشانێکی خۆجێیدا،

ح- دەستڕاگەیشتن بە وامو ئیعتبارەکانی کشتوکاڵی، کارهاسانی بۆ دیتنەوەی بازارو تێکنۆلۆژیی گونجاو، کەڵکوەرگرتنی وەک یەک لە زەویو، لەگۆڕێ دابوونی ڕەفتاری وەک یەک لە چوارچێوەی ریفۆرمەکانی تایبەت بە زەویوزارو لادێداو، هەروەها بەرنامەکانی جێگرەوەی زەویوزار،

خ- دەستڕاگەیشتن بە پێویستییەکانی ژیانێکی گونجاو بە تایبەتی خانووبەرە، لەشساغی، ئاوو کارەبا، پێوەندییەکانو هاتوچۆ.

**بەشی چوارەم**

ماددەی ١٥:

١. دەوڵەتانی ئەندام مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان لە بەرانبەر قانووندا، دەدەن بە ژنان.

٢. دەوڵەتانی ئەندام دەسەڵاتو ئیمکاناتی قانوونیی بە تەواویی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان لە کاروباری مەدەنیدا دەدەن بە ژنانو هەروەها هەلومەرجێکی وەک یەک بۆ کەڵکوەرگرتنی ئەوان لەو دەسەڵاتو ئیمکاناتە دابین دەکەن. دەوڵەتانی ئەندام لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەو بەڕێوەبردنی ملکو ساماندا مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاواندا بە ژنان دەدەنو لە تەواوی قۆناغەکانی دادپرسین لە دادگاکانو ناوەندە قەزاییەکاندا، لەگەڵ ژنو پیاو وەک یەک ڕەفتار دەکەن.

٣. دەوڵەتانی ئەندام ئامادە دەبن تا هەموو ڕێککەوتننامەکانو هەرجۆرە بەڵگەنامەیەکی تایبەتی کە لایەنی قانوونییان هەیەو لە خزمەت بەرتەسکتر کردنی ئیمکاناتی قانوونیی ژنان دان، هەڵ وەشێننەوە.

٤. دەوڵەتانی ئەندام لە بواری هاتوچۆو ئازادیی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوونو مانەوەدا، لەباری قانوونییەوە مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاواندا دەدەن بە ژنان.

**ماددەی ١٦:**

١. دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان لە کاروباری پێوەندیدار بە فێرکردنو پێوەندیی بنەماڵەییدا، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرنو، بە تایبەتی لە سەر بناغەی بەرانبەریی پیاوانو ژنان ئەم مافانەی خوارەوە دەستەبەر دەکەن:

ئەلف- مافی وەک یەک لە هەنگاونان بەرەو پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش،

ب- مافی وەک یەک لە هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەرداو، بەستنەوەی ژیانی هاوبەش بە ڕەزامەندیی تەواوو ئازادانەی دوو لایەنی ژیانە هاوبەشەکە،

پ- مافو بەرپرسایەتیی وەک یەک لە ماوەی ژنو مێردایەتیو لە کاتی جوێبوونەوە دا،

ت- مافو بەرپرسایەتیی وەک یەک بۆ دایکو باب لە سەرپەرستیی منداڵاندا، بێوەبەرچاوگرتنی وەزعی پێوەندیی ژنو مێردایەتی، لەو مەسەلانەدا کە پێوەندییان بە منداڵانی ئەوانەوە هەیە، بەرژەوەندی منداڵان هەمیشە لە سەرووی هەموو بەرژەوەندێک دەبێ،

ج- مافی وەک یەک لە بڕیاردانی ئازادانە و بەرپرسانە لەبارەی ژمارەی منداڵان، ماوەی نێوان لەدایکبوونی منداڵێک تا منداڵێکی دیکە، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، فێربوونو ئامرازی پێویست بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتو توانایی کەڵکوەرگرتن لەو مافانە،

چ- مافو بەرپرسایەتیی وەک یەک لەبواری بەخێوکردن، سەرپەرستیو چاوەدێریی منداڵانو قبوڵکردنی منداڵی کەسانی دیکە وەک منداڵی خۆیان داو، هەر نموونەیەکی دیکەی لەو چەشنەو بەم واتایانەوە لە قانوونی وڵاتدا. لە هەمووی ئەو نموونانەدا قازانجو بەرژەوەندی منداڵان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندیکەوە دەبێ،

ح- مافی تاکەکەسی (فردی)ی وەک یەکی ژنو مێرد کە مافی هەڵبژاردنی ناوبانگی بنەماڵە (شۆرەت)، کارو پیشە یەک لەو مافانەن،

خ- مافی وەک یەک بۆ ژنو مێرد لە بواری خاوەنەتی (مالکیت)دا، مافی وەرگرتنو وەدەستهێنانی بەڕێوەبەری، سەرپەرستی، کەڵکوەرگرتن لە ملکو سامانو ڕاگوێزتنی، چ خۆڕایی بێو چ هەزینەی تێ بچێ.

٢. مارەکردنو زەماوەندی منداڵ لایەنی قانوونییان نییە. لەو پێوەندییەدا هەموو هەنگاوێکی پێویست کە دانانی قانوون بۆ دیاریکردنی لانی کەمی تەمەنی مێردکردنو ژن هێنانو تۆمارکردنی زەماوەند لە نووسینگە ڕەسمییەکاندا لەو هەنگاوانەن دەبێ باوێژرێن.

**بەشی پێنجەم**



ماددەی ١٧:

١- بە مەبەستی توێژینەوە لەو پێشکەوتنانەی لە ئاکامی جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی نێوەرۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا بەدیهاتوون، کۆمیتەی لەنێوبردنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان (کە لەمەودوا هەر بە کۆمیتە ناودەبرێ) پێکدێ. کۆمیتە لە کاتی دەستپێکردنی بەڕێوەبردنی ڕێککەوتننامەکەدا لە ١٨ کەسو، پاش ئەوەی دەوڵەتانی ئەندام بوون بە سیو پێنج، لە ٢٣ کەسایەتیی بژاردە (نخبە) ی خۆشناوو شارەزا لە بوارەکانی پێوەندیدار بە ڕێککەوتننامە پێکدێ.

ئەم بژاردانە لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوەو لە نێو هاونیشتمانانی ئەوان هەڵدەبژێردرێنو، هەر کامێکیان لەو بوارەدا کە لێوەشاوەیی هەیە، خزمەت دەکا. لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە کەسانەدا دابەشینی دادپەروەرانەی جوگرافیاییو جۆراوجۆریی شارستانییەتەکانو سیستەمە حوقووقییە گەورەکان وەبەرچاو دەگیرێ.

٢- ئەندامانی کۆمیتە بە دەنگی نهێنیو لە نێو لیستێک لەو ناوانەی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە دەستنیشانکراون، هەڵدەبژێردرێن. هەر دەوڵەتێکی ئەندام دەتوانێ یەکێک لە هاونیشتمانانی خۆی کاندیدا بکا.

٣- یەکەمین هەڵبژاردن ٦ مانگ دوای ئەوەی بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەستی پێکرد، ئەنجام دەدرێ. لانی کەم ٣ مانگ پێش بەڕێوەچوونی هەر هەڵبژاردنێک، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نامەیەکدا داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکا کە لە ماوەی ٢ مانگدا کاندیدای خۆیان بناسێنن. سکرتێری گشتی لیستی ناوی کاندیداکان بە پێی تەرتیبی ئەلفوبێو وێڕای دەست نیشانکردنی ئەو وڵاتانەی ئەوانی کاندیدا کردووە، ئامادە دەکاو بۆ هەر کام لە دەوڵەتانی ئەندامی دەنێرێ.

٤- ئەندامانی کۆمیتە لە کۆبوونەوەی دەوڵەتانی ئەندامدا کە بە هۆی سکرتێری گشتی لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە دەچێ، هەڵدەبژێردرێن. لەم کۆبوونەوەیەدا ـ کە دەبێ لانی کەم دوو لە سێی ئەندامان تێیدا بەشدار بن ـ ئەو کاندیدایانە بۆ ئەندامەتیی کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن کە زۆرترین دەنگەکانیانو هەروەها زۆرایەتیی موتڵەقی دەنگی ئەو نوێنەرانەیان وەدەست هێنابێ کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدارنو دەنگ دەدەن.

٥- ئەندامانی کۆمیتە بۆ دەورەیەکی چوارساڵە هەڵدەبژێردرێن. بەڵام ماوەی ئەندامەتیی ٩ کەس لە ئەندامانی هەڵبژێردراو لە یەکەم هەڵبژاردندا، پاش ٢ ساڵ کۆتایی پێ دێ. پاش یەکەمین هەڵبژاردن دەستبەجێ ناوی ئەو ٩ ئەندامە بە شێوەی تیرو پشک لێهاویشتن لە لایەن سەرۆکی کۆمیتەوە، دەستنیشان دەکرێ.

٦- پێنج ئەندامی دیکەی کۆمیتە بە گوێرەی بەندەکانی ٣و٤ی ئەم ماددەیەو دوای پەسند کران بۆ جاری سیو پێنجەمیان پەیوەستبوونی سیو پێنجەمین ئەندام بەم ڕێککەوتننامەیە، هەڵدەبژێردرێن. دەورەی ئەندامەتیی دووکەس لەو پێنج ئەندامە دوای ٢ ساڵ کۆتایی پێ دێ. ناوی ئەو دوو کەسە بە شێوەی تیرو پشک لێهاویشتنو لە لایەن سەرۆکی کۆمیتەوە دیاری دەکرێ.

٧- بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو پۆستانەی لەوانەیە خاڵی بمێننەوە، دەوڵەتێک کە تێکۆشانی بژاردە (نخبە) کەی وەک ئەندامی کۆمیتە ڕاگیراوە، بژاردەیەکی دیکە لە نێو هاونیشتمانانی خۆی بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەدا ـ بەومەرجەی کۆمیتە تەئییدی بکا ـ دەناسێنێ.

٨- ئەندامانی کۆمیتە بە تەئییدی کۆمەڵەی گشتیو بە گوێرەی ڕێوشوێنو مەرجە دیاریکراوەکانی ئەو کۆرەو، بە سەرنجدان بە گرینگیی بەرپرسایەتییەکانی کۆمیتە، مووچەی مانگانەیان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێدەدرێ.

٩- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کارمەندانو هەر پێداویستییەکی دیکە بە مەبەستی بەڕێوەچوونو جێبەجێبوونی ئەرکەکانی کۆمیتە لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا دابین دەکا.

**ماددەی ١٨:**

١- دەوڵەتانی ئەندام بەرعۆدە دەبن ڕاپۆرتی خۆیان لە بارەی هەنگاوە قانوونی، قەزاییو ئیجرایییەکانو هەر هەنگاوێکی دیکە بە مەبەستی جێبەجێکرانی نێوەرۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیەو، هەروەها لە بارەی ئەو پێشکەوتنانەی لەوبوارەدا وەدەستهاتوون، بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەن کۆمیتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە، پێشکێشی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن:

ئەلف- ساڵێک پاش ئەوەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە بوو بە ئەرکێکی پێویست لەسەر شانی ئەو دەوڵەتە،

ب- دواتر هەر چوارساڵ جارێک، جگە لەمەش هەر کاتێک کۆمیتە داوای ڕاپۆرتی کرد.

٢- لەم ڕاپۆرتانەدا، ئەو هۆکارو گیروگرفتانە ڕوون دەکرێنەوە کە لە سەر ڕادەو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی بەرپرسایەتییەکانی دیاریکراو بە هۆی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە، کاریگەرو شوێندانەر بوون.

**ماددەی ١٩:**

١- کۆمیتە پێڕەوێکی نێوخۆ بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروباری خۆی پەسند دەکا.

٢- کۆمیتە بەرپرسانی خۆی بۆ دەورەیەکی دووساڵی هەڵدەبژێرێ.

ماددەی ٢٠ :

١. کۆمیتە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو ڕاپۆرتانەی بە گوێرەی ماددەی ١٨ی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێشکێشی دەکرێ، هەموو ساڵێ کۆبوونەوەیەکی چەند ڕۆژی کە ماوەکەی لە دوو حەوتوو تێناپەڕێ، پێکدێنێ.

٢. کۆبوونەوەکانی کۆمیتە زۆرتر لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان لە هەر شوێنێکی گونجاوی دیکە کە کۆمیتە بڕیاری لە سەربدا، پێکدێن.

**ماددەی ٢١:**

١. کۆمیتە هەموو ساڵێ لە ڕێگای شووڕای ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە، ڕاپۆرتێک لە بارەی تێکۆشانی خۆی پێشکێشی کۆمەڵەی گشتی دەکاو دەتوانێ لە سەر بناغەی ڕاپۆرتەکانی خۆیو ئەو زانیارییانەی لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە پێیگەیشتوون، پێشنیارو ڕاسپێرییە گشتییەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئەو پێشنیارو ڕاسپێرییە گشتییانە، وێڕای ئەو بۆچوونو بیروڕایانە کە لەوانەیە دەوڵەتانی ئەندام هەیانبێ، لە ڕاپۆرتی کۆمیتەدا دێن.

٢. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتەکانی کۆمیتە دەنێرێ بۆ کۆمیسیۆنی مەقامی ژن تا لێیان ئاگادار بێ.

**ماددەی ٢٢:**

دامەزراوە پسپۆڕییەکان بۆیان هەیە لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانیانەوە لە بارەی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی هەر ماددەیەک لەو پەیماننامەیە کە لە چوارچێوەی تێکۆشانی ئەواندا دەگونجێ، لێکۆڵینەوە بکەن. کۆمیتە دەتوانێ داوا لە دامەزراوە پسپۆڕییەکان بکا ڕاپۆرتی خۆیان لە بارەی چۆنییەتیی بەڕێوەچوونی پەیماننامەکە لەو بوارانەدا کە لە چوارچێوەی تێکۆشانی ئەواندا دەگونجێن، بڵاوبکەنەوە.

**بەشی شەشەم**

**ماددەی ٢٣:**

هیچ شتێکی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەو ڕێوشوێنو بڕیارانە پێشێل ناکا کە بە مەبەستی گەیشتنی ژنانو پیاوان بە یەکسانیو بەرانبەرییەکی بەکەڵکترو کاریگەرتر دیاریکراون. ئەو ڕێوشوێنو بڕیارانە بریتین لە:

ئەلف- قانوونەکانی دەوڵەتێکی ئەندام، یان

ب- هەر ڕێککەوتننامەیەک، پەیمان یان ڕێککەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی دیکە کە ئەو دەوڵەتە لەسەریەتی جێبەجێیان بکا.

**ماددەی ٢٤ :**

دەوڵەتانی ئەندام بەرعۆدە دەبن هەر هەنگاوێکی پێویست لە ئاستی نەتەوەییدا بە مەبەستی وەدیهێنانی بە تەواویی ئەو مافانەی لەو ڕێککەوتننامەیەدا بەڕەسمی ناسراون، هەڵبگرن.

**ماددەی ٢٥:**

١- هەموو دەوڵەتان بۆیان هەیە ئەم ڕێککەوتننامەیە مۆر بکەن.

٢- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک پارێزەرو پاسەوانی ئەم ڕێککەوتننامەیە دیاری دەکرێ.

٣- پەسند کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێویستی بە تێپەڕین لە هێندێک قۆناغی قانوونییەوە هەیە.

بەڵگەنامەکانی پەسند کردنی ڕێککەوتننامە، بە ئەمانەت لە لای سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێن.

٤. ڕێگا بۆ هەر دەوڵەتێک کە بیهەوێ بەم ڕێککەوتننامەیە پەیوەست بێ، ئاوەڵایە. پەیوەست بوون بەم ڕێککەوتننامەیە بە دوای سپاردنی بەڵگەنامەی پەیوەستبوون بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دێتەدی.

**ماددەی ٢٦:**

١- دەوڵەتانی ئەندام هەر کاتێک بە پێویستی بزانن دەتوانن بە هۆی نامە بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای چاوخشاندنەوە بەو ڕێککەوتننامەیەدا بکەن.

٢- کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی ئەو هەنگاوانەی دەبێ لە پێوەندی لە گەڵ ئەو جۆرە داواو داخوازانەدا هەڵبگیرێن، بڕیار دەدا.

**ماددەی ٢٧:**

جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە سی ڕۆژ دوای ئەوەی بەڵگەنامەی پەسندکردن یان پەیوەستبوونی بیستەمین دەوڵەت، بە ئەمانەت لە لای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانرا، دەبێتە ئەرکێکی پێویست.

٢- سی ڕۆژ دوای پەیوەستبوونی بیستەمین دەوڵەت بەم ڕێککەوتننامەیەو دانرانی بەڵگەنامەی مۆرکردن یان پەیوەستبوونەکە بە ئەمانەت لای سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی نێوەرۆکەکەی دەبێ بە ئەرکێکی پێویست.

٣- پاش ئەوەی بیستەمین بەڵگەنامەی مۆرکردن یان پەیوەست بوون بە ئەمانەت دانرا، هەر دەوڵەتێک ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسند بکا، یان پێی پەیوەست بێ، دوای سی ڕۆژ دەبێ دەست بکا بە جێبەجێکردنو بەڕێوبردنی.

**ماددەی ٢٨:**

١- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەقی پارێزنامە (تحفظ)ی(**) هەر وڵاتێک لە کاتی مۆرکردن یان پەیوەست بوون بەم ڕێککەوتننامەیەدا، وەردەگرێو بە سەر دەوڵەتانی ئەندامدا دابەشی دەکا.

٢- ئەو پارێزنامانەی لەگەڵ ئامانجو مەبەستی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا نەگونجێن، وەرناگیرێن.

٣- پارێزنامەکان ـ هەر کات پێویست بێ ـ دەکرێ بە هۆی نامەیەک بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەربگیرێنەوە. سکرتێری گشتی هەموو دەوڵەتان لەو مەسەلەیە ئاگادار دەکاتەوە. پارێزنامەکە، لەو ڕۆژەڕا کە سکرتێری گشتی نامەکە وەردەگرێ، هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**ماددەی ٢٩:**

١. هەرچەشنە ناکۆکییەک لە سەر لێکدانەوەیان بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە نێوان دوو یان چەند دەوڵەتی ئەندامدا کە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر نەکرێ، لە سەر داخوازی یەکێک لە لایەنەکان دەدرێ بە داوەری. ئەگەر هاتوو لە ماوەی ٦ مانگ دوای داوا کردنی داوەریدا، لایەنەکان لە سەر چۆنیەتیو قەراری دادگایەکە ڕێک نەکەوتن، یەکێک لە لایەنەکان دەتوانێ داوا بکا کێشەکە بدرێ بە دیوانی نێونەتەوەیی دادپەروەریو بە گوێرەی پێڕەوی نێوخۆی ئەو دیوانە چارەسەر بکرێ.

٢- هەر دەوڵەتێکی ئەندام دەتوانێ لە کاتی مۆرکردنو پەسندکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە یان پەیوەستبوونیدا، ڕابگەیەنێ کە بە یەکەمین بەندی ئەم ماددەیە پابەند نابێ. دەوڵەتانی دیکەی ئەندام پێویست ناکا لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە خۆی لە پابەندبوون بە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە پاراستووە، بە گوێرەی ئەو بەندە بجوڵێنەوە.

٣- هەر دەوڵەتێکی ئەندام کە بە گوێرەی بەندی ٢ی ئەم ماددەیە، پابەند نەبوونی خۆی بە بەندی یەک ڕاگەیاندووە، هەرکات بیهەوێ دەتوانێ بە شێوەی ڕەسمی بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕابگەیەنێ کە وازی لەو خۆپاراستنو پابەند نەبوونە، هێناوە.

**ماددەی ٣٠:**

ئەم ڕێککەوتننامەیە کە دەقە عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرانسەویی، ڕووسیو ئیسپانی، وەک یەک جێگای بڕوان، بە ئەمانەت لە لای سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ.

(*) تەرتیبی پیتەکان لە بەندەکانی ماددەکانی١٦و٢، ٧، ١٠، ١١، ١٣، ١٤دا لە ڕووی تەرتیبی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی دانراون.

(**) مەبەست لە «تحفظ» بەڵگەنامەیەکە کە لەودا وڵاتی ئەندامی ڕێککەوتننامە ڕوونی دەکاتەوە کام بەش یان ماددەی ڕێککەوتننامەی قبووڵ نییە و بەڕێوەی نابا.

**لە ڕووی دەقی فارسیی ڕێککەوتننامە کە خانمی «مێهرئەنگیزی کار» وەر گێڕدراوە، و کراوە بە کوردی.**

# پشکۆی ئەم هەستە قەت ناکوژێتەوە

**وریا ڕەحمانی**

ڕەنگە دوای نزیکەی دوو ساڵ نووسینی بەردەوام لە سەر شاعیران، نووسەران، هونەرمەندان و ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی و هونەری لەم ڕۆژنامەیەدا، هیچ کات، هیچ بابەت و نووسینێک بە قەرای ئەوەی ئەمجارەیان لەبەرم گران نەبووبێ و قورسایی لەسەرم نەکردبێ.

بابەتی زۆربەی نووسینەکانی پێشووم یان سەبارەت بە ژانرێکی ئەدەبی و هونەریی تایبەتەوە بووە، یان ئەگەر لەمەڕ کەسایەتییەکی تایبەتی ئەدەبی و هونەرییشەوە تەنانەت باسێکم پێشکەش کردبێ، ئەوا ئاڵقەی پێوەندی و ڕەهەندی بەستراوەییم پێیانەوە زیاتر ئاقارێکی تیۆریکی لە خۆ گرتوە و لە پانتایی کارەکانیاندا خۆی دۆزیوەتەوە. بەشێکیان ئەو شاعیر و هونەرمەندە کۆچ کردووانە بوون کە شوێن پەنجەیان بەسەر بەستێنی فەرهەنگ و هونەری کوردیدا ماوەتەوە و بەشێکیشیان ئەگەر دەژین، یان جۆری پێوەندیی من لەگەڵیاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیانە و لە نزیکەوە نەبووە، یان کە خۆشبەختانە هێشتاش لە ژیاندا ماون. بەهەر حاڵ دەمەوێ ئەوە بڵێم لە ڕاستیدا ئەم نووسینەی ئەمجارەیان لە چاو جارەکانی پێشوو زۆر جیاوازە و ڕەنگە ئەوە یەکەمجار بێ کە پێش دەسپێکی نووسینێک پێکهاتەی گشتیی بابەتەکەم لە مێشکمدا دانەڕشتبێ و ئەنگوستەچاو بە شوێن تەقدیری عاتیفەی ئەم وشە بێ ئۆقرەیانەدا وەڕێ کەوتووم.

خۆزگە قەت مەجبور نەبوایەم ئەوەی کە ئێستا دەینووسم، بیریشم لێ کردباوە. لە کۆستی ناباوەڕانەی بێ وادەی هاوڕێیەکی بە واتای تایبەتیی وشە شاعیر و هەست ناسک و کوردپەروەر و مرۆڤدۆستی وەک عەلی محەممەدزادە «پشکۆ»ی ڕووناکی بەخشی بەشێکی زۆر لە ساتە تاریکەکانی ژیانمدا، لەم پەتایەی شەوگارەدا، بێ کازێوە و خۆزگە و شێعر، هەمدیسان «بە خامۆشیی خۆرێکی تر، وشەگەلێکی تر بگریم» (١). ئەگەر بڵێم ڕەنگە یەکێک لە زیاترین چێژ و حەز و کەڵکە شێعری و هونەرییەکانی خۆمم لە «پشکۆ»ی شاعیری ڕاستەقینەی دنیای شێعر وەرگرتوە،




بە قەرای تاڵەموویەکیش بە لارێدا نەچووم و لە ڕاستی دوور نەکەوتوومەتەوە. «پشکۆ» هەر ئەوەش نەبوو کە تەنیا شاعیرێکی باش و کارامەی بەستێنی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی بێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی یەکجار سەرنج ڕاکێشانەی تایبەت، شێعر لە توێ بە توێی ژیانیدا ڕەنگی دابۆوە و «فروغ» گوتەنی « لەحزە بە لەحزەی ژیانی شاعیرانە بوو»، و گرتە بە گرتەی ژیانی لە تابلۆیەکی هونەرمەندانەی شێعریی دەکرد.

زمانی شێعریی «پشکۆ» وەک ژیانی سادە بەڵام دەوڵەمەند و یەکجار شاعیرانە و جوان بوو. زیاتر لە هەموو شاعیرێکی دیکە کاریگەریی زمان و دنیای شێعریی « ماموستا عەبدوڵڵا پەشێو»ی پێوە دیار بوو، و لە هەمان کاتیشدا گیرۆدەییەکی کەم وێنەی بە قەڵەمی «سەعدی»یشەوە هەبوو. هەمیشە دەیگوت من هیچ پێناسەیەکی تایبەتیم بۆ شێعر جیا لە خودی شێعر پێ نیە و کلیلەکەشی لە خوێندنەوەی بەردەوامی شێعری و دەرکی ڕۆحی شێعرییەتی شێعر و پەی بردن بە زەرافەتە دەروونییەکانی هونەریی شێعریدا دەبینم. ژیان و مرۆڤ دوو چەمکی سەرەکیی



کارئەکتێری نێو شێعرەکانی «پشکۆ»ن و سروشتی جوانی وڵات و مرۆڤایەتی دەورێکی واتا خوڵقێنەرانەی کەم وێنەیان لە شێعرەکانیدا گێڕاوە. وێنا سازیی بە توانای شێعری لە تەکنیکە سەرنج ڕاکێش و دیارەکانی هەمیشە ئامادەی دنیای شێعریی بووە و بە جۆرێکی وەها هونەرمەندانە دەیڕازاندەوە کە خوێنەر هەم خۆی و هەم شاعیریش لە نێویدا ببینێتەوە. خۆشەویستیی «پشکۆ» بۆ ژیان بە ڕادەیەک بوو کە تەنانەت ئەگەر جار و بار باسی مەرگیشی لە شێعرەکانیدا هێنابایەوە، ئاراستەیەکی ژین بەخشانەی پێ دەدا و هەر لە پێناوی ژیاندا دەیژیاندەوە. بەڵام ڕەنگە سەرەکیترین و بەرچاوترین لایەن و خاڵی جیاوازیی شێعریی «پشکۆ» لە چاو شاعیرانی دیکەی چ پێش خۆی و چ هاوسەردەمیشی ڕەهەندی ڕاست بێژی و ئەو سیداقەتە کەم وێنەیە بوو کە لە نێوئاخنی شێعرەکانیدا هەمیشە حزوورێکی بەرچاوی بووە و دەورێکی گرینگی گێڕاوە. «پشکۆ» لەگەڵ ئەوەیدا کە زۆر زوو هەر لە تافی لاوەتییەوە دەستی دایە شێعر و توانیی وەک شاعیرێکی بە توانا لە نێو دنیای شێعر و ئەدەبیاتی کوردیدا خۆی دەربخا و شێعرەکانی بە بەردەوامی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا بڵاو دەبوونەوە، بەڵام بەداخەوە زۆر درەنگ وە هەوڵی چاپکردنی کتێبە شێعرییە بەناوبانگەکەی بەناوی «ئاخر زەمان» لەم چەند ساڵەی دواییدا کەوت. ڕەنگە کاتێک کە بڕیاری ئەوەی دا ئەو ناوە لە کتێبە بە پێزەکەی بنێ، قەت بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە ڕێک لەم ساڵی «٢٠١٢»یەدا کە خود بە ناوی «ئاخر زەمان» بەناوبانگە، بە ئاخر زەمانیی خۆی بگا و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەی کە بە حەقیقەت زۆریشی خۆش دەویست، بکات. بەهەر حاڵ بەداخەوە ئەم شاعیرە خۆشەویست و هەست ناسکەی «شەقام و کۆڵانەکانی بۆکان» (٢) لە ڕێکەوتی ١٤ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا بە هۆی ڕووداوێکی نەخوازراوی هاتوچۆ دنیای شێعر و ئەدەبیاتی کوردیی بەجێهێشت و ماڵاواییەکی یەکجار غەریبانەی لە ژیان و هۆگرانی تامەزرۆی شێعرە جوانەکانی کرد.

«پشکۆ» مرد و پشکۆی ژیانی کوژایەوە، بەڵام پشکۆی شێعر و تەعبیرە جوانەکانی «پشکۆ» لە ژیان و شێعر و ئەوین هەرگیز نەکوژاوەتەوە و بەردەوامیی پێ دەبەخشێ.

**١_ شێعری شاملوو.**
**٢_ تەعبیری خودی «پشکۆ» لە شاعیر بوونی خۆی.**

## مردن

هەر بیر لەوە دەکەمەوە
بڵێی چەند سووک و سانا بێ
من، مردنم
مەرگی منێک
کە هەمیشە
کوشتەو موردەی خۆکوشتنم

...

لە خۆرا وا لە دڵمی داوە دەمرم
لەدەس ژینێ کە مەرگی ناوە دەمرم
لەمێژ ساڵە بەخیلیم دێ بە مەجنوون
لە هەر کۆێ بم ئەمن بە چیاوە دەمرم
قەتارەی پێکەنینم دێ لە دەس خەم
دەڵێم ئاخر بە دەم قاقاوە دەمرم
لە دەس ئەسرین خەلاسیی نایە چاوم
خەلاس بووم و بە دەم دەریاوە دەمرم

## بۆکان

دیسان سەفەر
بەڵام شیرین
دیسان سەفەر
ئەگەر پاییز یا بەهار بێ
ئەمجارەیان هەر هێندە دوور دەکەومەوە
ناڵەشکێنە
لە ئاوێنەکەم را دیار بێ

## ماچ

گەر من تۆ بام
تۆش ئەمن بای
ڕۆژێ سەد ماچم پێ دەدای

**عەلی محەممەدزادە «پشکۆ»**

## بەهار

ئای کە ئەم وەرزی بەهارە چیی بە ئەو زستانە کرد
بای شەماڵ ئەم ئاڵوگۆڕەی واقیعەن مەردانە کرد
من کە وەک دارێکی وشکەڵ چاوەڕێی یەک غونچە بووم
ئێستە بۆنی زولفی یارم لەم قەڵای بۆکانە کرد
بۆنی عیشق و خۆشەویستی دێ گوڵم، من تێکچوو وم
یان ئەتۆی لەوجێ شەماڵ دێ زولفەکانت شانە کرد
من کە ڕووی میحراب و ڕێی مزگەوتەکەم لێ ڕەش کرا
ناعیلاج بەم پیرییەی خۆم ڕووم لەنێو مەیخانە کرد
ئەم گڕ و لەرز و تەبە چی بوو بە جامێ گرتمی
ساقی مەرگی خۆت بڵێ پێم چیت لەنێو پەیمانە کرد
ئاگر و ئاوت لە یەک پەیمانە تێکەڵ کردوە
ڕەببی ڕزگار بی کە ئەم ئیشەت گەلێ جانانە کرد
هەرچی سۆفی پێی کوتم عاشق مەبە چون شێتییە
زەڕڕەیەک بەقسەم نەکرد قەت قەت لەگەڵ ویم تا نەکرد
حاجی بەردێکی لە شەیتان گرتوە، مەغروور بووە
ئێوە شاهید بن کە من پشتم لە ئەو شەیتانە کرد
کامە مەجلیس بوو کە «ئاسۆ» ڕێ درا و هیچی نەکوت
تا بە شێعری ئاشقانە مەحشەری بەرپا نەکرد

**ماموستا ئاسۆ**

## شاهی عەشق

ئاگرت کردۆتەوە، وا لەم دڵە پڕ سۆزەدا
سینە سووتاوە لە دووری تۆ، ئەلەم نەورۆزەدا

پێش بەهار گەر بێت و چاوی من بە دیدارت کەوێ
دەبمە شاهی عەشق ئەلەو سەرکەوتنە پیرۆزەدا

تا بەکەی نەیلێم کە چەندە خۆشەویستی،خۆشەویست
لێگەڕێ با بڕژێ ئەم ئاوە لە ناو ئەم گۆزەدا

با هەناسەت وەک نەسیمی بای بەهاری هەڵمژم
تاکوو ڕووخساری عەشق بێتە دەرێ لەم تۆزەدا

وا شکۆفەی دارەکان سەریان نەوی کردوە،ئیتر
خۆت دەزانی وا لەبەر خونچەی گوڵی ئەم ڕۆژەدا

گەر ئەوینداری عەیب بێ با عەیبدار بم عەزیز
داپۆشە عەیبی من لەو پەرچەمە ئاڵۆزەدا

زۆر چەلی وایە بە دڵ پێم خۆشە خۆم قوربان بکەم
خاڵە ناوێرێ هەرات کا وا لە نێو ئەو هۆزەدا

**خاڵە قازی**

چەند بەشێک لە :

## لاوکی هەڵەبجە

بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچێنێت
تەمو مژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیڕفێنێت
...
گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان

سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەم شەوە ڕایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسکەو – با – دەچێنێت

بە تەنیا جێی مەهێڵن

منداڵێکی لاسارە
شار بەردەباران دەکات
مانگ دەکات بە کۆلارە

سوارە، چ شۆڕەسوارێک
ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە گۆرانی و تیشک و ماچ
سەر زەمین بەرین دەکات

با کەژاوەی لە گوڵا بێت
یان لە پەلکەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەم شەو پاشای ئەڤینە

ئاشقێکی لاسارە
بروسکەو – با – دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیفڕێنێت.

**ڕەفیق سابیر**

هەڵە چێنی

# کاوەی ئاسنگەر تۆمەتباری ڕیزی یەکەمە

لە سەردەمی ئێمەدا کوفر و ئیلحاد گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی و دونیا بەرەو هەڵدێرگە دەبات. بەڵام بە خۆشییەوە شەعبەکە هۆشیارە و وردە وردە دیاردەی وا ظاهیر دەبن کە تروسکایی هومێدیان پێوە دیارە. بۆ ئەوەی ئەم تیشکی هومێدە زیاد بکات و بەسەر کوفردا موسەیطەڕ بێت، پێویستە زیاتر هەوڵی بۆ بدەین.

بە داخەوە، سەیطەڕەی بیروباوەڕی شیرک و بوتپەرستی، هەموو جیهانی تەنیوەتەوە و ئەم شیرکە بووەتە هۆی ئەوەی جەماعەتێکی زۆر، لە نەریتی باو لابدەن و تووشی ڕێگای نەشیاو بن. دوو کەس لەم سەردەمەی ئێستاماندا زۆر تاوانبارن و پێویستە پیلانی نگریسیان ئاشکرا بکرێت. ئەم دوو کەسە یەکیان ناوی ئوونس ئیبنی ڕەئووف، ئیبنی مەحموود، ئیبنی سەعیدە. ئەم ئوونسە تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە کە لە دونیای ئاخیرەتدا لە ڕووباری شیر و هەنگوین و شەڕابەنطەهوور بێبەشی دەکات. تاوانباری دووهەم ناوی تەوفیقی ئیبنی مەحموودی مەصرەفە. ئەوەی تەوفیق و ئوونس کردوویانە تاوانێکی زۆر گەورەیە و ڕەنگە کەس ئامادە نەبێت، لە دونیای دیکەشدا داوای عەفوو و لێبووردنیان بۆ بکات.

ئەم تەوفیق ناوە، لە دانانی شێعرێکی موبتەزەلدا کە باسی سنگی ئافرەت دەکات، خەڵکی بەرەو گەورەکردنەوەی جێژنی بوتپەرستان هان داوە و لە دێڕە شێعرێکدا دەڵێت: تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا/ قەڵغانی گوللە، سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا. هەر ئەم شێعرە موبتەزەلە بۆتە وێردی سەر زمانی هەندێک لۆتی و پۆتی و لەگەڵ مۆسیقای حەرام دەیلێنەوە. پێویستە ئەوەش بزانن هەر کەسێک لەسەر ئەم دونیایە، بەمجۆرە باسی سنگی ئافرەت بکات، لە دونیای دیکە چاوی خێل دەبێت و لە دوورەوەش یەکێ لە حەفتا حۆریەکە نابینێت.

ئوونس هاتوە شێعرێکی لەوەش مەترسیدارتری داناوە کە لە دێڕێکی‌دا دەڵێت: ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین / دینمان ئایینمانە نیشتمان.

بەر لە هەموو شتێک ئەم ئوونسە دەبوایە خۆی ساغ بکردایەتەوە، ئاخۆ مەبەستی کام نیشتمانە. ئەگەر مەبەستی نیشتمانە باڵابەرزە ڕووبەخاڵەکەی دراوسێمانە، بە خوای حەوت ڕووحی لەبەردابێ یەکی پێوە ناهێڵم. نیشتمانی خۆمە و بە حەفتا حۆریەکەی لای خۆمانی ناگۆڕمەوە. ئەگەر لە جیاتی وەطەن دەڵێت نیشتمان ئەوە دەبێ ئەم نیشتمانە بە طا بنووسرێت و لێرەدا نیشطمان دروستە. ئەو کات ئەم ئوونسە کافرە بە شاهیدی هەمووتان لە ڕووبارەکانی ئاوی زەمزەم و هەنگوین و شیر و شەڕابەنطەهوور چاوی بە قەطرەیەک ناکەوێت.

بەڵام ئەوەی لەو ناوەدا لە هەموویان تاوانبارترە، کاوەی حەدادە. هەر ئەو کاوەیە کە لێرە پێی دەڵێن کاوەی ئاسنگەر. وەک لێی دەگێڕنەوە، سەرچاوەی تەجزیەطەڵەبییە. دژی تاکە پادشای مەملەکەت کە فەرمانی بەسەر بەحر و بەڕدا کردوە، سەری هەڵداوە و دەڵێن پاشان ئەو فەرەیدوون و مەرەیدوون و کۆرش و مۆرشە بە دوای ئەو کاوەیە دا هاتوون و جێژنێکی ئاگرپەرستانیشی بەناوی نەورۆز لە دوا بەجێماوە. هەر ئەو کاوەیە وای کردوە جەماعەتی ڕەشوڕووت و ئوممی ڕوویان ببێتەوە و ددانیان لە گەورە پیاوان سپی بێتەوە بەم جۆرەی ئێستا کەس سەنەی کەس نەخوێنێتەوە.

ئێستا کە شێعرەکەی ئەو ئوونسە دەخوێندرێتەوە، هێندێک کەس دەڵێن ئەو کاتەی شێعرەکە وەک سروود خوێندرایەوە، دەبێ بە گەورە و بچووکەوە یەکپێ هەڵبستنە سەرپێ و تا سروودەکە کۆتایی پێ‌دێت بە پاوە بوەستن. ئەگەر بەقسەی من دەکەن، لەو کاتەدا ئەوەندە قوونتان مەبزێون، پەنجەی دەبەر وەبچێت. چونکە باش دەزانم هەر ئەو پەنجەیە تووشی کێشەمان دەکات...

دەڵێن دواترێ هەر ئەو ئوونسە چۆتە ناو حزبی کافر و مولحەدی شیوعی و ناوی خۆی ناوە دڵدار و تەوفیق ناوەکەش دوای مردن بە «پێرەمێرد» ناسراوە. ڕیوایەتێک لە زمان ڕیوایەتێکی دیکەوە ڕیوایەت دەکات کە ئەم دوو تاوانبارە لە ترسی سزای دواڕۆژ ناوی خۆیان گۆڕیوە.

لەو ناوەدا کاوەی حەداد تاوانباری ڕیزی یەکەمە و لە دونیای دیکە بەر لەوەی بگاتە پردی سیڕات و لەبەر پردەکە ئاگری چوارشەممەسوورە بکاتەوە، دەبێ لە لایەن موجاهیدەکانی خۆمانەوە لەناو ببرێت.

**مستەفا شێخە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 579 19 mar 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# کانوونی ئەدەبیی چریکە لە رێوڕەسمێکدا رێزی لە زمان و ئەدەبی کوردی گرت

کانوونی ئەدەبیی چریکە لە سەردەشت لە رێوڕەسمێکدا رێزی لە زمان و ئەدەبی کوردی گرت.

کانوونی ئەدەبیی چریکە رۆژی دووشەممە، ٢٢ ی رەشەممە بە بۆنەی رێزلێنان لە زمان و ئەدەبی کوردی رێوڕەسمێکی لە هۆڵی زانکۆی پەیامی نووری سەردەشت بە ناو «هیوا خەوتووەکان» بەڕێوە برد.

ئەو رێوڕەسمە بە خوێندنەوەی موناجاتنامەیەک دەستی پێ کرد و پاشان دەبیری کانوونی چریکە راپۆرتی کاری کانوونی پێشکەش کرد و دواتر لە لایەن بەرپرسی زانکۆی پەیامی نوورەوە باسی کاریگەریی ئەنجومەنەکان و کانوونەکان لەسەر کاروباری زانکۆ و خوێندکاران کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا بەرپرسی فێرگەی زمانی کوردیی سۆما وتارێکی لەبارەی کاریگەریی زمان لەسەر مرۆڤ پێشکەش کرد و لە درێژەی رێوڕەسمەکەدا چەند وتار و بابەتێک لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی خوێندرانەوە و نواندن و پێشکێش کردنی چەند پارچە موسیقایەکی سوننەتیش نێوئاخنی بەرنامەکانی ئەو رێوڕەسمە بوون.




# سڕینەوەی رۆژی جیهانیی ئەیدز لە رۆژژمێری رەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران!




سەرەڕای بوونی زیاتر لە ١٠٠ هەزار تووشبوو بە نەخۆشی ئەیدز، بە پەسندکرانی «شۆڕای باڵای شۆڕشی فەرهەنگی» و تەئیدی سەرکۆمار، رۆژی جیهانیی ئەیدز کە لە رۆژی ١٠ی سەرماوەزدا بوو لە رۆژژمێری رەسمیی ئێران دا نەماوە.

سڕینەوەی رۆژی جیهانیی ئەیدز لە رۆژژمێری رەسمیی کۆماری ئیسلامی لە کاتێک دایە کە بە پێی ئاماری وەزارەتی تەندروستیی ئێران، هەر ئێستا زیاتر لە ٢٣ هەزار کەسی تووشبوو بە نەخۆشی ئەیدز لە ئێران ناسێندراون بەڵام نزیکەی ٥ ئەوەندەی دیکە، بە نەناسراوی ماونەتەوە و ئەوەش لە کاتێک دایە کە وەزارەتی تەندروستی لە ماوەی رۆژانی رابردوودا لەمەڕ گەڕانەوەی شەپۆلی دووهەمی ئەیدز، راگواستنی ئەو نەخۆشییە لە رێگەی لێدانی دەرزیی هاوبەشی مادە هۆشبەرەکان وریایی دابوو، و مەترسیی ئەو نەخۆشییەی بۆ هەموو حەشیمەتی وڵات بە جیددی زانیوە.

بەهرام یەگانە، جێگری پێشووی وەزارەتی تەندروستی کە لە دەورەی بەرپرسایەتیی ئەودا، پەرەسەندنی نەخۆشییەکە لە ئێران گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، ئێستاکە بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەخۆشییە رەفتارییەکانی لە ئەستۆیە و رەخنەی لە سڕینەوەی رۆژی جیهانیی ئەیدز لە رۆژژمێری رەسمی دا گرتووە گوتویەتی «باشتر وابوو کە ئەو بۆنەیە لە رۆژژمێردا بمێنێتەوە چونکێ ئاماژەیەکە بۆ پێشگرتن، ئەویش لە کاتێکدا دەزانین پێشگرتن لە دەرمان باشترە».

# وەزارەتی ئێرشاد رێگری لە رێزلێنانی فەرهادی کرد



وەزارەتی ئێرشادی ئیسلامیی ئێران رێگەی نەدا کە مەراسیمی رێزلێنان لە دەرهێنەری فیلمی جیابوونەوەی نادر لە سیمین بەرێوە بچێت.

پاش ئەوەی ئەنجومەنی باڵای دەرهێنەرانی سینەمای ئێران و کانوونی دەرهێنەران بەنیاز بوون بە بۆنەی سەرکەوتنی فیلمی جیابوونەوەی نادر لە سیمین لە ڤێستیڤاڵی ئۆسکار مەراسمێکی رێزلێنان بۆ ئەسغەر فەرهادی دەرهێنەری ئەو فیلمە بەڕێوە بچێت وەزارەتی فەرهەنگ و ئێرشادی ئیسلامیی ئێران، رێگری لێکردن و رایگەیاند هەرکەسێک ئەو کارە بکات ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێت.

لەبەرامبەردا ئەو رێکخراوەیە لە نامەیەکدا وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان، دەستخۆشییان لە فەرهادی کردوە.

جێی باسە پاش ئەوەی فیلمی جیابوونەوەی نادر لە سیمین خەڵاتی ئۆسکاری پێبەخشرا بەرپرسانی ئێرانی نەتەنیا پێشوازییان لەو خەڵات نەکرد بەڵکو چەندین کەند و کۆسپیشیان بۆ دەهێنەرەکەی دروست کرد.

# داخرانی بڵاوکراوەی «چاند» لە ورمێ



بڵاڤۆکی «چاند» سەر بە «دامەزراوەی فەرهەنگی و هونەریی ئەندێشەی ئەحمەد خانی» لە ورمێ داخرا.

بە پێی راپۆرتەکان، بڵاڤۆکی فەرهەنگی و هونەریی چاند کە بە زاراوەی «کرمانجیی باکوور» چاپ و بڵاو دەکرایەوە، پاش بڵاو بوونەوەی دووهەمین ژمارەی خۆی و بە پێی بڕیاری وەزارەتی فەرهەنگ و ئێرشادی ئیسلامی ئێران داخرا.

دامەزراوەی فەرهەنگی ـ هونەریی ئەحمەد خانی کە نزیکەی ١٠ ساڵ لەوەپێش لە لایەن پۆلێک لە رووناکبیران و چالاکانی فەرهەنگی و ئەدەبیی کوردستان لە شاری ورمێ دامەزرا، تا ئێستا کۆمەڵێک چالاکیی بەنرخی کولتووری و ئەدەبییان ئەنجام داوە و بە بەڕێوەبردنی سمینار و چالاکیی بەکۆمەڵ دەورێکی کاریگەریان لە نێو کوردەکانی باکووری کوردستانی ئێران دا گێڕاوە.

# دەست پێکردنی دووەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی کوردستان لە هەولێر



رۆژی پێنجشەممە، ٢٥ ی رەشەممە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوان لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێر دەستی بە کارەکانی کرد. ئەو کۆنفرانسە بە ئامادەبوونی بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و چەند بەرپرسێکی ئیداری و سیاسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوەکانی لاوان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە دروشمی «لە پێناو یەک گوتاری نەتەوەیی لاوانی کورد»دا دەستی بە کارەکانی کردوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە ساڵیادی کارەساتەکەی هەڵەبجە راگەیاند کە راستە لەو کارەساتە قوربانییەکی زۆرمان دا، بەڵام بەخوێنی ئەو شەهیدانە دەستکەوتی گەورەمان بەدەست هێناوە و ئەم مانگە مانگی قەدەری کوردە و مزگێنی گەورەتریش بۆ کورد هەر لەو مانگەدا دێ.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر مافی چارەنووس و رایگەیاند کە مافی چارەنووس مافێکی شەرعی و ئاساییە و خوادا بە ئێمەی داوە و لەگەڵ ئەوەنین دەوڵەتێک یان لایەنێک مافی ئێمە بدا، بەڵکوو ئەوان دەبێ دان بە مافەکانماندا بنێن.

مەسعوود بارزانی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا رایگەیاند کە مەرجی هەر سەرکەوتنێک بۆ کورد یەکریزی و تەبایی ماڵی کوردە، لەبەر ئەوە بەشانازییەوە دەڵێم لەم بوارە هەنگاوی باشمان هاویشتوە و سەرکەوتنی باش بەدەست هاتوە، تا ڕادیەکی زۆر ماڵی کورد رێک خراوە، شەڕی کورد و کورد نەماوە و هەتا هەتایە نابێ ئەوە روو بداتەوە.

شایانی باسە کە هەیئەتێکی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش پێکهاتوو لە بەڕێزان عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی، برایم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە شاری هەولێر و نەسرین حەداد سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و سکرتێری یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان مەنسوور سەمار بەشداری رێورەسمی دەستپێکی ئەم کۆنفرانسە بوون.



هەڵەبجە برینێکی سارێژ نەبوو

# بەڕێوەچوونی بەرنامەیەکی هونەری بۆ رێزگرتن لە هونەرمەند رەشید فەیزنژاد لە شاری سەقز

گرووپێک لە لاوانی کچ و کوڕی شاری سەقز بۆ رێزگرتن لە هونەرمەند رەشید فەیزنژاد بەرنامەیەکیان لە ساڵۆنی موجتەمەعی هونەری ئەو شارە بەڕێوە برد.

رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢١ی رەشەمە بەرنامەیەکی موزیک و گۆرانی بە بۆنەی هاتنی سەری ساڵ و رێزگرتن لە مامۆستا ڕەشید فەیزنژاد لەلایەن گروپێک لەلاوانی کچ و کوڕی شاری سەقز بە سەرپەرستیی هونەرمەند عەلی عابدی لە ساڵۆنی موجتەمەعی فەرهەنگیی ئەم شارە بەرێوەچوو.

ئەم گرووپە کە لە قوتابیانی هونەرمەند عەلی عابدی پێک هاتوون، ماوەی دوو ساڵە بەسەرپەرستی و لەژێر چاودێری وراهێنانی ناوبراو خەریکی پرۆڤەی مۆسیقان.



شایانی باسە تەوای ئەرک و راهێنان و پرۆڤەی ئەم گروپە لە ئەستوی هونەرمەند عەلی عابدی بووە.

بەر لە ماڵاوایی

# خەمێک بە گەورەیی تاوانی خنکاندنی شارێک

**قادر وریا**

٢٤ ساڵ بەسەر ئەو رۆژەدا رابرد کە رێژیمی گۆڕکراوی بەعس لە چاو تروکاندنێک دا بەشی قڕکردنی هەزاران مرۆڤ، بۆمبی کیمیایی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەدا باراند. ٢٤ ساڵە، هەڵەبجەو «٣/١٦» و مەرگی بە کۆمەڵی چەند هەزار ژن و پیاو، پیر و لاو و ساوا و مێرمنداڵی کورد، چووەتە سەر تاوانی «ئەنفال» و سەدان و هەزاران تاوانی دیکەی رێژیمی دڕەندەی بەعس.٢٤ ساڵە هەرچی لە بارەی «هەڵەبجە» و «ئەنفال»ەوە دەیخوێنمەوە و دەیبیسم و دەیبینم، لە رۆمان و لێکۆڵینەوە، لە لاوک و سروود و مۆسیقا و لە فیلم و تابلۆ و بەرهەمی هونەری، نەیانتوانیوە قووڵایی ئەو کارەساتانە، بەرینایی تاوانەکان و گەورەیی ئێش و ئازار و خەم و مەینەتی سەرچاوە گرتوو لەم تاوانانەم پێ نیشان بدەن. نەک لەبەر ئەوەی قەڵەمی بەتواناو ئەندیشەی دەوڵەمەند و مێشک و هەست و دەست و پەنجەی خوڵقێنەری ئەدەب و هونەری بەرز لە نێو ئێمەدا نەبووە بەڵکوو بەم هۆیەوە کەهیچ شاکارێکی ئەدەبی و هونەری و رۆژنامەنووسی ناتوانێ ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم تاوانە گەورانە بەجارێک بخاتە ڕوو.

ئەگەر نەمانەوێ هەست و بیر و ویژدانی خۆمان بەوتاوانەوە خەریک بکەین، دەتوانین رواڵەتی مەسەلەکە لای خۆمان سادە بکەینەوە و مرۆڤەکان تەنیا وەکوو ژمارە سەیر بکەین. بەڵام ئەگەر بمانەوێ وەک مرۆڤێکی بەویژدان و لەمەش زیاتر وەکوو تاکێکی بەهەڵوێست و خاوەن هەست و بیری نەتەوەیی بەرەورووی ئەوتاوانانە ببینەوە کە لە نەتەوەکەمان کراون، دەبێ خۆمان لە جێگای ئەو کەسانە دابنێین کە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران. دەبێ بچینەوە نێو قووڵایی ئەوساتانەی ئەوکارەساتانەیان تێدا خوڵقا. دەبێ ئەو وەحشەت و نیگەرانی و بێ پەنایی و ناهومێدییانە وێنا بکەینەوە کە مرۆڤەکانی هاوزمان و هاونەتەوەمان لەوساتەوەختانە دا، تووشی ببوون. هەرکام لەو بەکۆمەڵکوشتنانە، لە هەناوی خۆیان داڵە سەدان و هەزاران رووداو پێک هاتوون. لە سەر هەر یەکێک لەم رووداوانە، بۆ وێنە تێداچوونی بنەماڵەیەک، هەڵوێستە بکەین ، لە ژانی لێکدابران و زیندەبەچاڵ بوونی خەون و خۆزگە و ئاواتەکانیان و داخ و کەسەر و مەینەتی کەسوکاریان وردبینەوە، لەوانەیە کەمتاکورتێک هەست بە ژان و ناسۆری گۆشەیەکی بچووک لە کۆی تاوانەکە بکەین. لەبیرمان نەچێ هەرمرۆڤێک بەو پێوەندییانەی لەگەڵ دەور و بەری خۆی دا دروستیان دەکا، بەو خەون و خەیاڵ و بیرەوەری و ئاواتانەی لەگەڵیان دا دەژی، بەو کاریگەرییەی لەسەر بنەماڵە و کۆڵان و گەڕەک و گوند و شاری خۆی هەیەتی، جیهانێکی بچکۆڵەیە.

ئێمە ئەو کاتانە هەست بەو گەورەیی یەی هەر مرۆڤێک دەکەین کە نەک لەگەڵ سەدان و هەزاران مرۆڤی دیکە و لە رەوتی شاڵاوێک دا، بەڵکوو بە تەنیا دەمرێ. لە دۆخی ئاسایی دا کە ئازیزێکمان دەمرێ، هەست دەکەین کە لە ژیانی دایک و باوک و خوشک و برا و ژن و منداڵ، کەسو کار و دەروجیران و ناسیاوانی دا، لانیکەم بۆ ماوەیەک چ بۆشایی یەک دروست دەکا. سروشتییە کە ئەگەر ئەو مردنانە سەر لە هەزاران کەس بدا و مردنیشیان بە هۆی تاوانێکی دڕندانەوە بێ، مەینەت و ناسۆری لە دەستدانیان لە سەر کەسوکار و نیزیکانیان جارانی هەزارو هەزاران دەبێتەوە.

لە هەڵەبجە و لە گەرمیان و لە بارزان و لە هەر شوێنێ کە شاڵاوی ئەنفال و گازی کیمیاوییان گەیشتۆتێ، هەر بەتەنیا سەدان و هەزاران مرۆڤی کورد گیانیان لێ نەستێندراوە. هەزاران و دەیان هەزاری دیکەش، ئەگەرچی گیانیان لەبەردا ماوە بەڵام ژیانیان بەدۆخێکی ناسروشتی دا تێپەردەبێ، چوونکە جێگای بەتاڵی کەسوکارە بەناحەقکوژراوەکانیان و شوێنەواری رەوانیی لە دەستدانی بەکۆمەڵی دایک و باوک و خوشک براو، کچ و کوڕ و دەزگیران و ژن و مێرد و ئاشنا و رۆشناکانیان بۆ ساتێکیش بەجێیان ناهێڵێ.

٢٤ ساڵ لە تاوانە گەورەکەی کیمیایی بارانی هەڵەبجە ڕابردوە. رواڵەتی شار، گۆڕانی بەسەر داهاتوە، بەڵام ناخی خەڵکەکە وەک رووخساریان، ناشاد و ماتەمبارە. ماتەمی لە دەستدانی پێنج هەزار ئازیز و کەسوکارلە تاوانێکی ئاوا گەورە و لە بەرچاوی جیهان، هێشتا بە ناخەکان و روخسارەکانەوە دیارە. چی بکرێ بۆ ئەوەی سارێژ بوونەوەی ئەم برینە لە جەستەی مێژوومان دا، ئەوەندە درێژەخایەن نەبێت؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تاوانە گەورانە نەک هەر لە دژی نەتەوەکەمان، بەڵکوو لە دژی هیچ نەتەوەیەکی دیکە دووپات نەبێتەوە؟ چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەم تاوانە هەمیشە لە بیرەوەیی نەتەوەییمان دا، بە زیندویی بێڵینەوە بەڵام نەک بۆ ئەوەی هەمیشە لە ماتەم دا بین، بەڵکوو بۆ ئەوەی قەدری ئەو دەستکەوتانە بزانین کە «هەڵەبجە» کانمان لە نرخیان داوە؟.